# ئێتنۆگرافیا

# و

# یەکێتیی ئێتنیکیی کورد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئێتنۆگرافیا

# و

# یەکێتیی ئێتنیکیی کورد

د. ڕەشاد میران

ناوی کتێب: ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئێتنیکیی کورد
نووسینی: د. ڕەشاد میران
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٥٩
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٦٦ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

قسەیەکی باوی پسپۆڕانی ئێتنۆگرافیا هەیە دەڵێ: ئەگەر تەنیا نەتەوەی خۆت بناسی، ئەوا ئەویشت نەناسیووە؛ ئەم قسەیە زۆر راستە، بۆیەش هەر لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەمیشە خەڵکێک هەبووە (زانا، فەیلەسوف، مێژوونووس، گەڕیدە، بازرگان، سیاسەتمەدار، سەرکردەی جەنگی...) کە بەدوای زانیاریدا گەڕاون دەربارەی میللەت و نەتەوە و گرووپەی خەڵکی جۆراوجۆر لە هەموو کونجێکی دنیادا. زانیاری دەربارەی ئەوانیتر نەک هەر سوودمەند و بەچێژە، بەڵکو لە هەمان کات بەراوردکردنیشە لەگەڵ خۆ - ئەو بەراوردکردنەشە وا دەکات مرۆڤ زێتر دەربارەی خۆی بزانێ.

کەڵەکەبوونی زانیاری، هەر لە زووەوە، دەربارەی ئێتنۆسان (خێڵ، گرووپە خێڵ، گرووپەی ئیتنیکی، میللەت، نەتەوە...) و دروستبوونی را و بۆچوونی جۆراوجۆر و ناکۆک بەیەک لەسەریان بوو بە زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی زانستێک بەناوی ئێتنۆگرافیا بۆ ئەم بوارە - واتە بواری ئێتنیکی.

بواری ئێتنیکی، کە خۆی لە لایەنی نەتەوەییدا دەنوێنێ، هۆکاری سەرەکییە بۆ لێک جیاکردنەوەی کۆمەڵگایان - سستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان لێک نزیک، یان رەنگە وەکو یەک بن؛ بەڵام ئەوەی تایبەتمەندیی بەهەر

یەکیکیان دەبەخشێ و لە یەکدییان جیا دەکاتەوە لایەنی نەتەوەییە – بۆیەش هیچ کۆمەڵگایەک بێ لایەنی نەتەوەیی نابێ. ئێتنۆگرافیا بۆ ئەم مەبەستە، واتە دیاریکردن و روونکردنەوەی لایەنی نەتەوەیی هەر کۆمەڵگایەک، هەروەها پۆلینکردنی کۆمەڵبوونەکانی مرۆڤایەتی بەپێی مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکان، وەکو زانستێک میتۆد و تیۆریی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئێتنۆگرافیا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا سەنگ و بایەخی خۆی هەیە، کەچی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هێشتا، وەکو پێویست، ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە – ئەگەرچی ئەمانەی دوایی، پێش هەمووشتێک، بۆ خۆناسین گەلێک زێتر پێویستیان بەم زانستە هەیە. جا لێرەدایە گرنگیی هەبوونی کتێبێک لەسەر ئێتنۆگرافیا و تیۆریا و میتۆدەکانی کارکردنی، بەم بۆنەیەشەوە ئەمە یەکەمین کتێبی زانستی– ئەکادیمییە لەسەر ئەم بابەتە بە زمانی کوردی – هیوادارم خزمەتێکم گەیاندبێت بە زانست و بە زمانی کوردی.

د. رەشاد میران

هەولێر ٢٠٠٩

# ئێتنۆگرافیا

## گرنگی و دەور و بایەخی

ئێتنۆگرافیا زانستێکە دەربارەی میللەتان لە ڕووی پێناسەکردن، دەستنیشانکردنی مەرج و ماکی ئێتنیکی و ڕەوتی مێژوویی دروستبوونیان، هەروەها دەربارەی هەموو دیاردە و توخم و پڕۆسەیەکی نەتەوەیی کە کاریگەری و جێپەنجەیان بەسەر میللەت و نەتەوەکانەوە هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش ئێتنۆگرافیا میتۆدی زانستی و شێوازی کاری مەیدانیی تایبەتیی خۆی هەیە.

ئێتنۆگرافیا وشەیەکی یۆنانیی کۆنە لە دوو بەش پێکهاتووە: ئێتنۆس (میللەت، نەتەوە)، گرافۆس (وەسفکردن) – واتە وەسفکردنی میللەتان؛ ئەمە مانای کۆنی ئەم وشەیە، کەچی ئێستا ئێتنۆگرافیا وەکو زانستێکی سەردەم تەنیا بە وەسفکردنی میللەت و نەتەوە و گرووپە ئێتنیکییەکانەوە ناوەستێ، بەڵکو شیکردنەوەی توخم و ڕەگەز و دیاردە و پڕۆسە ئێتنیکییەکان بە ئەرک و ئامانجی سەرەکیی خۆی دەزانێ... ئەگەرچی لە هەندێ وڵات هێشتاش تەنیا وەسفکاری بە ئێتنۆگرافیا دەسپێرن و بۆ شیکردنەوە و تۆژینەوەی تیۆری لەسەر میللەتان زانستێک بەناوی «ئێتنۆلۆژیا» بە ڕەوا دەزانن[1]– بەڵام بەگشتی، ئێتنۆگرافیا بە هەردوو ئەرکی سەرەوە هەڵدەستێ.

---

1- U.V.Bromley, G.E. Markov; Etnografya, Moskva , 1982, 4

ئێتنۆگرافیا وەکو زانستێک لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا و رووسیادا[2]، دروستبوو، ئەوەش دوای ئەوەی دەرکەوت کە زانیارییەکی زۆر دەرباری میللەت و نەتەوە و گرووپە ئێتنیکییەکان، بەرێگەی زانستەکانی ترەوە، بەتایبەتیش جیوگرافیا، کۆبووەتەوە و کەڵکەبووە و، ئەم زانیارییانەش، پێویستیان بە پۆلینکردن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانستانە هەیە؛ ئەوەش چونکە زۆر جاران، ئێستاشی لەگەڵ دابێ، نکۆڵی لە بوونی میللەت و نەتەوان کراوە و مافەکانیان پێشێل کراون، یاخۆ بەبێ بنچینە و بەمەبەستی دابەشکردن گرووپە خەڵک بە میللەتی سەربەخۆ دانراون. لەم رووەوە، بۆ دانانی رێسا و پرەنسیپی زانستی لە پێناو دیاریکردنی میللەت، نەتەوە یان هەر گرووپەیەکی ئێتنیکیدا و هەروەها بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەموو بۆچوون و تیۆر و سیاسەتێکی شۆڤێنی و رەگەزپەرستانە کە هەندێ جار دەخرانە نێو چوارچێوەیەکی «زانست» یانە - پێویستیی لە رادەبەدەر بۆ زانستێکی وەکو ئێتنۆگرافیا خۆی نواند.

گرنگی و بایەخی ئەم زانستەش، پێش هەموو شتێک، لە بابەتەکەی دایە - واتە میللەت یان نەتەوە یان هەر گرووپەیەکی ئێتنیکی، چونکە ئەمانە جۆری تایبەتی و کاریگەرن لە کۆمەڵبوونی خەڵک بۆیە دەبێ زانستانە دیراسەبکرێن - ئەویش بە پەیرەوکردنی میتۆد و پرەنسیپەکانی زانستی ئێتنۆگرافیا. لێرەشدا پێویست بە ئاماژەکردن دەکات کە هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێکی خەڵک ناکەونە نێو قەوارەی

---

2- S.A.Tokarev; Istorya Zarobejhnoy Etnografi ,Moskva,1978,24 .
U.V.Bromley, G.E.Markov; Etnografya , Moskva , 1982,25

«ئێـتنیکی»یەوە، لەبەرئەوەی بنچـینە و بنەمـای جـۆراوجـۆر هـەن بۆ گردبوونـەوە و کۆمـەڵبـوونی خـەڵک و پێکهێنانـی گرووپە و پێکـهاتەی جـیاجـیا وەکـو: ئاین، دیالێکت و شـێوەزار، ناوچـەی جـوگـرافی کـە هـەریەک لەم بـنچـینە و بنەمـایانە و هـی تریش، جاری وا هـەیە، لە ناو خـودی مـیللـەت یان نەتەوەیەکـدا گرووپەی تایبـەتی دروست دەکـەن – ئەمـانـە ئەگـەرچی تـایبـەتمەنـدیی خـۆیان هـەیە، بەڵام بەرەچاوکـردنی مـەرج و مـاکـە ئێـتنیکیـیـەکـان، کـە دواتر بەراشکاوی لەسـەریان دەوەسـتین، هەر وەکـو بەشێک لە میللـەت و نەتەوەکانیـان دەمـێننەوە. جـا، مـیللـەت یان نەتەوە، یان بەزاراوەی ئێـتنۆگـرافـیـا – ئێـتنۆس، دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر و لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزە و بەئاسانی دەسنیشـان ناکرێ، بەڵکو تەنیا بە رەچاوکردنی پرەنسـیپـەکانی ئەم زانسـتـە، پێش هەمووشـیـان مەرج و مـۆرکـە ئێتنیکیـیـەکـان، تۆژەر دەتوانـێ بەدڵنیـاییـەوە پێناسـەی مـیللـەت یان نەتـەوە یان گـرووپەی ئێتنیکی بە کۆمـەڵەیـەک ببـەخشـێ؛ لەلایەکی تریشـەوە، ئێتنۆگـرافـیا بایـەخی پراکـتـیکیی هەیە کـە لە ژیانی واقـیـعـیـدا رەنگ دەداتەوە بەتایبـەتیش لە بوارێکی گرنگی وەکو سیاسـەت – گومان لـەوەدا نییـە کـە زۆربەی هـەرەزۆری دەوڵەتان، ئـیـمـرۆکـە و هـەر لە کـۆنیـشـەوە، فرەنەتەوەیی یان فرەئێتنیکین، واتە زێتر لە نەتـەوەیەک لەخۆ دەگرن و بۆ بەرێوەبردنی رەوشـێکی ئێـتنیکیی لەم بـابـەتە لـە دەوڵەتێکدا، بێگومـان، پێویست بە زانیـاریی زانسـتانە دەکات لەسـەر ئەو میللەت و نەتـەوە و گـرووپانـەی تێـیدا دەژین، بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی ئەم دەوڵـەتە زانسـتانە دانیشـتوانی وڵاتەکەی خۆی بنـاسێ، بەشێوەیەکی راست و گونجـاو مـامـەڵەیان لەگـەڵدا بکات و سـەرکـەوتووبێت لە بـەرێوەبردنی

ڕەوشی وڵاتەکەدا. ڕەخساندنی زانیاریی ئێتنۆگرافیی زانستانە یەکجار پێویستە وەکوچۆن بۆ دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارانی وڵاتێک، ئاواش بۆ دانیشتوانەکەی بەگشتی تا بتوانن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست یەکتر بناسن و پێناسەی یەکتر بکەن و پێکەوە گوزەران بکەن. زیاد لەوەش، لە بواری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێکدا زانیاریی ئێتنۆگرافی هەرگیز بێبایەخ نییە – لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا، زانینی مەرام و ئارەزوو و ئێتیکێت و میزاجی نەتەوەیی و کولتووری دانیشتوانی ئەم وڵاتە تابڵێی گرنگە.

ئێتنۆگرافیا زانستێکی کۆمەڵایەتی – مێژووییە؛ کۆمەڵایەتییە لە ڕووی ئەوەوە کە لە میللەت و نەتەوان دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش پێش هەموو شتێک کۆمەڵبوونی خەڵکن – هەموو کۆمەڵبوونێکی خەڵکیش، بێگومان، سستەمێکی ڕێکخستنی دەبێ، واتە کۆمەڵگا پێکدێنێ. لێرەدا ئەرکی ئێتنۆگرافیا لەوەدایە کە دیراسەی ئەم سستەمە کۆمەڵایەتییە و توخمەکانی بکات بۆ دۆزینەوەی مۆرک و سیما نەتەوەییەکان تێیاندا؛ نەهەر ئەوە، بەڵکو توخمێکی سەرەکیی سستەمی کۆمەڵایەتی وەکو "کولتوور" کە لە هەمان کاتدا کاریگەرانە بە ئەرکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بابەتێکی گرنگی ئێتنۆگرافیایە و هەر ئەویشە هەموو مۆرک و ماکە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەخۆ و سیمای نەتەوەیی کۆمەڵگا دیاری دەکات. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە نە میللەت (نەتەوە) بێ کۆمەڵگا و سستەمی کۆمەڵایەتی دەبێ و نە کۆمەڵگاش بێ سیما و خەسڵەتی نەتەوەیی – بۆیە ئێتنۆگرافیا دەبێ هەمیشە لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات و دیراسەی بکات. جا لێرەشەوەیە کە پێوەندییەکی پتەو و نەپچڕاو هەیە

لە نێوان هەردوو زانستی ئێتنۆگرافیا و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆگیا) دا.

لە هەمان کاتدا ئێتنۆگرافیا زانستێکی مێژووییشە؛ ئەوەش چونکە ئێتنۆگرافیا دیراسەی رەوتی دروستبوونی بابەتەکانی خۆی دەکات کە بریتین لە جۆرەکانی کۆمەڵبوونی خەڵک و ئەمەش پێویست بە رۆچوون بەناو مێژوودرێژ دەکات - بۆ ئەمەش ئێتنۆگرافیا بوارێکی سەرەکیی تەرخانکردووە بەناوی "ئێتنۆگنێز" واتە رەوتی مێژوویی دروستبوونی ئێتنۆس... ئەم بوارەش پێویستییەکی لە رادەبەدەری دەبێ بە زانستی مێژوو. وەنەبێ مێژووش کەڵک لە ئێتنۆگرافیا وەرنەگرێ، بەپێچەوانەوە... کاتێک ئێتنۆگرافیا دیراسەی توخم و رەگەزەکانی کولتووری ئێتنۆسێک دەکات، بەتایبەتیش لەو قۆناغە مێژووییانەی کە زۆربەی هەرەزۆری ئێتنۆسان نووسین و ئاسەواری نووسراویان لە پاش بەجێ نەماوە، کۆمەڵێک زانیاریی مێژوویی بەنرخ بۆ ئەم زانستە دەرەخسێنێ؛ بۆیە هەردوو ئەم زانستە، مەبەست مێژوو و ئێتنۆگرافیایە، پێکەوە بەندن. هەروەها ئێتنۆگرافیا لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی تری وەکو: زمانەوانی، ئەدەب، جیۆگرافیا، ئاسەوارناسی، ئەنترۆپۆلۆگیا، دەروونزانی، ئابووری، یاسا... پێوەندیی تابڵێی نزیکی هەیە.

# چەمک و زاراوەکانی ئێتنۆگرافیا

ئێتنۆگرافیاش وەکو هەر زانستێک چەمک و زاراوەی خۆی هەیە کە بەرێگەیانەوە فەلسەفە و تیۆرەکانی خۆی دادەڕێژی؛ ئەوەش چونکە چەمک و زاراوەی زانستی مانای کتومتی بابەتەکە دەردەبڕێ و ڕێگەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و لابەلا نادات، بۆیە پسپۆر دەبێ هەمیشە بەکاریان بێنێ. لێرەدا چەمک و زاراوە هەرە سەرەکییەکانی ئێتنۆگرافیا روون دەکەینەوە:

### ئێتنۆس

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئێتنۆس وشەیەکی یۆنانیی کۆنە بەمانای میللەت یان نەتەوە؛ لە ئێتنۆگرافیادا ئەم زاراوەیە بۆ هەموو گرووپە خەڵکێک بەکار دێت کە خاوەن ماک و تایبەتمەندی بن و بەهۆیانەوە لە گرووپەکانی ترەوە جیاببنەوە – ئەمەش بۆ ئەوەیە چونکە تەنیا میللەت و نەتەوە گرووپەی خەڵکی تایبەت و جیاواز نین بەڵکو، وەکو دواتر دەبینین، گرووپەی جۆری تریش هەن کە جێگەی بایەخی ئێتنۆگرافیان، ئەمە لە لایەک؛ لە لایەکی تریشەوە، هەردوو وشەی میللەت و نەتەوە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی – مێژووییان هەیە، واتە ئەم جۆرە گرووپە خەڵکانە (میللەت و نەتەوە) لە قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی تایبەت و دیاریکراودان – کەچی ماک و مۆرکی ئێتنیکی لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا دەبن، ئەگەرچی بە

شێوازی جۆراوجۆر... بۆیە زاراوەی ئێتنۆس بۆ هەموویان بەکار دێت. لەم گۆشەنیگایەوە، پێناسەی زاراوەی ئێتنۆس بەم شێوەیە دەبێت: ئێتنۆس بریتییە *لە کۆمەڵبوونێکی کۆمەڵایەتیی جۆری تایبەت کە بەدەرە لە ئیرادەی ئەندامەکانی و ئەنجامێکی سروشتیی پرۆسەی مێژووییە*[1]. بۆ زێتر روونکردنەوەش دەڵێین کەوا ئێتنۆس هەیە تەنیا خێڵێکە، هەیە بریتییە لە کۆبوونەوەی چەند خێڵێک (هۆز، یەکێتیی خێڵەتی)، ئێتنۆسیش هەیە میللەت یان نەتەوەیە.

## کولتوور

واتە شێوازی ژیانی ئەندامانی ئێتنۆس کە بەهۆی توخمە کولتوورییەکانەوە (مادی و مەعنەوی) فەراهەم دەبێ؛ کولتوور بریتییە لە کۆی هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە مادی و مەعنەوییە جێگیرانەی کە دەوردەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی ئێتنۆس.

## مەرج و مۆرکی ئێتنیکی[2]

چەند مەرجێک هەن کە دەبێ لە کۆمەڵە خەڵکێکدا بەدی بکرێن بۆ ئەوەی بتوانین، لە ڕوانگەی ئێتنۆگرافیاوە، بە ئێتنۆسی لە قەڵەم بدەین – ئەو مەرجانەش لە هەمان کاتدا بۆ ئێتنۆسەکە دەبن بە نیشانە و مۆرک، چونکە بابەتین و بوونی واقیعییان هەیە و کاریگەریی گەورە و بەرچاویشیان هەیە بەسەر ئەندامانی ئێتنۆسەوە. مەرج و مۆرکەکانیش ئەمانەن: ناوی نەتەوەیی (ناوی ئێتنیکی)، زمان، خاک، مێژوو، کولتوور، سایکۆلۆگیای هاوبەش. دواتریش بەڕاشکاوی لەسەر هەریەک لەم مەرج و مۆرکانە دەوەستین.

---

(1) U.V.Bromley , G.E.Markov ; Etnografya ,Ibd, 5

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو

## پرۆسەی ئێتنیکی[١]

ئەو رەوتە مێژووییەیە کە ئەنجامەکەی بە دروستبوونی ئێتنۆس (ئێتنۆگنێز – Ethnogenesis) تەواو دەبێت؛ ئەم رەوتە مێژووییەش تابڵێی دریژ، ئاڵۆز، پڕرووداوە و توخم و رەگەزی زۆر و جۆراوجۆر دەوری تێدا دەبینن. لەم رووەوە، هەموو ئێتنۆسێک بەرهەمی رەوت و پرۆسەیەکی مێژووییە کە تێیدا کرداری ئێتنیکی روو دەدات – بۆیەش ئێتنۆس دیاردەیەکی وەکوچۆن کۆمەلایەتییە، ئاواش بەهەمان ڕادە مێژووییە.

## پرۆسەی مێژوویی

ئەو رەوتە مێژووییەیە کە چەندین قۆناغی مێژوویی – کۆمەلایەتی دەگرێتەخۆ (وەکو: کۆموونی سەرەتایی، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری) و ئێتنۆس پێیاندا تێدەپەڕێ و لە هەر قۆناغێکیشدا، ئێتنۆس، شەقڵ و سیمای تایبەت بەو قۆناغە وەردەگرێ.

## گرووپەی ئێتنیکی

ئەمە گرووپەیەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیایە لە گرووپە خەڵکی تری، بەلام نەبە پلەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و نەبە قەبارە لە ئاستی میللەت یان نەتەوە دایە و لە هەمان کاتدا ماک و مۆرکەکانی بەو رادەیە دیار و ئاشکرا نین تا بە میللەت یان نەتەوە لە قەڵەم بدرێ[٦].

---

(1) M.V.Krukov,E.Zelnov;Svod Etnografichiskikh Ponyatey I Terminov; Moskva,Nawuka1988,53-57

(6) U.V.Bromley; Ocherki Teori Etnosa; Moskva, Nawka,1983, 17-19

زۆربەی جارانیش گرووپەی ئێتنیکی بریتین لەو کۆمەڵانەی کە لە ئێتنۆسی خۆیان، لەبەر هەر هۆیەک بێت، دابڕاون – بۆ نموونە: کوردەکانی ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست (تورکمانستان، کازاخستان، ئوزبەکستان، قرگیزیا)، کوردەکانی ولاتانی قەفقاس (ئەرمێنیا، جۆرجیا، ئازەربایجان)، ئەفغانستان، خوراسان، ناوەڕاستی تورکیا، لوبنان، عەرەبەکانی تورکیا...

## ئێتنۆسێنتریزم

توندڕەوی لە ڕێبازی نەتەوەییدا؛ جەختکردن لەسەر بەهای نەتەوەیی خۆ و زاڵکردنی بەسەر ئەوانی تردا.

**میللەت** (**قەومییەت**، People)

ئەمە ئێتنۆسی قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووە، تێیدا هەموو مەرج و ماکە ئێتنیکییەکان خۆدەنوێنن بۆیەش لە ناوچەکەی خۆیدا دەور و سەنگی سیاسی و کولتووریی زۆری دەبێ – ئەگەرچی لەم قۆناغەیدا، ئێتنۆس، هێشتاش مەرج نییە یەکەیەکی ئێتنیکیی پتەو بێت، چونکە لە زۆر حاڵەتدا ئەم ئێتنۆسە دەکەوێتە بەر کاریگەریی هۆکارەکانی ترەوە، بۆ نموونە، هۆکاری سیاسی، کولتووری، جێوگرافی و لەبەر ئەمە بەڕادەیەک پەرتەوازەیی پێوە دیارە و ئەمەش بەتایبەتی لە ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامانی ئێتنۆسەکەدا ڕەنگ دەداتەوە... وەکو هەندێ سەرچاوە[٧] جەختی لەسەر دەکەن، ئەمە ئێتنۆسی قۆناغی دەرەبەگایەتییە (فیۆدالیزم) کە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی ئێتنۆس شەقڵ و سیمایەکی دیار و ئاشکرای ئەم قۆناغەیە، ئەوەش لەبەر

(7) F R. Its; Vvedenye V Etnografyu ,Leningrad 1974, 43

تایبەتمەندیی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووریی سستەمی کۆمەڵایەتیی فیۆدالیزم.

**نەتەوە (الامة، Nation)**[٨]

ئەمە پێشکەوتووترین شێوەی ئێتنۆسە و تێیدا مۆرک و ماکە ئێتنیکییەکان کاریگەرانە خۆدەنوێنن و رەنگدانەوەیەکی بەهێز و ئاشکرایان هەیە بەسەر هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامەکانییەوە، بۆیەش نەتەوە هەمیشە یەکێتییەکی ئێتنیکیی پتەو دروست دەکات... ئەم بارە، واتە هوشیاریی نەتەوەیی بەهێز و یەکێتیی پتەو، وا دەکات کە نەتەوە دەور و کاریگەریی گەورەی هەبێت لەسەر ئێتنۆسەکانی دەوروبەری و رۆڵی سیاسی و کولتووریی لە ناوچەکەیدا دیار و بەرچاو بێت... ئێتنۆسی نەتەوە هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆی وەدەسهێناوە، یان دەبێ وەدەسبێنێ.[٩]

## خۆناسیی ئێتنیکی

بریتییە لە هەستکردنی ئەندامانی ئێتنۆس بە ئینتیما بۆ ئەو ئێتنۆسە؛ ئەوەش تەنیا هەستکردنێکی سلبی و نیگەتیڤانە نییە، بەڵکو پڕهەڵوێستە و رەنگدانەوەی واقیعیی دەبێ لە پیادەکردنی توخم و رەگەزەکانی کولتوور و بەمەشەوە ئێتنۆس نەک هەر لە نەمان رزگاری

---

(8) Ibd, 43-44

(٩) ئێرنست گیلنەر نەتەوە پێناسە دەکات بەوەی بریتییە لە (کولتوورێکی هاوبەش و ئیرادەی پێکەوەژیان لە نێو یەکەیەکی سیاسیدا- واتە دەوڵەت) بڕوانە: ایرنست غیلنر؛ الامم و القومیة. ترجمة: د. مجید الراضي، دار المدي، دمشق ١٩٩٩ص١١١

دەبێ، بگرە گەشـە دەکـا و بەرەو پێشـیش دەچێ – بەبێ خـۆناسـیی ئێـتنیکی، بەبێ هەسـتکردن بە ئینتـیمـا بۆ ئێـتنۆس، ئیـتنۆس بوونی نابێ.(١٠)

## هوشیاریی نەتەوەیی

ئاستێکی هەرەبەرزی ئینتیمایە بۆ ئێتنۆس، ئەمەش هەمیشە لە نێو ئەنـدامـانی ئێـتنۆسـی نەتەوەدا دەبێ؛ ئەم جـۆرە ئینتـیمـایە تەنیـا هەسـتکردن و پیـادەکـردنی کـولتـووری نەتەوەیی نیـیـە، بەڵکو هوشـیـارییـەکی بەرزی ئەندامـەکـانیشی لەگەڵدا دەبێ – بنەمـای ئەو هوشیارییەش برتییە لە مەعریفەیەکی فراوان، لە رۆژگاری ئێستاشدا ئەو مـەعریفـەیە دەبێ زانسـتی بێت، دەربارەی ئێتنۆسـەکە بەگشـتی لە رووی: مێژوو، زمـان، کولتـوور، جوغرافـیا و هەمـوو لایـەنەکانی تری نەتەوەکەوە؛ بەگوتەیـەکی تر، ئەندامانی نەتەوە مەعریفـەیەکی زانستیی فراوانیان هەیە دەربارەی ماک و مۆرکە ئێتنیکییەکانی خۆیان، بۆیەش بەهەمـوو توانایانەوە شـیلگێرانە دەیانپارێزن و گەشـەیان پێ دەدەن – هەر لـەبەرئەوەشـە کـە نەتـەوە بەهێـزترین و پتـەوترین جـۆرەکـانی ئێتنۆسـە.(١١)

---

(10) U.V.Bromley; Sovremenniye Problemi Etnografi, Moskva(Nawuka),1981, 16

(١١) بندکت ئەندرسن سێ هۆکار دادەنێ بۆ مێژووی سەرهەڵدانی هوشیاریی نەتەوەیی لە ئەوروپادا، دووانیان پێوەندییان هەیە بە مەعریفەوە: سەرهەڵدانی چاپکردن و، بەهۆی ئەمەشەوە، وەرچەرخانی زمانە ناوچەییەکان بۆ زمانی ئیدارە و فەرمانڕوایی. بندکت ئاندرسن ؛ منابع الوعي القومي، ص٢٥-٣٣. في كتاب: القومية مرض العصر أم خلاصه؟ أعده للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي ١٩٩٥

## دایکسالاری (ماتریارخات)(١٢)

واتە دەسـەڵاتی دایک (ئافرەت)؛ مەبەست لەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتییە کە تێیدا رەسەنی بنەماڵە بە هێڵی ئافرەت دیاری دەکرا و هەمووجۆرە خزمایەتییەک دەبوایە بچێتەوە سەر ئافرەتان، بۆیەش ئافرەت پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی هەبووە.

## باوکسالاری (پاتریارخات)(١٣)

واتە دەسـەڵاتی باوک (پیاو)؛ ئەمە قۆناغی دوای دایکسالارییە و تێیدا هێلی پیاو بوو بە بنچینە بۆ دیاریکردنی خزمایەتی و پێوەندیی خوێن، بنەماڵە ئیتر بەناوی پیاوەوە ناودەبرا و پیاو بوو بە دەسەڵاتداری تەواو لە بنەماڵەدا، ئافرەتیش دەور و بایەخی پەراوێز کرا. ئەم وەرچەرخانەش پێوەندیی بە پەرەسەندن و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی- ئابوورییەوە هەبوو، کاتێک ئابووریی خێزان و بنەماڵە لە چالاکییەکانیدا (شوانکاری و کشتوکاڵی) پێویستیی بە هێزی بازووی پیاوەوە کرد.

## ئێکزۆگامیا(١٤)

واتە ژنهێنان لە دەرەوە؛ ئەم جۆرە ژنهێنانە لە ناو ئێتنۆسانی

(12) A. E. Pershits, D. Trayde; Svod Etnografichiskikh Ponyatey I Terminov; Moskva. Nawuka,1986,82

(13) Ibd ,131

(١٤) فریدریك انجلز؛ أصل العائلة والملكية الخاصة و الدولة. ترجمة الدكتور فواد أيوب، بلا مكان الطبع و التاريخ، ص١٧

بچووک، ئەوانەی هێشتا لە قۆناغی خێڵدا بوون، پەیڕەودەکرا و پیاوان ناچاردەبوون لە دەرەوەی ئێتنۆسی خۆیان ژن بێنن، بەتایبەتیش لە حاڵەتی زێدەبوونی ژمارەی پیاو لە بەرامبەر کەمبوونی ژمارەی ئافرەت – بۆ ئەم مەبەستەش، واتە دابینکردنی ژن بۆ پیاوان، زۆر جاران خێڵ ناچار دەبوو هێرش بکاتە سەر خێڵ و ئێتنۆسانی دەوروبەری. ئێکزۆگامیا لە حاڵاتی تریش پەیڕەودەکرا بۆ مەبەستی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری.

## ئیندۆگامیا(١٥)

واتە ژنهێنان لە ناوەوە؛ ئەمەش شێوەی ئاسایی ژنهێنانە کە پیاو لە ناو ئێتنۆسی خۆیدا ژن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ– ئەمەش دوای ئەوەی ئێتنۆس گەورە و فراوان دەبێ و دەتوانێ پێداویستییەکانی ئەندامانی خۆی، لە بواری ژنهێنان، دابین بکات. ئیندۆگامیا شێوازێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ پتەوبوونی ئێتنۆس و هەر ئەویشە وادەکات ئێتنۆس بمێنێتەوە و مەترسیی لەناوچوونی لەسەر نەمێنێ(١٦)– بەپێچەوانەی ئێکزۆگامیا کە ئێتنۆس بەرەو لاوازی و تەنانەت لەناوچوونیش دەبات.

---

(١٥) فريدريك أنجلز؛ هەمان سەرچاوە

(١٦) بروملیە، بودولني؛ الاثنوس والتأريخ، ترجمة طارق معصراني، موسكو دار التقدم، ١٩٨٨ ص٩٠

# کورتەیەکی مێژووی دروستبوون و گەشەکردنی زانستی ئێتنۆگرافیا

ئێتنۆگرافیا وەکو زانست، لە چاو زانستەکانی تر، مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵکو وەکو پێشتریش گوتمان، تەنیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە هاتە نێو کۆڕی زانستانەوە و دانی پێدانرا. پێش ئەو کاتە پسپۆڕانی تر بەکاری ئێتنۆگرافی هەڵدەستان، بەتایبەتیش جیۆگرافیناسان کە بەهەموو کونجەکانی جیهاندا دەگەڕان بۆ دیراسەکردنی سروشت و زەمین، لە هەمان کاتیشدا تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی دانیشتوانەکانی ئەم شوێنانە تۆماردەکرد - بەمەشەوە، شانبەشانی باری سەرنج و تێبینییەکانی مێژوونووسان و گەڕۆک و گەشتیاران، زانیاری و کەرەستەیەکی یەکجار زۆریان کەڵەکەکرد دەربارەی میللەت و نەتەوە و گرووپەکانی خەڵکی سەر رووی زەمین و ئەمە رەوشێکی لەباری رەخساند بۆ سەرهەڵدانی زانستێکی نوێ بەناوی ئێتنۆگرافیا.

لە سالانی ٣٠-٧٠ی سەدەی نۆزدەمەوە ئیتر دەزگا و دامەزراوەی ئێتنۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆگی لە ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا دامەزران بە مەبەستی بەکارهێنانێکی زانستانەی ئەو کەرەستە ئێتنۆگرافیانەی، دەربارەی میللەت و نەتەوە و کولتوور و شێوازی ژیانیان، کە تا ئەو کاتە کۆ بووبووەوە. زووترین ئەو دەزگایانەی

دامـەزران لە فـەڕەنسـا بوو بەناوی "کـۆمـەڵەی ئێـتنۆلـۆگـیی پاریس ١٨٣٩"؛ لە نیـۆیۆرک "کـۆمـەڵەی ئێـتنۆلۆجـیی ئـەمـەریکا ١٨٤٢"؛ لە بریتـانیـا سـاڵی ١٨٤٣ کۆمـەڵەی ئێتنۆلۆگی دامـەزرا کـە سـاڵی ١٨٧١ بـوو بـە Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland؛ لە ئەڵمانیا ساڵی ١٨٦٩ "کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆجی، ئێتنۆلۆگی و بەرلە مێژوو" دامـەزرا؛ هـەروەها ساڵی ١٨٧١ "کۆمەڵەی ئیتالیایی بۆ ئەنترۆپۆلۆگیا و ئێتنۆلۆگیا" لە فـەڕەنسـا و یەکێکیش بەهـەمـان ناو و هـەمان ساڵ لە ڕۆما دامـەزران.

جێگەی سـەرنجە کە، وەکو لە سـەرەوە دەرکەوت، زاراوەی ئێتنۆلۆگیا لەبری ئێتنۆگرافیا بەکار هاتووە، بەڵام پێشـتر، بەرلەوەی زانسـتێک بەم ناوەوە رابگەینرێ، وشـەی "ئێتنۆگرافیا" بەڕادەیەکی باش بەکار هاتووە – لە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەوە (ساڵی ١٦٠٧) لە ماگدیبۆرگ، لە ئەڵمانیا، نووسـەرێک بەناوی یۆهـان زۆمێر زنجیرە کتێبێکی دەرکرد بەناوی "Ethnographia Mundi"؛ لە کـۆتاییی سـەدەی هـەژدەم (سـاڵی ١٧٩١) لە یـۆرینبـێـرگ "Ethnographische Bildergallerie" و سـاڵی ١٨٠٨یش، هـەر بەزمـانـی ئەڵمـانـی، گـۆڤـاری Magazin fur Ethnographie und Linguistik دەرچوو؛ سـاڵی ١٨٢٠ ئـەلبـوومـێک دەربارەی جلوبەرگی میللی هـەنگاری بەناوی Ethnographia دەرچوو، هـەروەها ئادریانۆ بالبی سـاڵی ١٨٢٦ بـەزمـانی ئیـتـالی "Atlas Ethnographique"ی دەرکرد.[١٧]

بەهـەرحـاڵ، پەیابوونی چەمکی "ئێـتنۆلۆگـیـا" مـانای لەدایکبـوونی زانسـتێکی نوێی دەگـەیاند و لەسـەر پێشنیـازی زانای فـەڕەنسی لە

(17) S .A .Tokarev; Istorya Zarubejhnoy Etnografi , Moskva,1978, 25

بواری فیزیک و سروشت – ژان ژاک ئەمپێر کە ساڵی ١٨٣٠ خشتەی زانستە "ئەنترۆپۆلۆگییەکان" واتە زانستە مرۆڤایەتییەکانی دانا و تێیدا جێگەی ئێتنۆلۆگیای دیاریکردبوو و هەرزووش ئەم چەمکە کاری پێکرا. هەرچی لە رووسیا بوو چەمکی "ئێتنۆگرافیا" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بەکار هاتووە و هەروەکو ناوێک بۆ ئەم زانستە تاکو ئێستا ماوەتەوە.[١٨]

جگەلە زێدەبوونی هوشیاری و زانینی بایەخی نەتەوە و لایەنی نەتەوەیی وەکو بابەتێکی زانستی، هۆکاری تریش هەبوون کە دەوریان بینی لە برەودان بە زانستی ئێتنۆگرافیا و بەکارهێنانی لە بواری پراکتیکیدا؛ لەوانەش هۆکاری سیاسی، بەتایبەتیش لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کە لە ئەنجامی گەشەسەندن و بەهێزبوونیان دا بوون بە وڵاتی کۆلۆنیالی و گەلێ وڵاتیان داگیرکرد و دەستیان بەسەر میللەت و نەتەوەکانیان داگرت و ئەم وڵاتە داگیرکەرانە بۆ مەبەستی سیاسی و هەروەها بازرگانی پێویستیان بە دیراسەکردنی ئەم وڵاتانە و شارەزایی دەربارەی داوونەریت و خووروەوشت و شێوازی بیرکردنەوەی دانیشتوانیان بوو – بۆ نموونە، لە سەدەی نۆزدەدا برێکی یەکجار زۆر لە کەوچک و چەنگاڵ و چەقۆ بۆ سەر مێزی نانخواردن لە یەکێک لە پۆرتەکانی وڵاتی چین کەوتبوو و چینییەکان نەیاندەکڕی – چونکە ئەمان بۆ نانخواردن داروچکە بەکار دێنن[١٩]... بۆیە نەشارەزایی دەبووە هۆی زەرەر و زیانێکی ئابووریی زۆر.

بەڵام نابێ دروستبوون و گەشەکردنی ئێتنۆگرافیا ببەستینەوە بە

---

(18) U.V.Bromley;Ocherki,Ibd,1983,8

(19) S.A .Tokarev ; Ibd , 26

دامـەزرانی ئیمـپـراتۆریا کۆلۆنیالیـیـەکان، ئەمـە تەنیـا زەمینەیەکی مـێژوویی گشـتـی بوو نەک هۆکارێکی راسـتـەوخـۆی ئـەم پەرەسـەندنە؛ چونکە ئەو راسـتـییـەشـمـان هەیە کـە وڵاتێکی وەکو ئەڵمـانیـا ئەوکاتە، واتە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەم، هیـچ کۆلۆنیـایەکی نەبوو، کـەچی تێیدا ئێتنۆگرافیا بەڕادەی وڵاتێکی وەکو بریتانیا گـەشـەی کردبوو؛ لە هەمـان کاتدا لە فـەرەنسـای کۆلۆنـیالی ئێتنۆگرافیـا ئەو پێشکەوتنەی بەخـــۆوە نەبینیـــبـــوو[٢٠]. لێـــرەدا دەبێ رەچـاوی بنەمـــا فـــیکری و هزرییەکانی ئێتنۆگرافیاش بکەین.

(20) S .A .Tokarev ; Ibd, 27

# بنەما فیکری و هزریەکانی ئێتنۆگرافیا

هیچ زانستێک لەخۆوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار و هەلومەرجی بابەتی و پێداویستیی جۆراوجۆردا دروست دەبێ؛ یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەمە بریتییە لە بنەمای فیکری، یاخود لایەنی تیۆری کە گوزارشت لە فەلسەفە و جیهانبینیی ئەو زانستە دەکات... جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە زانستیش، وەکو هەر دیاردەیەکی تر، هەمیشە لە گۆڕان و بەرەوپێشچوون و پەرەسەندن دایە بۆیەش لە رەوتی دروستبوونی هەر زانستێکدا، زۆرئاساییە، چەندین فەلسەفە و تیۆر و هزر و بۆچوونی جیاواز، هەندێ جار دژبەیەکیش، دەور دەبینن و کاریگەرییان بەسەر ئەو زانستەوە هەبووە تا گەیشتووە بە ئاستی ئیمڕۆکەی. ئێتنۆگرافیاش بەهەمان جۆر؛ ئەمەش گرنگترین ئەو رێباز و قوتابخانە فیکری و زانستیانەن کە کاریگەرییان بەسەر دروستبوون و گەشەکردنی ئێتنۆگرافیاوە هەبووە:

**رێبازی گەشەکردن** (Evolutionary):

سەرەتای بیرۆکەی گەشەکردن لە بواری زانستە سروشتییەکان سەری هەڵدا، وەکو هەوڵدانێک بۆ لێکدانەوەیەکی زانستیانەی دیاردە سروشتییەکان کە تا ئەو کاتە تەنیا تیۆلۆژیا و فیکری ئاینی خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتانە دەدا. یەکەمین دەسپێشخەریش لەلایەن زانستی فەلەک (ئاسترۆنۆمیا)ەوە بوو ئەویش لەسەر بنچینەی تیۆریاکانی کانت

(١٧٥٥) و لاپلاس (١٧٩٦) دەربارەی دروستبوونی دنیا (کۆسمۆگۆنیا) کە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ روانین لە سستەمی هەتاو و ئەستێرەکان وەکو دیاردەیەکی مێژوویی- واتە ئەم سستەمە لە ئەنجامی گەشەکردنێکی مێژووییدا بەم شێوەیە دامەزراوە، نەک لەپڕێکدا دروست کرابێ؛ ئەوەش بیرۆکەی گەشەکردن بوو کەوتە نێو ئاسترۆنۆمیاوە.

دواتر، سالآنی ١٨٣٠-١٨٣٣، چارلس لایل ئەم بیرۆکەیەی هێنایە ناو جیۆلۆگیاوە و بۆ یەکەمین جار سەلماندی کە سەر ڕووی زەمین بەرەبەرە و لەسەرخۆ گۆڕاوە و دەگۆڕێ بەکاریگەریی هێزەکانی سروشتی: گەرمایی، تەڕایی، بوڕکان... ئەم بیرۆکەیە هەرزووش لە فیزیکدا دەرکەوت، کاتێک توانییان بسەلمێنن کە وزەش دەکرێ بگۆڕێ لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر؛ لە کیمیاشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەویش بە وەدەسهێنانی ئەو گیراوە (محلول) کیمیاوییانەی کە وایان دەزانی تەنیا لە جەستە زیندووەکان دا هەن؛ بیرۆکەی پێشکەوتن هەروەها بایۆلۆگیاشی گرتەوە، واتە گەشەکردن و پەرەسەندنی جۆرەکانی گیانلەبەر و درەخت لەلایەن لامارک (١٨٠٩) و دواتریش سەلماندنی تەواوی لەلایەن چارلس داروین (١٨٥٠)ەوە.

ئەم جۆرە پێشکەوتنانە لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا رەنگی لەو بوارانەش دایەوە کە مرۆڤ و کولتووری مرۆڤایەتییان کردووە بە بابەتی خۆیان و تازەش ئەوا وەکو زانست دروست دەبوون - لەمانەش زانستی ئێتنۆگرافیا؛ بۆیەش دەبینین یەکەمین و کۆنترین ڕێباز لە ئێتنۆگرافیادا ڕێبازی گەشەکردن بوو.

بیرۆکەی سەرەکیی ئەم ڕێبازانەیە، لە ئێتنۆگرافیادا، بریتییە لە: یەکێتیی رەگەزی مرۆڤ، لەمەشەوە، کەواتە، یەکبوونی پرۆسەی

گەشەکردنی کولتوورەکان بە هێلێکی راستەڕێ – لە سادەییەوە بۆ ئاڵۆزی؛ دانانی بنچینەی سایکۆلۆگی بۆ دیاردەکانی ستروکتوری کۆمەلاّیەتی و کولتووری؛ گەڕاندنەوەی یاساکانی گەشەکردن بۆ سایکۆلۆگیای تاکەکەسان... ناودارترین نوێنەرانی ئەم ڕێبازە: لە بریتانیا – هربرت سپنسر، جۆن لیۆبۆک (رۆژگارەکانی بەر لە مێژوو –١٨٦٥) و (سەرەتای شارستانیەت – ١٨٧٠)، ماک لێنان (ژنهێنانی کۆمیوونی سەرەتایی– ١٨٦٥) و (پەرستنی ئاژەڵ و درەخت ١٨٧٠)، ئێدوارد تایلۆر (کولتووری کۆمیوونی سەرەتایی ١٨٧١) و (ئەنترۆپۆلۆگیا ١٨٨١)، جێمس فریزەر؛ لە ئەڵمانیا – ئادۆلف باستیان (مرۆڤ لە مێژوودا – ١٨٦٠)، تیۆدۆر ڤایتس، ئۆسکار پیشێل، یولۆس لیپێرت (مێژووی کولتوور ١٨٩٤)، هینری شورتس؛ لە سویسرا – ئی. باهۆڤن (مافی دایکانە ١٨٦١)؛ لە فەرەنسا – شارل لیتورنۆ (گەشەکردنی ژنهێنان و خێزان – ١٨٨٨)؛ لە ئەمەریکا – لویس هینری مۆرگان (دێرینترین کۆمەڵگە ١٨٧٧)؛ لە رووسیا – ئی. سمیرنۆڤ، م. کۆڤالێڤسکی، س. شاشکۆڤ، ن. میکڵوخا– ماکلای، د. ئانوچین.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە تیۆریای گەشەکردن ئیتر رووی لە کزی کرد، رەخنە و نارەزایی زۆری بەرەو ڕوو بوونەوە، وەکوچۆن لەلایەنی تیۆریی، ئاواش سەبارەت بە میتۆد و شێوازی کارکردنی. دەرکەوت کە ئەو کەرەستە و مەتریاڵ و زانیارییەکانی بەدەسهاتوون رێک نین لەگەڵ نەخشەی گەشەکردنی ئەم تیۆریایەدا، بەتایبەتیش بیرۆکەی راستەڕێی گەشەکردنی کۆمەڵگا و کولتووری مرۆڤایەتی لە سادەوە بۆ ئاڵۆزی؛ لە ڕاستیدا، پرۆسەی گەشەکردن گەلێ فراوانتر و ئاڵۆزترە لەوەی کە تەنیا بە هێلێکی راست و تەسکدا بڕوات، بەڵکو ئەم

پرۆسەیە ملکەچی یاساکانی دیالێکتیکای گەشەکردنە کە تابڵێی، ئەم یاسایانە، زۆر و جۆراوجۆر و فراوانن، بۆیەش پرۆسەکانی گەشەکردنیش دەبێ جۆراوجۆر بن؛ هەروەهاش سەبارەت بە بیرۆکەی "ئاسەوار" کە ئەم تیۆرییایە زۆر پەنای بۆ دەبرد – ئەویش لە قەڵەمدانی گەلێک لە دیاردەکان بە "ئاسەوار"ی کولتوور و سستەمی کۆن، لە کاتێکدا زۆریش لەمانە دیاردەی زیندوو بوون و توخمی چالاکی سستەمی خۆیان بوون و هەرگیز لە کار نەکەوتبوون؛ جگە لەوەش هەندێ لە نوێنەرانی تیۆریای گەشەکردن شیلگیرانە هەوڵیان دەدا دیاردە کۆمەلایەتییەکان وەکو دیاردەی بایۆلۆگی بخەنە ڕوو و هەروەهاش زێدەڕۆیی لە بایەخدان بە دیاردە سایکۆلۆگییەکان. زیاد لەوەش، دژایەتیکردنی بێپایانی فیکر و دەزگا ئاینییەکان بۆ تیۆریای گەشەکردن هەر لە پەیابوونیەوە تا دەهات توندتر و تیژتر دەبوو – چونکە پرەنسیپ و بنەماکانیان لە بنەڕەتەوە دژبەیەک بوون.[٢١]

## ڕێبازی بڵاوبوونەوە Diffusionism

لە ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە تیۆریای گەشەکردندا، ڕێباز و قوتابخانەی تر سەریان هەڵدا– ئەگەرچی گەلێک بیرۆکە و پرەنسیپی گەشەکردنیان خواستبووەوە؛ لە ڕاستیشدا ئەمانە نەیانتوانی ئەو دەور و کاریگەرییەی گەشەکردن ببینن.

---

(21) Svod Etnografichiskikh Ponyatey Iì1988 Ibd,124

بۆ ئەم قوتابخانەیە و ئەوانی تریش، شانبەشانی ئەم سەرچاوەیەی سەرەوە، هەروەها بڕوانە:

Etnografya, 1982, Ibd 21-26   S. A. Tokarev, 1978 Ibd, 24, 64, 134, 229, 206;

له کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ئیتر بیرۆکەی بڵاوبوونەوە تا دەهات بڕەوی دەسەند کە جەختی دەکردە سەر بڵاوبوونەوە وەکو فاکتەری سەرەکیی پەرەسەندنی کولتوور و ئێتنۆگرافیاشی بە زانست دەربارەی کولتوور دەزانی. فیکرەی بڵاوبوونەوەی کولتوور هەر لە کۆنەوە هەبوو، نووسەرە دێرینەکان لەسەریان نووسیووە و تەنانەت ئەمە لە ڕێبازی گەشەکردنیشدا پشتگوێ نەخرابوو، بەڵام هەرگیز نەیانکردبوو بە فاکتەری سەرەکیی گەشەکردنی کولتوور و کۆمەڵگە. هەرچی نوێنەرانی قوتابخانەی بڵاوبوونەوە بوون بیرۆکەی بڵاوبوونەوەیان کردبوو بە خاڵی یەکلاکەرەوە و، لە بۆچوونەکانیاندا، بەشێوەیەکی ڕەها پشتیان پێ دەبەست – بەمەشەوە یاسا گشتییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مێژووییان وەلا دەنا؛ بەشێکی زۆری نوێنەرانی ئەم ڕێبازە تەماشای کولتووریان دەکرد وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆ و دوور لە خاوەنەکەی کە ئێتنۆسە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڵاوبوونەوە شێوازی قوتابخانەیەکی زانستیی بەربڵاوی وەرگرت و تێیدا چەندین ڕێچکە و ڕێباز دەرکەوتن.

یەکەمین ڕێبازی سەر بە بیرۆکەی بڵاوبوونەوە بەناوی (ئەنترۆپۆجیۆگرافیا) بوو کە لەسەر دەستی فریدریک راتسل دامەزرا؛ نوێنەرانی ئەم ڕێبازە وای بۆ دەچوون کە لە گەشەکردنی کولتوور و کۆمەڵگادا بڵاوبوونەوە و ژینگەی جێوگرافی دەوری سەرەکی دەبینن. هەروەها ڕێبازی لیۆ فرۆبینیۆس بەناوی (مۆرفۆلۆگیای کولتووری) – کە لە روانگەی یاساکانی بایۆلۆگییەوە دەیڕوانییە گەشەکردن و پێشکەوتنی کولتوور؛ ڕێبازی فریتس گرێبنەر بەناوی (کۆمەڵە کولتوورییەکان) – واتە پێشکەوتنی کولتوور لە ڕێگەی پێوەندی و لێک وەرگرتنی نێوان کۆمەڵە کولتوورییەکانەوە؛ ڕێبازی ڤیلهلم شمیدت

بەناوی (قوتابخانەی کولتووریی– مێژوویی) کە بۆچوونەکانی سیمای کاتۆلیکیانەی پێوە دیاربوو و لێکدانەوەکانی لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە بوون.

ئەم ڕێباز و ڕێچکە زانستییانەی لە سایەی تیۆریای دیفوزیا (بڵاوبوونەوە)دا چالاکییان دەنواند، لەڕاستیدا، دژی پرەنسیپی مێژوویی Historism بوون و دانیان نەدەنا بە دەوری یاسا گشتییەکانی پرۆسەی مێژوویی لە گەشەکردنی دیاردە ئێتنیکییەکان، بۆیەش بۆچوون و لێکدانەوەکانیان لاوازی و بێ بنچینەییان تێدا هەبوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا، رۆڵی گەورەیان هەبوو لە کۆکردنەوەی بڕێکی زۆری کەرەستە و مەتریاڵی ئێتنۆگرافیدا. لە ئەنجامدا ئەم قوتابخانەیە، لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، سەنگ و بایەخی خۆی لە دەستدا... ئەگەرچی هەندێ بۆچوونی دیفوزیانە لە ئێتنۆگرافیادا ئێستاش هەر بەدی دەکرێن.

## ڕێبازی وەزیفی Functionalism

هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەرک یان وەزیفە چەمکی سەرەکیی ئەم قوتابخانە زانستییەیە، چونکە لە ڕوانگەی ئەمەوە هەموو یەکە و دەزگا (ئینستیتوت) و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی جەستەیەکی یەککگرتوودا ئەرک و وەزیفەی خۆی هەیە. بەڕای دامەزرێنەری ئەم تیۆرییایە برۆنیسلاڤ مالینۆڤسکی، کە بە نەتەوە پۆڵۆنی و رەگەزنامە بەریتانی بوو، ئەرکی سەرەکیی ئێتنۆگرافیا (ئێتنۆلۆگیا) بریتییە لە دیراسەکردنی وەزیفەی دیاردە کولتوورییەکان و، هەروەها هاوپەیوەندارییەتی و مەرجە هاوبەشەکانیان.

لایەنی پۆزەتیڤی بۆچوونەکانی مالینۆڤسکی و رادکلیف براون و پەیرەوکەرانیان لەوەدابوو کە بانگەشەیان دەکرد بۆ دیراسەکردنی کولتووری هەر کۆمەڵگایەک وەکو دیاردەیەکی یەکگرتوو کە هەموو توخم و بەشەکانی بەرێگەی ئەرک و وەزیفەی تایبەتیی خۆیان بەیەکەوە بەستراون. کەچی وەزیفەییەکان بەلایانەوە گرنگ نەبوو ئێتنۆسێک، کۆمەڵگایەک، کولتوورێک یان دیاردەیەک کەی و چۆن دروستبووە و توخم و رەگەزەکانی لە کوێ و لە چییەوە هاتوون – ئەمان تەنیا مەبەستیان بوو کە ئەوانە وەکوچۆن هەن، بەشێوەی ئێستاکەیان، دیراسەبکرێن لە رێگەی دیارکردنی ئەرک و وەزیفەکانیانەوە... ئەمەش کارێکی پراگماتیزمانە بوو زێتر لەوەی زانستیانە بێ و رەچاوی پرەنسیپەکانی پرۆسەی مێژوویی Historism بکات، هەر بۆیەش ئەم میتۆدە لەلایەن سیاسەتمەدارانی ئیمپراتۆریای بریتانییەوە بۆ بەرێوەبردنی وڵاتە داگیرکراوەکان چالاکانە بەکار دەهات. لەگەڵ ئەوەشدا، وەزیفییەکان زانیاری و کەرەستەی مەیدانیی زۆریان کۆ کردەوە دەربارەی دانیشتوانی وڵاتان و بەمەشەوە، جگە لە باس و لێکۆڵینەوەکانیان، خزمەتێکی گەورەی ئێتنۆگرافیایان کرد.

## رێبازی مارکسی Marxism

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە مارکسیزم، لەسەر دەستی دوو فەیلەسووف و زانای گەورەی سەدەی نۆزدەم – کارل مارکس و فریدریک ئێنگلس و لە ئەنجامی سوودلێوەرگرتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانی و ئابووریی سیاسیی بریتانی و سۆشیالیزمی فەرەنسیدا، بەشێوەی رێبازێکی فەلسەفیی کاریگەر و بەتاووگوژم تا دەهات زێتر باڵی دەکێشا بەسەر بوارە

جۆراوجۆرەکانی ژیان، بەتایبەتیش بوارەکانی سیاسی و زانستی، لە ئەوروپادا.

مارکسیزم بیرۆکەیەکی تازەی داهێنا سەبارەت بە گەشەکردن، ئەویش لەبەر رۆشنایی تیۆریای ماتریالیزمی دیالێکتیکی کە تەماشای هەموو ماتریا و دیاردەیەک دەکات لە ڕوانگەی: بزاوتی هەمیشەیی، پێوەندیی هەمیشەیی، پێشکەوتنی هەمیشەیی؛ واتە هەموو ماتریا(مادە)یەک لە جوولە و بزاوتی بەردەوام دایە و هەمیشە پێوەندیی هەیە بە ماتریاکانی ترەوە و ئەم بزاوت و پێوەندییانەش ماتریاکە بەرەو پێشەوە دەبەن. هەرچی دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانە ئەوا مارکسیزم لەبەر رۆشنایی تیۆریای ماتریالیزمی مێژووییەوە لێیان دەڕوانی – واتە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان کولتووری زەمینە و پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە و دەبێ لە چوارچێوەی قۆناغی مێژوویی خۆیدا دیراسە بکرێ و لە هەمان کاتیشدا یاساکانی ماتریالیزمی دیالێکتیکیی بەسەردا جێبەجێ دەبێ. ئەمەیان، مەبەست ماتریالیزمی مێژووییە، لە ڕاستیدا سۆسیۆلۆگیای مارکسییە. ئەم دوو فەیلەسووفە بایەخی زۆریان دا بە ئێتنۆگرافیا بەتایبەتیش لە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی مێژووی هەرەزووی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی؛ ئەوەش رەنگی دایەوە لە کارەکانی ک. مارکس: کورتەی کتێبی لویس مورگان (گۆمەڵگەی دێرین)، هەروەها (شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بەر لە سەرمایەداری)، کارەکانی ف. ئێنگلس (دەوری کارکردن لە پڕۆسەی وەرچەرخانی مەیموون بۆ ئادەمیزاد) و (بنەچەی خێزان، موڵکایەتی کەسی و دەوڵەت). بابەتەکانی گەشەکردنی دەوڵەت و فۆڕماسیا (قۆناغ)ەکانی

کـۆمــەڵایەتـی- ئابووریـی پێش کـۆمــەڵگای ســەرمــایەداری و پـرسـی نـەتەوەیـی هـەروەهـا لە زۆر لـە کـــارەکـــانـی ڤ. ئـی. لێنین دا بـایەخـی تەواویان پێ درابوو؛ جگە لەوە، زانایانی سـەر بەم ڕێبازە، بەتایبـەتیش دوای دامەزرانی یەکێتی سۆڤیەت و پەیدابـوونی بلۆکی سۆشیالیستی، ڕۆڵ و چاڵاکـیی زانسـتـانەی بـاڵایان بینی لـە گـەشـەپێـدانی زانسـتی ئێـتنـۆگـرافـیـادا. لـەم وڵاتانەدا لە پاڵ کـاری مـەیدانـیی زۆر دەربارەی مـیللەت و نـەتەوەی جـۆراوجـۆر، لە هـەمـان کـاتدا تیـۆریای کـامڵ و گـشـتگـیـر گـەڵاڵەکـران سـەبارەت بە: ئێـتنۆس، پرۆسـەی ئێـتنیکی، ئێتنۆگنێز، مێژووی کۆمەڵگای کۆمیونی سەرەتایی، نـاوچە مێژوویی و ئێتنۆگرافییەکان، تیپە ئابووری و کولتوورییـەکان و... هتد. شـایانی باسـە کە ڕێبـازی مـارکسـیزم، لەگەڵ نەمـانی بلـۆکی سـۆشـیـالیسـتی لەسـەر نەخشـەی ئەوروپادا و کەمبـوونەوەی دەوری سیـاسیشـی، بەڵام وەکو میتۆدێکی زانستی هێشتاش برەوی خۆی هەر ماوە.

## ڕێبازی بنیاتگەری Structuralism

بنیاتگەری لە سـاڵانی٢٠ی سەدەی بیسـتەم لە بریتانیـا سەری هەڵدا و زانای گەورەی بریتانی ئا. ر. رادکلیف – براون بنەما میتۆدییەکانی چەسپاند. بیرۆکەی سـەرەتایی ئەم ڕێبازە بریتییە لەوەی کە لە نێوان دەزگـا Institute کـۆمـەڵایەتیـیـەکـاندا هـەمـیـشـە هاوپێـوەندارییەتێکی ڕێکخراو هەیە. لە ڕوانگەی ئەمەوە، ئەرکی سەرەکی لەوەدا نییە کە هۆ و هۆکـاری گـۆڕانکارییـە سـتـڕوکـتـوورییـەکـان بـدۆزیتـەوە، بەڵکو لە خستنەڕووی پێوەندییە ستڕوکتوورییە هەمیشە دووبارەبووەکان دایە. بۆچوونەکـانـی براون، بەڕادەیەکی زۆر، سـەرچاوەیان لە پرەنسـیـپـە بایۆلۆگییـەکانەوە هەڵگرتبوو، لەم ڕووەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،

بەهەمان شێوەی جەستەی گیانلەبەر، پێک هاتووە لە توخمی جۆراوجۆر کە بە پەیوەندیی ئەرکدارەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ناودارترین پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە لە بریتانیا – ئیڤانس پریچارد، م. فۆرتێس، ک. میتچێل، ک. ئارینسبێرگ، ئیَ. بۆت.

هەرچی لە فەڕەنسا بوو، ستروکتوڕالیزم جێپەنجەی ک. لێڤی- شتڕاوسی بەسەرەوە دیاربوو، بەتایبەتیش لە بواری ئێتنۆلۆگیادا. ئەوەبوو کاتێک ف. دی سۆسیور بیرۆکەیەکی زمانەوانیی دەربڕی سەبارەت بەوەی کە فۆنیمەکان (دەنگەکان) هیچ بایەخێکیان نییە تەنیا ئەو کاتەی پێکەوە وشەیەک دروست دەکەن، شتراوس ئەم بیرۆکەیەی گواستەوە بۆ ئێتنۆگرافیا و رایگەیاند کە ئەو فاکتەی دەدۆزرێتەوە خۆی لەخۆیدا بایەخێکی نییە ئەو کاتە نەبێ کە لەگەڵ ئەوانی تردا دیاردەیەک پێک دێنێ. لیڤی- شتراوس زێتر خەریکی ستڕوکتوری پرۆسەی مەعریفە بوو، چونکە پێشتر زانایانی ئینگلیز (ئیَ. لیچ، م. فۆرتێس) سەلماندبوویان کە تەنیا دەزگا و رێکخراوەی کۆمەڵایەتی بنیاتی نییە، بەڵکو هوشیاریی خەڵک و تەنانەت ئایین و ئەفسانە(میفۆلۆگیا)ش بێ بنیات نابن؛ بەڕای ئەم، واتە شتراوس، ئەرکی زانست ئەوەیە ئەم بنیاتانە بدەزێتەوە کە لەپشت نەخشە و روخساری دیاردەکاندا شاردراوەن و مرۆڤ هەستیان پێ ناکات.

ستروکتوڕالیزم لە ئەمەریکاش بڵاو بووەوە، کاتێک رادکلیف -براون ماوەیەک لە زانکۆکانی ئەوێ کاری مامۆستایی دەکرد و پسپۆرانی وەکو ف. ئێگان و ر. رێدفیلد پشتگیرییان لێ کرد، ئەگەرچی نەیتوانی ململانێ لەگەڵ قوتابخانەی مێژوویی (ف. بواس) و قوتابخانەی ئێتنۆسایکۆلۆگی (ئیَ. فرۆم و ئا. کاردینێر)دا بکات کە

ئەمانە لە ئەمەریکا ماوەیەکی درێژ زاڵ و سەرباشقەبوون. شایانی باسە کە ستروکتورالیزمی ئەمەریکایی زێتر بەناوی "ئەنترۆپۆلۆگیای سیاسی" ناسرابوو بەهۆی ئەوەوە کە پسپۆڕانی وەکو: کۆین، کلاسێن، کارتس، سکالنیک... تۆژینەوەیان لەسەر دیاردە سیاسییەکان دەکرد – ستروکتوری دەسەڵات، گۆڕانی دەسەڵات، ڕێگەکانی بڕیاردان، بەڕێوەبردنی زۆرانبازی.

بەگشتی، ئەمانە گرینگترین قوتابخانە و ڕێبازی زانستی و فیکری بوون کە کاریگەری زێتر و بەهێزتریان هەبوو لەسەر پرۆسەی دروستبوون و هەروەها گەشەکردنی زانستی ئێتنۆگرافیادا، بەڵام قوتابخانە و ڕێباز و تیۆریای زۆری تریش هەبوون کە دەور و جێپەنجەیان بەسەر بوارە زانستییەکانەوە دیاربوو، وەکو: قوتابخانەی کۆمەڵایەتی – ئێ. دورکهایم، فرۆیدیزم، قوتابخانەی مێژوویی – ف. بواس، تیۆریای ڕێژەگەرایی کولتوور (ریلیاتیڤیزم) – ک. پایک... گەلێکی تریش.

## سەرچاوەکانی ئێتنۆگرافیا و میتۆدی کارکردنی

لە ڕووی سـەرچاوەوە، ئێـتنۆگـرافـیا تایبـەتمەندیی خـۆی هـەیە؛ ئەم زانستە، بەجیاوازی لەگەڵ زانستەکانی تر، بابەتەکەی خۆی دەکات بە یەکـەمین و گرنگتـرین سـەرچاوە و زانیـاریی لێ وەردەگرێ دەربارەی هـەمـان ئەو بابەتە – واتە، لێـرەدا، ئێـتنۆس کـە بابـەتی سـەرەکـیی ئێتنۆگرافیـایە، لە هەمان کاتدا، سـەرچاوەکەشیـەتی. ئەم بارە وای کردووە کە ئێتنۆگرافیا، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەم سەرچاوەیە، پـەنا بـەرێتـــە بـەر کـــار و تـوێژینـەوەی مـــەیدانی؛ بۆیـە تـوێژەری ئێتنۆگرافیست (پسپۆری ئێتنۆگرافیا) دەچێتە ناو ئەو ئێتنۆسەی کە بەتـەمـایە دیراسـەی بکات، راسـتـەوخـۆ لەگـەڵ ئـەندامـانی دەژی و چاودێریی ژینگە و شـێـوازی ژیانیـان دەکـات، ئاشنای کـولتـووریان دەبێت، را و بۆچوونیـان وەردەگرێ سـەبارەت بە گەلێ لایەنی ژیان و مێژوو و کولتووریان.

کـاری مـەیدانیش وەنەبێ سـادە و ئاسـان بێ، بەڵکو پێـویسـتی بە خۆئامادەکردنێکی باش و کەلوپەلی تایبـەتیی هەیە؛ توێژەر دەبێ، پێش هەموو شتێک، زمـانی ئەو ئێتنۆسـە بزانێ – دەنا بەرێگەی وەرگێڕ و تەرجومانەوە گەلێک وردەکاریی گرنگی لەدەست دەچێ؛ هەروەها دەبێ هوشیار و بەئاگابێ، بزانێ چۆن پرسیار دەکات و چین ئەوانەی نابێ توخنیـان کـەوێ و قسـەیان لەسـەر بکات؛ توێژەر دەبێ بەڕادەیەکیش ئاشنای داوونەریتی ئێـتنۆسـەکـە بێ تا رەچاویان بکات و خـەڵکەکـە

نەورووژێنێ، چونکە ئەم پێویستی بە هاوکاری و یارمەتیی ئەوان هەیە بۆیە دەبێ متمانە و دڵنیاییان وەدەسبێنێ. ئینجا توێژەر دەبێ کەرەستەی نووسین و کامیرا و تۆمارکەری هەبێ و ئەمانەش بەزانایی و وریاییەوە بەکار بێنێ...[٢٢]

شایانی باسە کە لە ناو سەرچاوەکانی نووسراودا گەلێکی وا هەن دەربارەی میللەتان و کولتوورەکانیان لەلایەن مێژوونووسانی دێرینەوە "هیرۆدۆت، تاتسیت"ی یۆنانی و سەرکردەی لەشکر "کسینۆفۆن"ی یۆنانی، گەڕیدە و بازرگان "مارکۆپۆلۆ"ی ئیتالیایی و گەشتیار (ئەولیا چەلەبی)ی عوسمانی – راستەوخۆ لە ناو ئێتنۆس و میللەتەکاندا نووسراون، بەڵام کاری میدانیی ئەمانە بە رێکەوت بووە؛ ئەمانە لە پاڵ کارە بنەڕەتییەکەی خۆیان سەرنج و تێبینییان لەسەر دانیشتوانی ناوچە و وڵاتەکان تۆمار کردووە بەبێ هیچ بنچینە و بنەمای زانستی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە نووسراوانە سەرچاوەی دانسقەن سەبارەت بە ئێتنۆسانی رۆژگاری کۆن و ئێتنۆگرافیا مەتریاڵ و زانیاریی زۆریان لێ وەدەست دێنێ. دواتریش، دوای دۆزینەوە جیۆگرافییە مەزنەکان، واتە لە سەدەکانی پازدە و شازدەوە، ئەم جۆرە نووسراوانە بەڕادەیەکی زۆر و بەردەوام زێدە و کەڵەکەدەبوون، بەمەشەوە گەنجینەیەکی گەورەی زانیاری دەربارەی ئێتنۆسان بۆ ئێتنۆگرافیا رەخسا.

بەڵام لە سەدەی نۆزدەوە بارەکە گۆڕا، کاری مەیدانی چی تر وەکو

---

(22) Svod Etnografichiskikh Ponyatey I Terminov ,1988, Ibd ,205-209

هەروەها بڕوانە: جان کوبان؛ المسح الاثنولوجي الميداني. ترجمة: جهيدة لاوند. معهد الدراسات الاستراتيجية– العراق ٢٠٠٧، ص١٧–٣٩

شێوازیکی کاری بەڕیکەوت نەما، بەڵکو لەوساکەوە رێسا و بنەمای زانستیی لەلایەن زانستەکانەوە بۆ دانرا و پسپۆران بۆ ئەنجامدانی کاری زانستییان پراکتیزەیان دەکرد – واتە کاری مەیدانی بوو بە میتۆدێکی زانستی بەتایبەتیش بۆ ئێتنۆگرافیا. ئەوەی زێتریش یارمەتیی ئەم پرۆسەیەی دا، ئەوەبوو کە زانا و پسپۆڕان دوای ئەوەی جاران تەنیا دیراسەی ئێتنۆس و دانیشتوانی وڵاتانی بێگانە و دوور و ئیکزۆتیک (سەیروسەمەرە) یان دەکرد، لە سەدەی نۆزدەوە ئەمانە روویان کردە لێکۆڵینەوە دەربارەی میللەت و نەتەوەکانی خۆیان و هەموو توانای زانستی و پسپۆڕیی خۆیان، بەڕێگەی کاری مەیدانییەوە، لە ئەنجامدانی بەرهەمەکانیاندا بەکار دەبرد. جگە لەوەش، کاتێک وڵاتانی سەرمایەداری بوون بە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و هەریەکە چەندین وڵاتی داگیر و چەندین ئێتنۆسی ژێردەستی خۆی کرد، ئەوساکە دەرگەی جیهانێکی فراوان بۆ پسپۆڕان والا کرا بۆ پراکتیزەکردنی میتۆدی کاری مەیدانی بۆ دیراسەکردنی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە و، بەمەشەوە، ئەم میتۆدە بە ئەندازەیەکی زۆر پێشکەوت، ناوی دەرکرد و سوودبەخشیی خۆیی سەلماند.(٢٣)

شانبەشانی ئێتنۆس کە ئێتنۆگرافیا بەڕێگەی کاری مەیدانییەوە وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی لێ وەردەگرێ، هەروەها ئێتنۆگرافیا سوود لە سەرچاوەی نووسراویش دەبینی، بەتایبەتی بەرهەمە زانستییەکانی بواری کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەربارەی ئێتنۆسان، وەکو: مێژوو، سۆسیۆلۆگیا، جیۆگرافیا، ئابووری، ئەنترۆپۆلۆگیا، سایکۆلۆگیا، ئەرکیۆلۆگیا، زمانەوانی (لینگڤیستیکا)، ئەدەب، هونەر... هتد.

(23) S.A.Tokarev ; Ibd 27

# کورد و ئێتنۆگرافیا

وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ئێتنۆگرافیا کە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکادا بەڕادەیەکی باش پێشکەوت، لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەمان پلە و بایەخی وەرنەگرت و لە گەلێک لەم جۆرە وڵاتانەدا تاکو ئێستاش هەر بە نەناسراوی ماوەتەوە؛ ئەوەش بێگومان پێوەندیی بە ئاستی هوشیاریی ئەو میللەت و نەتەوانەوە هەیە کە نەیانتوانیووە پەی بەرن بەو راستییەی کە لایەنێکی هەرە گرنگی وەکو لایەنی نەتەوەییی خۆیان شایانی دیراسەکردن و تۆژینەوەی زانستییە. بەداخەوە، کوردیش لە هەمان ئەم جۆرە وڵاتانە دایە... ئەگەرچی لە کوردستانی باشوور لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئێتنۆگرافیا لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێردا بووە بە بابەتی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئەدەبیات(*)، بەڵام هێشتاش لە هەموو ئەو بەشەی کوردستاندا نەیتوانیووە بایەخی تەواوی خۆی وەدەسبێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەنەبێ لە کوردستاندا و بە زمانی کوردی نووسین و سەرچاوەی وا نەبن بتوانین بە ئێتنۆگرافییان لە قەڵەم بدەین. بەڵکو

(*) بەداخێکی زۆرەوە، لێژنەی زانستیی ئەم بەشەی سەرەوە دوای ١٤ ساڵ، واتە ساڵی ٢٠٠٧، بڕیاری لابردنی ئێتنۆگرافیای دا لە پرۆگرامی خوێندنیدا؛ لە کاتێکدا "کۆمەڵناسانی کورد" دەبوایە پێش هەموو کەس سوودی ئەم بابەتە بزانن هەرنەبێ لەبەرئەوەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی هەیە!

نووسینی وا بەزمانی کوردی زۆرن کە بابەتەکانی ئەم زانستەیان گرتوونەتەخۆ، با دیراسەکردنی ئەکادیمیانەش نەبن، بەڵام کەرەستە و مەتریاڵی ئێتنۆگرافیی باشیان کۆ کردووەتەوە یان، هەرنەبێ، پرسی نەتەوەییيان وروژاندووە. ئەگەر سەرنج بدەین، لە سەدەی حەڤدەدا شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی لە چیرۆکە شیعری (مەم و زین) دا بەراشکاوی پرسی نەتەوەیی وروژاندووە و هەروەها وەسفێکی تابلۆیی جوانی گەلێ لایەنی کولتووریی ناوچەکانی جزیرە و بۆتان دەکات: دیوەخان، مێوانداری، راووشکار، ژنهێنان و بووک گواستنەوە و... هتد. ئەو مێژووەش، واتە سەدەی حەڤدە، بۆ کورد لەچاو ئێتنۆسانی تر بۆ ئەم جۆرە پرسە ئێتنۆگرافیانە تا بڵێی زووە. هەر ئەو مەودا مێژووییەشە، لە پاڵ بابەت و ناوەرۆکەکەی، وای کردووە زانا و رۆژهەڵاتناسێکی گەورەی وەکو یو. ئا. ئۆربیلی ١٨٨١-١٩٦١ (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی نەک هەر بخاتە رێز بەرهەم و شاکارەکانی فیردۆسیی فارس و روستاڤیلیی گورجی[٢٤]، بەڵکو دەشڵێ (مەم و زین)"... ئەوەندە گیان و سیمای نەتەوەیی پێوە دیاربێ، ئەوەندە بە درەوشاوەیی دەربڕی داوونەریتی خۆ و رەوشتی میللی بێ... بەم روونی و وردییەوە، وا ئەحمەدی خانی دەری بڕیون،- نایەتە بیرم - لە ئەدەبی هیچ میللەتێکدا بینیبێتم[٢٥]". لە سەدەی نۆزدەشدا شاعیری

(٢٤) الدكتور عزالدين مصطفى رسول ؛ احمدي خاني ١٦٥٠-١٧٠٧، شاعرا و مفكرا، فيلسوفا و متصوفا. بغداد١٩٧٩؛ ص٩

(٢٥) ژاکلینا سوورینەڤنا موسەیلیان ؛ هەندێ بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبکارەڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی. لە کتێبی: چەند وتارێکی کوردناسی. ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسییەوە کردوونی بە کوردی، پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون. سلێمانی (بنکەی ژین) ٢٠٠٨، ل١٩

گەورەی کوردپەروەر حاجی قادری کۆیی لە سەرلەبەری شیعرەکانیدا پرسی نەتەوەییی کوردی وروژاندووە و هەوڵیداوە کورد هوشیار بکاتەوە لە مافە نەتەوەیییەکانی خۆی و رێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە.

دوای ئەوەی زمانی کوردی تەنیا زمانی شیعر بوو، لە سەدەی نۆزدەوە ئیتر بوو بە زمانی پەخشانیش؛ ئەمەش وەکوچۆن هەنگاوێکی بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی و گەشەکردنی توخمێکی ئیتنیکیی گرینگی کورد بوو، ئاواش بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی ئاستی هوشیاریی کۆمەلایەتیی کوردی دەگەیاند - واتە سەنگی ئێتنیکیی کورد لە زێدەبوون دابوو. وەکو چاوەڕوانیش دەکرا، بەهۆی دەوری بالا و کاریگەریی توخمێکی کولتووریی هەرەگرنگی وەکو ئایین، یەکەمین پەخشانی کوردی ئاینی و لەسەر دەستی پیاوانی ئاینیی کورد بوو - مەولانا خالیدی نەقشبەندی (عەقیدەنامە) و شێخ حوسێنی قازی (مەولودنامە)[٢٦]؛ ئەم دوو زانا گەورەیە دەرکیان بەوەکرد کە زمانی کوردی لەو ئاستەدایە بتوانێ ئەرکی ئاینی جێبەجێ بکات و، لە هەمان کاتیشدا، زانییان کە رۆشنبیری لە ناو کورددا گەیشتووە بەو رادەیەی کە خەڵکی کورد بتوانن بەزمانی نەتەوەییی خۆیان بخوێننەوە؛ ئەمەش، بەڕای ئێمە، قۆناغێکی نوێ و گرنگی دەگەیاند لە مێژووی کولتووری کوردیدا[٢٧]. جێگەی سەرنجیشە کە یەکێک لە

---

(٢٦) عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ؛ محمدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا- ١٩٨١، ل٢٠٠

(٢٧) کارێکی ئاسان نییە یەکەمین پەخشانی کوردی دەسنیشان بکەین، چونکە وا دیارە هەر دیالێکتێکی زمانی کوردی قۆناغی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ

نووسینە یەکەمەکانی کوردی، هەر لە سەدەی نۆزدەدا، بەرهەمێکی تەواو ئێتنۆگرافی بوو بەخامەی زانای گەورەی ئەوساکەی کورد مەلا مەحموودی بایزیدی، ئەویش کتێبی (عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە) کە زێتر لە ١٦٠٠ داوونەریتی کوردەواریی لەخۆگرتبوو – ئەمە دەکرێ بە یەکەمین بەرهەمی ئێتنۆگرافیی کوردی لە قەڵەم بدەین[٢٨]؛ پێویستە بەوردی سەرنجی ئەوە بدەین کە هەستکردن بە گرنگیی پاراستنی کولتووری نەتەوەیی بەڵگەی ئاستێکی بەرزی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کوردی دەگەیاند، بەتایبەتیش لەو رۆژگارەدا و لە بارودۆخێکی وەکو ئەوساکەی کورد تێیدا دەژیا. هەر ئەو هوشیارییەش بوو لە سەدەی نۆزدەدا، ساڵی ١٨٩٨، کوردی کرد بەخاوەن یەکەمین رۆژنامە بەناوی (کوردستان) کە لەلایەن رووناکبیری گەورەی کورد میقداد بەدرخانەوە لە قاهیرە دەرچوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتانی وەکو عیراق و سوریا لە ناوچەکەدا، بزاڤێکی رۆشنبیری و زانستیی بەهێز لە کوردستانی باشوور، کە بوو بە بەشێک لە عیراق، دەستی پێکرد؛ چالاکی و

=سەرهەڵدانی پەخشان بەو دیالێکتە– لە کرمانجیی باکوور دەقەکانی کتێبە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزدیمان هەیە (جیلوە) و (مەسحەفا رەش) کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی چواردەم ؛ یان (سەرەنجام) و (سرودهای دینی یارسان)ی ئەهلی هەق بە دیالێکتی گۆرانی کە مێژووی دەرچوونیان دیار نییە. بڕوانە: عبدالرزاق بیمار ؛ پەخشانی کوردی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی _ زنجیرەی(٣١٤)، بغداد ١٩٩٨، ل٣١

(28) Bayazidi,Mala Mahmud; Nravy e Obychay Kurdov .Per-ev.,Premech., Preloj :.M.b .Rudenko .M. ١٩٦٣.

جێپەنجەی زانا و رۆشنبیرانی وەکو: محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی، پیرەمێرد، بێکەس، عەلائەدین سجادی، شاکیر فەتاح و گەلێکی تریش بەسەر ئەم بزاڤەوە تەواو دیاربوو. دیسان جێگەی شانازییەکی زۆرە کە بەرهەمەکانی ئەو ماوە زووەی کورد، مەبەست سەرەتای سەدەی بیستەمە، وەکو چۆن تا ئەوپەڕی زانستییانە، ئاواش هەندێکیان تەواو ئێتنۆگرافی بوون - یەکەمین کاری زانستیی محەمەد ئەمین زەکی (خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان)، کە ساڵی١٩٣١ بەزمانی کوردی دەرچوو، سەرلەبەری بەشی یەکەمی بۆ رەوتی دروستبوونی نەتەوەی کورد (ئێتنۆگنێز) تەرخان کردووە و لێی سەرکەوتووبووە، جێگەی سەرنجیشە کە دانەر ئاشنای زانستی ئێتنۆگرافیا بووە و ناوی ئەم زانستەی لە کارەکەیدا بەکار هێناوە. شایانی باسە کە زانای گەورەی بواری ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی (رووسی) ئۆ. ڤیلچێڤسکی ئەم کارەی محەمەد ئەمین زەکیی زۆر بەرز هەڵسەنگاندووە[٢٩]. هەروەهاش کارە زانستییەکانی تۆفیق وەهبی دەربارەی رەسەنی کورد و لەناوچوونی مادەکان و نووسینەکانی لەسەر ئێزیدیزم[٣٠]- گەلێک بۆچوونی ئێتنۆگرافیانەیان تێدا هەیە.

جگە لەمانە، نووسین و کاری زانستییانەی ئەوتۆ زۆرن کە بتوانین سیمای ئێتنۆگرافیانەیان تێدا بدۆزینەوە؛ بەڵام ئەوەی شایانی لەسەر

(٢٩) ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی؛ نەژادی کورد -رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد. رەشاد میران لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی. چاپی ٢، هەولێر٢٠٠٠، ل ٣٢٨ (پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم -ژمارە ١٩).

(٣٠) تۆفیق وەهبی؛ لەناوچوونی مادەکان کردارەکی دین بوو. گەلاوێژ، ژمارە (٨)، بەغدا،١٩٤١.

وەستانێکی تایبەتیی بێت کار و بەرهەمەکانی عەلائەدین سجادییە کە، بەڕای ئێمە، زۆر ڕەوایە نازناوی (یەکەمین پسپۆڕی ئێتنۆگرافیای کوردی) بەم زانا ماندوونەناسە ببەخشرێ - ناوبراو بە زنجیرەکتێبی (ڕشتەی مرواری) گەنجینەیەکی کەرەستە و مەتریاڵی ئێتنۆگرافیی کوردی کۆ کردووەتەوە، هەروەهاش سەبارەت بە کتێبە نایابەکەی (کوردەواری) - بەتایبەتی ئەمانە سەرچاوەی دانسقەن بۆ هەر نووسین و کارێکی ئێتنۆگرافیانە؛ بەهەمان جۆر کتێب و بەرهەمەکانی تری لە بواری ئەدەب و مێژوودا. شاکر فەتاحیش بە کارە مەیدانییەکانی دەربارەی ئێزیدی و هەروەها گەشتەکانی بە کوردستاندا دەوری خۆی بینیووە لە کۆکردنەوەی زانیاریی ئێتنۆگرافیانەی جۆراوجۆر.

لەوساکەوە نووسین بە زمانی کوردی دەربارەی بوار و لایەنەکانی نەتەوەیی و کولتووری، خۆشبەختانە، نەپساوەتەوە، گەشەکردن و توندوتیژتربوونی پرسی نەتەوەییی کوردیش تاو و گوژمی زێتری دا بە نووسین و دەرکردنی بەرهەمی کولتووری و نەتەوەیی لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردەوە - ئەم بارە وایکرد کە لە سەرلەبەری ژمارەکانی هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکدا بتوانین گوتار و لێکۆڵینەوەی "ئێتنۆگرافیانە" بەدی بکەین؛ نەهەر ئەوە، بگرە کار گەیشتە ئەوەی دەرک بە گرنگی و بایەخی مۆزەخانەی نەتەوەیی بکرێ - لە سەرەتای

(تۆفیق وەهبی؛ موناقەشە و ڕەدی ئەو فیکرانەی لەبابەت مەنشەئی شەیتانپەرستی یەزیدیەکانەوە. گەلاوێژ ژمارە (١)، بەغدا 1941

Wahby,Taufi .The Remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan, ankd its Traces in Yazidism. The Yazidis are not Deavil Worshippers. London, 1962

سـالآنی ۷۰دا مـوزەخـانـەی ئێـتنۆگـرافـی، هـەر بەهـەمـان ئـەم ناوە، لە سلێمانی کرایەوە، دواتریش لە شـارەکانی هەولێر و دهۆک و چەندین شـارۆچکەدا مـوزەخـانـەی کـولتـووری و فـۆلکلۆری دامـەزران – بەلآم بەداخەوە بەشێوەیەکی زانستی و پسپۆڕانە پارێزگاریی کەرەستەکانی ئەمـانە نەدەکران و هـەمـیـشـەش پشـتگیـریی پێویسـتـیـیـان بۆ دابین نەدەکرا، بۆیە هەندێکیان تاکو ئێستاش هەر بەکزی ماونەتەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەم بارە ئـیـتنۆگـرافـیـا و کـاری ئێـتـنۆگـرافـیـی بەڕادەیەک پێـشـخـست و دواتریش، وەکو گوتمان لـە سـاڵی۱۹۹٤ەوە، ئێتنۆگرافیا بوو بە بابەتی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

# ئێتنۆس و کۆمەڵگا

ئێتنۆس، وەکو پێشتر پێناسەمان کرد، دیاردەیەکی کۆمەلایەتی – مێژوویییە و دیاردەی لەم بابەتەش دەبێ چەندین ماک و مۆرکی جیاکەرەوەی هەبێت تا لە ناو دیاردەکانی تردا بناسرێتەوە، واتە ناسنامەی تایبەتیی خۆی هەبێت و جیابێت لە دیاردەکانی تر و بەهۆی ئەو ماک و مۆرکانەوە، هەرنەبێ، پسپۆڕان بتوانن دەسنیشانی ئەو دیاردەیە، واتە ئێتنۆس، بکەن.

پێش ئەوەی ماک و مۆرکە ئێتنیکییەکان بخەینەڕوو، هەر زوو، پێویست دەکات لەسەر پێوەندیی نێوان ئێتنۆس و کۆمەڵگە بوەستین؛ چونکە زۆر جاران ئەم دوو وشەیە لەبرِی یەکتر بەکار دێن و کەچی، هەرچەندە پێوەندییەکی بەتێن و ئۆرگانیک لە نێوانیاندا هەیە، بەلام، وەکو دواتر دەبینین، لایەنی جیاواز و بواری لێدوانی لێک جیاشیان هەیە. لەسەرەوەدا چەندین جار دووپاتمان کردەوە کە ئێتنۆس دیاردەیەکی کۆمەلایەتی – مێژوویییە، لایەنی کۆمەلایەتیی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کە ئێتنۆس بریتییە لە کۆمەڵبوونی خەڵک و هەموو کۆمەڵبوونێکیش سستەمێکی پێویستە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵبوونە – ئەوەش واتە کۆمەڵگا (کۆمەڵبوون + سستەم = کۆمەڵگا)... لە هەمان کاتدا هەموو کۆمەڵگایەک لایەنی نەتەوەییی خۆی هەیە و ئەمەش گرنگترین لایەنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتییە و، وەکو پێشتر گوتمان، تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە ڕاستەوخۆ

له لایەنی نەتەوەییــان دایە و بۆیەش، لێرەدا، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە نە ئێتنۆس بێ کۆمەڵگا دەبێ و نە کۆمەڵگاش بێ لایەنی نەتەوەیی.

کــەچی، لەگــەڵ ئەوەشــدا، بواری نەتەوەیی (ئێــتنیکی) بەڕادەیەک جیاوازە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، هەرنەبێ، لەبەرئەوەی ئەمەی یەکەم نەخش و رەنگی تایبــەت بە دووەم دەبەخــشێ و لە چوارچێــوەیەکی دانســقــەدا دای دەڕێژێ – جــا ئەمــەش بەڕیگەی مــاک و مــۆرکــە ئێتنیکییەکانی ئێتنۆسەوەیە کە بریتین لە:

١– ناوی ئێتنیکی/ ناوی نەتەوەیی (ئێتنۆنیم)

٢– زمانی هاوبەش. ٣– خاکی هاوبەش. ٤– مێژووی هاوبەش

٥– کولتووری هاوبەش. ٦– سایکۆلۆگیای هاوبەش

ئەمــانەن بەگــشتی مــاک و مــۆرکی ئێــتنیکیی ئێــتنۆس کـە زۆربەی پسپۆڕان لەسەریان کۆکن؛ لێرەدا دەبێ ئەوەش بلێین کە هەموو ئەمانە پێکەوە، دووپاتی دەکــەینەوە – پێکەوە، دەبن بە مـــەرجی هەبوونی ئێــتنۆس، لەدەســتــدانی هەریەکــێک لەم مــاک و مــۆرکــانە گــومــان دەخاتەسەر ناسنامەی ئێتنیکیی "ئێتنۆس".

## ناوی ئێتنیکی (ئێتنۆنیم - ناوی نەتەوەیی)

ئێـتنۆنیم یەکەمین و گرنـگترین نیـشانەی هەبوونی ئێـتنۆسـە؛ وەکو ئاشکرایە بەبێ ناو نـاکـرێ باس لە دیاردەکـە بکرێ – بـۆیەش هەمـوو دیاردەیەک، لە هەمـان کـاتدا ئێـتنۆسـیش، ناوی تایبــەتیی خۆی هەیە. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئێتنۆنیم لەوەدایە کە ناوێکی مێژووییە، چونکە لەگەڵ دروستبوونی ئێتنۆسەکەدا دەبێ و گوزارش لە لایەنێکی گرنگی مـێژووی ئەو ئێتنۆسـە دەکات، وەکو: سـەرکردەیەک (باپیرەگەورە) –

ئوزبێک، رووس (روسلان)، چیک (چێخ)، رۆمان (رۆمیلیۆس)؛ ناوی شوێن (وڵات) - قیرگیز، ئوکراینا[٣١]؛ یاخۆ جاری واهەیە ناوی ئێتنۆسێک لە تایبەتمەندیی لایەنێکی کولتووری دروست دەبێ وەکو، بۆ نموونە، جلوبەرگ - قەرەقەلپاخ (واتە - کڵاو رەش)[٣٢]؛ جاری واش بووە کە ناوی ئێتنۆسێکی داگیرکەر بووە بە ئێتنۆنیمی ئێتنۆسانی بندەستیان - بولگارە تیورک زمانەکان کە ساڵی ٦٧٩ ناوچەکانی خوارووی زێی (دونا)یان داگیر کرد، دواتر ناوەکەیان بۆ ئێتنۆسێکی سلاڤی مایەوە کە بولگاری ئێستایە[٣٣]. گەلێک لە ناوە ئێتنیکییەکانی ئێستاکەش بەمانای (مرۆڤ) دێن کە لە زمانانی کۆنی ئێتنۆسەکانەوە ماونەتەوە، وەکو بۆ نموونە ناوی ئێتنۆسانی وەکو (تورک) و (نێنفخ)[٣٤]- ئەوەش لەوەوە هاتووە کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ئێتنۆسانەدا، ئەمانە، هەر تەنیا خۆیانیان بە مرۆڤ زانیووە و ئێتنۆس و خەڵکی تریان بە شتی تر، نەک مرۆڤ، داناوە؛ ئەڵمانەکان بەخۆیان دەڵێن (دۆیچ)بە مانای خەڵک یان میللەت دێت، هەروەهاش (نافاخۆ) کە ناوی بەشێکی هیندییەکانی ئەمەریکییە هەمان مانای هەیە[٣٥].

بەڵام بەگشتی، مەرج نییە مانای هەموو ئێتنۆنیمەکان دیار و ئاشکرابن؛ ئەوەش چونکە زۆربەی هەرە زۆریان گەلێ کۆنن و لە زمانە

(31) V.E.Kozlov ; Problema Etnichiskovo Samosoznanya ; Sovetskaya Etnografya, 2/1974, 86

(٣٢) برۆملیە، بۆدۆلنی ؛١٩٨٨، هەمان سەرچاوە، ل٧١

(33) N.N.Chiboksarov, E.A.Chiboksarova; Narodi, Rasi, Kulturi; Moskva, Nawka,1985,65

(٣٤) برومليە، بودولنی؛ هەمان سەرچاوە، ل٦٨

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو

دێرینەکانەوە ماونەتەوە و ئاسان نییە ماناکانیان روون بکرێنەوە – یەکێکیش لەمانە ئێتنۆنیمی (کورد)؛ ئەگەرچی مانای ئێتنۆنیم گەلێ گرنگە و، وەکو گوتمان، پێوەندیی بە مێژووی ئێتنۆسەکەوە هەیە و روونکردنەوەی چەندین لایەنی ئەو مێژووە ئاشکرا دەکات.

دەتوانین سەرنج بدەین کە هەندێ ئێتنۆس دوو جۆر ئێتنۆنیمیان هەیە:

– ئیندۆئێتنۆنیم، ناوی نەتەوەیی خۆیی (ناوەخۆ)، واتە ئەو ناوەی ئێتنۆسەکە لە ناوەخۆیدا بۆ خۆیی بەکاری دێنی و خۆی بەم ناوە دەناسێنێ؛ جۆری دووەمیش:

– ئێکزۆئێتنۆنیم، ناوی دەرەکی، واتە ئەو ناوەی خەڵکی تر، لە دەرەوە، ئەو ئێتنۆسەی پێ دەناسن. نموونەیەکی دیار و بەناوبانگی ئەم حاڵەتەش ئێتنۆنیمی ئەو ئێتنۆسەیە کە ئێمە بە (ئەڵمان) دەیناسین، کەچی ئەندامانی ئەم ئێتنۆسە خۆیان بەخۆیان دەڵێن (دۆیچ) – لێرەدا، ناوی (ئەڵمان)، کەواتە، ئێکزۆئێتنۆنیمە و ناوی (دۆیچ)یش ئیندۆئێتنۆنیم؛ نەهەر ئەوەندە، بەڵکو وەکو دەردەکەوێت ئەم ئێتنۆسە زێتر لە یەک ئێکزۆئێتنۆنیمی هەیە، ئەوەتا رووسەکان بەم ئێتنۆسە دەڵێن (نێمیتس)، ئینگلیز پێیان دەڵێن (جێرمەن)، سویدی – (تیسک)، فینلاندی – (ساکسالیان)، ئیتالی – (تیدیسکۆ)، سرب – (شڤاپ)، فەرەنسی و گەلێ لە ئێتنۆسانی تریش پێیان دەڵێن (ئەڵمان)[36]... ئەم هەموو ناوە دەرەکییە (ئێکزۆئێتنۆنیم)، کەچی خۆشیان بەخۆیان دەڵێن (دۆیچ) و وڵاتەکەشیان (دۆیچلاند). ئەمەش ئەگەرچی حاڵەتێکی تایبەتە، بەڵام روونکردنەوەی خۆشی هەیە؛ وەکو

(36) U.V.Bromley; Ocherkiì Ibd , 46

ئاشکرایە، خێڵ و هۆزە جەرمانییەکان، کە هاتن بۆ ئەورووپای رۆژئاوا و پایتەختی ئیمپراتۆریای رۆمانییان تەخت و وێران کرد، کۆنفدراسیای خێڵەتییان هەبوو کە پێک هاتبوو لە خێڵ و هۆزەکانی: نێمیتس، تیسک، تیدیسکۆ، جێرمەن، ئەڵمان، شڤاپ، ساکسال، فرانک، ڤەندال و... ئەمانە هەریەکە لە ناوچەیەکی ئیمپراتۆریاکە نیشتەجێ بوون و ئێتنۆسانی دەوروبەریش بەناوی ئەو خێڵانەی لێیانەوە نزیکبوون ئەمانەیان ناسیووە و بۆیەش لە ئەنجامدا چەندین ناوی دەرەکیی بۆ ئەم ئێتنۆسە دروستبوون. هەر بەم بۆنەیەشەوە، خێڵەکانی (فرانک) کە ناوچەکانی رۆژئاوای ئیمپراتۆریای رۆمانییان داگیر کرد، واتە ئەو شوێنانەی ئێستاکە وڵاتی فەرەنسا پێک دێنن، ناوەکەیان (فرانک) لە ئەنجامدا بوو بە ئێتنۆنیمی ئێتنۆسی فەرەنسی – دوای ئەوەی ئەم خێڵە جەرمانییە لە ناو دانیشتوانی زمان لاتینیی ئەم ناوچانەدا توایەوە، کەچی ناوەکەی هەر مایەوە و بوو بە ئێتنۆنیم، لە هەمان کاتیشدا، ئەم ئێتنۆسە– مەبەست فەرەنسییە، ناوی (ئەڵمان) بۆ ئێتنۆسی هاوسیی بەکار دەبا کە ئێتنۆنیمی خۆیی لە توخمێکی ئەوەوە بۆ ماوەتەوە. هەرچی سەبارەت بە ڤەندالەکانە، ئەوان بوون کە شاری رۆمایان تەخت و وێران کرد و بەوپەڕی دڕندەیی قەلاچۆی خەڵک و دانیشتوانەکەیان کرد، کەچی ناوەکەیان نەبوو بە ئێتنۆنیم، خۆیی یان دەرەکی، بەڵکو وشەی (ڤەندالیزم) ئێستاشی لەگەڵدابێ مانای دڕندەیی و وەحشیەت دەدات.

ئێتنۆنیمی (کورد)یش، لە ڕووی ریشە و رەچەڵەکەوە، گرفت ئامێزە؛ تاکو ئێستاش مانای ئەم وشەیە دیار نییە، هەندێ هەوڵ و تۆژینەوە لەسەر ئێتنۆنیمی (کورد) ئەنجام دراون، بەڵام بەڵگەی سەلمێنەر بۆ لێکدانەوەکان بەدەستەوە نادەن. سەبارەت بە شێوە و

روخساری ئەم ئێتنۆنیمە، لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێت کە سەرەتا ئەم ناوە (کارد) بووە – ئەویش لە کتێبەکەی مێژوونووس و سەرکردەی جەنگیی یۆنانی کسینۆفۆن بە ناوی (ئاناباسیس) دا هاتووە کاتێک باسی کاردوخەکانی ناوچەی هەکاری دەکات ساڵی ٤٠١ پ. ز. لێرەشدا، هەرزوو دەبێ ئەوە روون بکەینەوە کە لە ناوی (کاردوخ)دا (خ) بەشێکی رەسەنی ناوەکە نییە، بەڵکو ئەمە، وەکو زمانەوانی گەورەی رووس (مار) سەلماندوویەتی – نیشانەی کۆیە لە زمانانی یافیتیدا[٣٧]، یان لە زمانی ئەرمەنیدا[٣٨]، بۆیە ناوەکە (کارد) دەمێنێتەوە و ئەوەش تا بڵێی لە ناوی (کورد)ەوە نزیکە و درەنگتر، دەوروبەری چەرخی ساسانی، ناوی (کورد) یان بەزمانی پەهلەوی (کرد) پەیا دەبێ؛ دواتر ئێمە راشکاوانەتر، لە بابەتی ئێتنۆگنێزی کورد دا، دێینەوە سەر ئەم باسە.

– جێگەی باس لێرە ئەوەیە کە ناوی (کورد) ئیندۆئێتنۆنیمە و لە هەمان کاتیشدا ئێکزۆئێتنۆنیم، چونکە وەکو چۆن کوردەکان خۆیان بەم ناوە دەناسێنن، ئاواش خەڵکی تر کورد بەم ناوە دەناسن؛ بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە بەشێک لە کوردان لەبری (کورد) ناوی (کرمانج) بەکار دێنن... ئێستاش گوێمان لێ دەبێت هەیە دەڵێ: ئەز کرمانجم ! یان وەکو لە سەدەی حەڤدەدا (ئەحمەدی خانی) دەڵێ:

---

(37) Marr,N.Ya.; Esho o Slove _Chelebi_ (K Voprose o Kulturnom Znachenye Kurdiskoy Narodnosti V Istori Peredney Aziy) .Vkn:. Zapiski Vostochnovo Otdela Empiratorskovo Russkovo Arkeologichiskovo Obshestva .T.xx,SPB,1912.

هەروەها بڕوانە: ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ؛ نەژادی کورد – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩

(٣٨) الدكتور جمال رشيد احمد؛ دراسات كرديه فى بلاد سوبارتو؛ بغداد ١٩٨٤، ص٧٣

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کـــرمـــانج د دەولەتێ دنێ دا...

لێرەدا، ئەمە هیچی تر ناگەینێ جگە لەوەی کە ناوی (کرمانج) جۆرێک بووە لە ئێتنۆنیم و زێتریش ڕێی تێ دەچێ کە ئیندۆئێتنۆنیم بووبێ، لەبەرئەوەی هەرگیز نەمان بیستووە، نە ئێستا و نە لە ڕابردووش، خەڵک و ئێتنۆسی تر بە ئێمەیان گوتبێ – کرمانج. دیارە لە ئەنجامدا، وردەوردە ناوی (کورد) کە دەوری ئێکزۆئێتنۆنیمیشی بینیووە جێگەی (کرمانج)ی گرتووەتەوە.. کەچی ئاسەواری ئەمەی دوایی ئێستاش هەر ماوە و بەکار دێ. وشەی(کرمانج)یش ماناکەی، بەهەمان جۆر، دیار نییە، ئەگەرچی کوردناسی رووس ڤ. مینورسکی لێکدانەوەیەکی بۆ ئەم وشەیە هەیە بەڵام، بەڕای ئێمە، گەلێ سەلمێنەر نییە.[٣٩]

بەم بۆنەیەشەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئێتنۆنیمی (کورد) بابەتێکی گرنگی ئێتنۆگرافیای کوردە و پێویستی بە دیراسە و تۆژینەوەی زانستییە؛ ڕوونکردنەوەی مانا و ڕەچەڵەکی ئەم وشەیە گەلێک لایەنی شاردراوەی مێژووی ئێتنۆسی کورد دەردەخات[٤٠].

## زمانی هاوبەش

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێکی خەڵک

---

(٣٩) ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ؛ هەمان سەرچاوە، ل١٥١

(٤٠) بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: G.R Driver; The name -Kurd- and its philological connexions .JRAS,1923,ch III

Dr. Jamal Rashid Ahmad; The Historical Roots of the National Name of the Kurds. Kurdistan Academic Press Erbil,2006

هەروەها د. جمال رشید احمد ؛ هەمان سەرچاوە، ل١٠٤-١٠٨

دەبێ زمانێکی هەبێت و هاوبەش بێت بۆ هەموو ئەندامانی – بەبێ زمانی هاوبەش خەڵک ناتوانن پێکەوە بژین. ئەمە بێگومان ئێتنۆسیش دەگرێتەوە، چونکە وەکو پێشتریش گوتمان، ئێتنۆس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – مێژووییە و "کۆمەڵبوونێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتە..."، بۆیە زمانی هاوبەش مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئێتنۆس. نەهەر ئەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی زمان، لە هەمان کاتدا، دیاردەیەکی کولتووریشە و کولتووریش هەمیشە نەتەوەیییە، کەواتە زمانیش هەمیشە نەتەوەیییە و هەرلەبەرئەوەشە زمان بووە بە مەرج و مۆرکێکی گرنگی ئێتنۆس؛[٤١] هەر لەم رووەشەوە دەبێ بڵێین کە زمان ئەگەرچی توخمێکی کولتوورە، بەڵام لەبەر دەور و بایەخی یەکجار گرنگی، بەڕادەیەکی باش سەربەخۆیە و بۆیەش هەمیشە پێکەوە ناویان دێت و دەگوترێ: زمان و کولتوور– ئەوەش چونکە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەمیشە بەرێگەی زمانی نەتەوەیییەوە پیادە دەکرێن.

هەموو دیاردە و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە زمانی هاوبەشی ئەندامانی ئێتنۆسدا رەنگ دەدەنەوە، لە سۆنگەی ئەوەشەوە ئێتنۆگرافیا، بەتایبەتی، پشت بە زمان دەبەستێت بۆ دیارکردنی رادەی دووری و نزیکی و خزمایەتی لە نێوان ئێتنۆسان دا ـ بۆ ئەمەش ئەم زانستە زمانانی ئێتنۆسانی دابەشکردووە بەسەر چەندین خێزانە زمان کە تێیاندا زمانە لێک نزیکەکان پۆلینکراون.

---

(٤١) د. رەشاد میران ؛ دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ– کۆمەڵایەتیدا. گۆڤاری (زانکۆ) ژمارەی تایبەت بە کۆنگرەی سێیەمی زانستیی زانکۆی سەلاحەدینساڵی ١٩٩٧، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، ل٧

زمـانـی هـاوبەشـی هـەر ئێـتنۆسـێک، وەکـو دیاردەیەکی ئاسـایی، چەندین دیالێکت و شـێوەزاری دەبێ؛ جاری واش هـەیە، ئەم دیالێکت و شێوەزارانـە، تا بڵێی جیاواز و لێک دوورن، بەڵام ئەمـە نابێت بە گرفت بۆ زمـانی هـاوبەش بەتایبـەتیش ئەگـەر ئێـتنۆس زمـانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، واتە زمـانی نووسـینی هـەبێ. لەم رووەوە، ئێـتنۆسی کـورد زمـانێکی هاوبـەشی هـەیە کـە پێی دەگـوترێ (زمـانی کـوردی)، ئەو زمانـەش چەندین دیالێکت و شـێوەزار دەگـرێتـەخۆ کـە بەگشـتی ئەم دیالێکتە سـەرەکییانەن:[٤٢]

- کـرمـانجـیی بـاکوور/بایـەزیدی، بۆسـتـانـی، ئاشـیـتـەیی، هـەکـاری، بادینانی
- کرمانجیی باشوور/موکری، سۆرانی، سلێمانی، سنەیی
- لوڕی /بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسانی
- گۆران /باجەلانی، کاکەیی، زەنگنە، هـەورامی
- زازا -[٤٣]

وەکو دەزانین ئەم دیالێکتانە بەڕادەیەکی باش لێک دوورن، دەتوانین بڵێین گرفتی لێک گەیشتن لە نێوان ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانەدا هـەیە و ئەوەی گـرفـتـەکـەش گـەورەتر دەکـات نەبوونی زمـانێکی ئەدەبیی

---

(٤٢) د. زەرێ یوسوپۆڤا ؛ شـێوەی سلێمانی زمانی کوردی ؛ وەرگێڕانی لە زمانی رووسـیـیـەوە: د. کـوردسـتـان مـوکـریانی. لە بڵاوکراوەکـانی کـۆڕی زانیـاریی کوردستان، هـەولێر ٢٠٠٥، ل١٢ - هـەروەها بڕوانە:

E. A. Smirnova,K. P. Ayubi; Istoriko-Dyaloktologichiskovo Gramatika Kurdiskovo Yazika . Sankt-Peterburg(Nauka)1999.5,223

(٤٣) زبير بلال اسماعيل؛ تاريخ اللغة الكردية. بغداد ١٩٧٧، ص٦٣-٦٥

یەکگرتووی کوردییە؛ کورد بە چەند زمانێکی ئەدەبی دەنووسێ و، لە هەمان کاتدا، چەند رێنووسێکی جیاوازیش بەکار دێنێ: زۆربەی زۆری ئاخێوەرانی کرمانجیی باکوور بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن، کرمانجیی باشوور بە ئەلفوبێی عەرەبی، کوردەکانی رووسیا و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست بە ئەلفوبێی رووسی (کیریلی) و زۆریشیان بەم دوایییە بەلاتینی دەنووسن... ئەمەش کێشەیەکی کولتووری – کۆمەڵایەتی – سیاسیی گەورەی دروست کردووە بۆ کورد، وەکوچۆن خۆشی، واتە ئەم کێشەیە، لە ڕاستیدا زادە و بەرهەمی رەوشی سیاسیی دابەشکراوی نەتەوەی کوردە.

لێرەدا، ئەگەرچی نموونەی ئێتنۆسانی خاوەن زێتر لە یەک زمانی ئەدەبیمان هەیە – وەکو: نەرویجییەکان بە دوو زمانی ئەدەبی دەنووسن و دەخوێننەوە (بوکمۆل) و (نینۆشک)،[44] هەروەها ئەرمەنییەکانی وڵاتی ئەرمەنستان و ئەوانەیش کە لە وڵاتە رۆژئاواییەکان دەژین – دوو زمانی ئەدەبیی لێک جیا بەکاردێنن[45] و رەنگە نموونەی تریش هەبێت... لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم رەوشەی زمانی ئەدەبیی کوردی هەرگیز ئاسایی نییە، بگرە گرفت ئامێزە و دەبێ چارەی گونجاوی بۆ بکرێ – ئەوەش چونکە گرفتێکە لە یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانی ئێتنۆس، مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم گرفتە لە توخمێکی لەم بابەتەدا کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر چارەنووسی

(44) V.P.Berkov; Yazikovoe Polojenye v Narvegi ;V kn. Isledovanya v Yazikoznanye e Etnografye- Yazik E Etnos .Leningrad, Nawka, 1983, P. 5.

(45) S .A.Arutunov; Etnichiskye Protsesy I Yazik. Rasy I Narodi,15/ 1985,Nawka,Moskva,1986, p.32

ئێتنۆسەکە؛ بەگوتەیەکی تر، بۆ ئێتنۆسێکی وەکو کورد - ئەمە بابەتێکی ستراتیژییە و پێوەندیی بە مان و نەمانی نەتەوەیەکەوە هەیە و چارەکردنی پێویستی بە بڕیارێکی سیاسیی بوێرانە هەیە و دەسەڵات دەبێ، بەتایبەتی لەم بوارەدا، دوور بێت لە هەموو هەست و ئینتیمایەکی ناوچەگەری، زانستانە و نەتەوەییانە بڕوانێتە ئاست و رادەی پێشکەوتنی مێژوویی ناوچە و دیالێکت و شێوەزارەکان، چونکە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ دەوری باڵا ببینێ لە هاندان یان تەگەرەخستنە بەردەم پرۆسەی دروستبوون و گەشەکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوودا.

## خاکی هاوبەش

خاک مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئێتنۆس، ئەو گرووپە خەڵکەی خاکێکی هاوبەش و دیاریکراوی نەبێت و بەناوی ئەوەوە نەبێت، لە ڕووی زانستییەوە، بە ئێتنۆس دانانرێت؛ خاک، نیشتمان، وڵات - ئەو پارچە زەوییەیە کە ئەندامانی ئێتنۆس لەسەری دەژین و جۆری ژیانیان: لەلایەنەکانی جیۆگرافی، ئابووری، کولتووری... دیاری دەکات، بۆیەش خاک دەبێت بە ماک و مۆرکێکی ئێتنیکی و ئێتنۆسەکە پێیەوە دەناسرێ. لەم روانگەیەوە، هیچ ئێتنۆسێک نییە بەبێ خاکی ئێتنیکی، ئەوەش هەر نەبێ لەبەرئەوەی دەبێ شوێنێک هەبێت بۆ ئەوەی ئێتنۆس لەسەری دروستبێ؛ زۆر جاران قەرەج دەکەن بەنموونە بۆ ئێتنۆسی بێ خاک، بەوپێیەی قەرەج بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و خاکێکی تایبەت بەخۆیان نییە و هەمیشە هەر لە گەڕان و بەڕێگاوەن؛ بەڵام قەرەجەکان خاکێکی مێژووییان هەیە، لە هیندستان، کە لەسەری دروست بوون وەکو ئێتنۆس، ئینجا لەوێوە بە شوێنەکانی تری دنیادا

بلاو بوونەوە – لە هەر قەرەجێک بپرسیت دەڵێ کە ئەمان بە رەچەڵەک خەڵکی هیندستانن؛ بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە ئێتنۆس نییە خاکی ئێتنیکی و هاوبەشی نەبێت.

خاکی ئێتنیکیش، وەکو مەرجێک، دەبێ بەچڕی ئەندامانی ئێتنۆسی لەسەر بژین، بەجۆرێک کە شەقڵی ئەو ئێتنۆسەی پێوە بێ و دیار و بەرچاو بێت کە ئەمە خاکی ئەو ئێتنۆسەیە و سنوورەکانی بە دانیشتوان دەردەکەوێ نەک بە سنووری سیاسی یان ئیداری. هەروەها مەرجی مێژوویزم بۆ خاکی ئێتنیکی یەکجار گرنگە، دەبێ پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژ خاک و ئێتنۆسەکە پێکەوە ببەستێتەوە؛ لە ماوەی ئەم پرۆسە مێژووییەشدا، خاکی ئێتنیکی بۆی هەیە گۆڕانی بەسەر دابێت – رووبەری فراوان یان بچوک دەبێتەوە، جاری واش هەیە ئێتنۆس خاکی خۆی دەگۆڕێ و نشیمەنی خۆی دەگوازێتەوە، کاتێک سەرلەبەری ئێتنۆسێک کۆچ دەکات، بۆ نموونە: ئێتنۆسەکانی هەنگاری، فینلەندی، ئیستۆنی سەرەتای مێژوویان لە زنجیرەچیای (ئوراڵ)ەوە دەست پێ دەکات کە دەکەوێتە ناوەڕاستی رووسیا و دەبێتە سنوورێکی سروشتیی نێوان ئەوروپا و ئاسیا، ئێستاکەش ئەوا لە ئەوروپادا دەژین[٤٦]– بێگومان مێژوویەکی درێژیش بەسەرچوو تا ئەم خاکە تازانە بوون بە خاکی ئێتنیکیی ئەم سێ ئێتنۆسە؛ هەروەهاش تورکەکان، تەنیا لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی زایینی دا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ وڵات و ناوچەکانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا کۆچیان کرد، سەرەتا لە ئێران و "عێراق"ی ئێستا مانەوە، ئینجا وردەوردە بەرەو رۆژئاوا بۆ ئەنادۆل (تورکیای

---

(٤٦) برۆملیە، بۆدۆلنی ؛ ١٩٨٨هەمان سەرچاوە، ل١٢٥

ئێستا) کشان و لەوێ جێگیربوون و مانەوە[٤٧].

خاکی ئێتنیکی بۆ ئەندامانی ئێتنۆس مۆرکێکی پیرۆزە، چونکە جۆری ژیانیان دادەڕێژێ؛ لە ڕووی ئابوورییەوە پیشەیان دیاری دەکات – کشتوکاڵی، ئاژەڵ بەخێوکردن، ڕاوەماسی، بازرگانی... هەروەها گەلێک لە توخمە کولتوورییەکانی ئێتنۆس پێوەندییان بە جۆری خاکەکەوە هەیە – هەر لە کەلوپەلی ناوماڵ و ئامێرەکانی کارپێکردنەوە بگرە تا دەگاتە بیروباوەڕ و لایەنی روحی؛ بۆ نموونە – خاکی کوردستان کە نەکەوتووەتە سەر دەریا، کورد هەرگیز پێویستیی نەبووە، وەکو یابانی، خواوەندی دەریا بپەرستێ. جگە لەوەش، ئەم جۆرە نەفسیەت و شێوازی بیرکردنەوە و زەوق و میزاجەی کورد پێی ناسراوە، بەشی هەرەزۆری، لە خاکەکەیەوە هاتووە. بۆیەشە، کەواتە، خاکی ئێتنیکی (نیشتمان) واتە ژیان و چارەنووس، لەبەرئەوەشە ئەندامانی ئێتنۆس داکۆکی لێ دەکەن، قوربانیی بۆ دەدەن، دەیپارێزن و ئاوەدانی دەکەن.

## مێژووی هاوبەش

هەموو ئەو مۆرکانەی لە سەرەوە باسکران، هەروەهاش ئەوانەی دواتر دێن، لە پڕێکەوە دروست نابن، بەڵکو لە ماوەی پرۆسەیەکی

(47) Vsemirnaya Istorya ;Politichiskaya Kultura, Moskva, 1957, T.III, p.110-125,504

سەبارەت بە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و تورک بڕوانە: د. ڕەشاد میران؛ ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا. چاپی ٢، کوردستان ٢٠٠٠، کتێبی سەنتەری برایەتی، ل٥٠ و ٢٢٩ ؛ هەروەها بڕوانە: د. مصطفی جواد؛ جاوان القبیلة الکردیة المنسیة و مشاهیر الجاوانیین. بغداد ١٩٧٣، ص١٢-١٣

مێژوویی دووورودرێژ، یان بگره لەگەڵ مێژووی دروستبوونی ئێتنۆسدا سەرهەڵدەدەن... بۆیەش ماک و مۆرکی ئێتنۆس تا بڵێی توند و چەسپاون، رەگ و ریشەیان قووڵ داکوتراون – ئەو مێژووە وا دەکات نەمان و سڕینەوەیان مەحاڵ بێ. ژیانی پێکەوەی نەوە بەدوای یەکدا هاتووەکانی ئێتنۆس ئەو مێژووە دەکات بە مێژوویەکی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی – هەر ئەندامێکی ئێتنۆس بگریت خۆی بە رۆڵەی ئەو مێژووە و نەوەکانی پێشتریش بە باوباپیرانی خۆی دەزانێ... هێزی مێژوو لەوەدایە کە کۆن و نوێ پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەش نەک هەر بەردەوامیی ژیانی ئێتنۆس دەرەخسێنێ، بەڵکو خودی ئێتنۆسیش توند و تۆکمە دەکات.

ئێتنۆس، وەکو گوتمان، دیاردەیەکی مێژووییە، واتە هەلومەرجی مێژوویی دروستی دەکات و هەڵگری شەقڵ و سیمای هەموو قۆناغە مێژووییەکانە کە پێیاندا تێ پەڕیوە.

## کولتووری هاوبەش

هەموو ئەو مەرج و مۆرکە ئێتنیکیانەی سەرەوە، پێکەوە، جۆرێکی شێوازی ژیانی تایبەت بۆ ئەو خەڵکە (ئێتنۆس)، بەپێی چەندین توخم و رەگەزی مادی و مەعنەوی، دادەرێژن – ئەو شێوازی ژیانەیە پێی دەگوترێ کولتوور (فەرهەنگ، الثقافة)؛ چونکە ژیانی رۆژانە بەهۆی کولتوورەوە پیادە دەکرێ، بۆیەش چەمکی کولتوور تا بڵێی گەورە و فراوانە و یەکێکە لەو چەمکانەی زێترین پێناسەی هەیە. لەم رووەوە، رەنگە بتوانین پێناسەیەکی گونجاوی کولتوور بکەین کە بریتییە لە: کۆی هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە مادی و مەعنەوییە جێگیرانەی کە دەور دەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی ئێتنۆس

(کۆمەڵ).(٤٨) کەواتە، لەبەرئەوەی کولتوور لە توخمی مادی و مەعنەوی پێک هاتووە، بۆیەش دەبێ بە دوو بەشەوە – کولتووری مادی و کولتووری مەعنەوی:

کولتووری مادی/ پێک هاتووە لە هەموو ئەو پێداویستییە مادییانەی لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردێن وەکو: خۆراک، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆپێکردن، ئامێرەکانی مۆسیقا، خشڵ، چەک، ئامێر و کەرەستەکانی راوکردن؛ ئەگەر سەرنج بدەین، هەموو ئەمانە پێداویستیی ژیانن و لای هەر ئێتنۆسە و بەجۆرێک و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە(*).

---

(٤٨) بێگومان چەمکی "کولتوور" یەکێکە لەوانەی پێناسەی زۆریان هەیە، کورتترین و راشکاوترینیان بەڕای ئێمە ئەوەی زانای سۆڤیەتیArtanovski.A.S یە: "کولتوور وەڵامی کۆمەڵگایە بەرامبەر بە پێداویستی و مەترسییەکانی سروشت و دەوروبەر " بڕوانە:

S.A.Artanovski ;Hekotori Problemi Teori Kulturi .Leningrad,1977, 14-18

(*) ئەم سەرچاوانەی خوارەوە زانیاریی دانسقەیان لەخۆگرتووە دەربارەی کولتووری مادیی کورد:

– پرۆفیسۆر د. لیژەک ژیگیل ؛ کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بەنوێبوونەوە. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی . کتێبی سەنتەری برایەتی، هەولێر ١٩٩٩

– باسيل نيكيتين ؛ الكرد _ دراسة سوسيولوجسة و تاريخية. تقديم لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية الدكتور نوری طالباني.أربيل ٢٠٠٤

–Kurdish Artifacts from the National Museum of Georgia; Dimitri Pirbari, Lamara Pashaeva, Eldar Nadiradze.Tblisi- Moskva 2007

- Hanny H.H.;The Kurdish Womans Life. Kobenhaven,1961

کولتووری مەعنەوی/ هەموو پێداویستییە روحی و نامادییەکانی ئەندامانی ئێتنۆس کە رۆژانە بەکاریان دێنن – وەکو: زمان، داوونەریت، ئاین، فۆلکلۆر. پێویستە ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ئەگەرچی "زمان" خۆی توخمێکی کولتووری مەعنەوییە، بەڵام لەبەر کاریگەری و دەوری گرنگی وەکو مەرج و ماکێکی ئێتنیکیی سەربەخۆ دادەنرێ. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە توخمێکی گرنگی وەکو ئاین لای ئێتنۆسێک، با بنەما و سەرچاوە سەرەکییەکەشی نەتەوەیی نەبن، کەچی ئاوێتەی توخم و رەگەزە کولتوورییەکانی تر دەبێ و شەقڵی نەتەوەیی ئێتنۆسەکە وەردەگرێ، یان هەرنەبێ، ئەو ئاینە، لە ژیانی رۆژانەدا نەتەوەییانە پیادە دەکرێ- بۆیە کولتوور، بە هەردوو جۆر توخمەکانییەوە، هەمیشە نەتەوەییە.

## سایکۆلۆگیای هاوبەش

ئەندامانی هەر ئێتنۆسێک بۆ ئەوەی بتوانن یەک بگرن و پێکەوە بژین، دەبێ لەلایەنی دەروونییەوە وەکو یەک یان لێک نزیک بن؛ هەر ئەوەشە، واتە لایەنی دەروونی (سایکۆلۆگی)، بەهێزی و توندوتۆلی یەکێتیی ئێتنیکی دەرەخسێنی. لایەنی دەروونیی ئەندامانی ئێتنۆس لەم بوارانەدا خۆی دەنوێنێ: ئاکار، چێژ، میزاج، شێوازی بیرکردنەوە (عەقلیەت، مینتالیتێت)... گرنگی و بایەخی ئەم بوارانە لەوەدایە کە، لە راستیدا، ناخی ئەندامانی ئێتنۆس دەردەبڕن، بۆیەش لایەنی دەروونیی ئێتنۆس، هەندێ جار، بە "روحی نەتەوە" دانراوە(٤٩).

بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە، لێرەدا، هەرگیز مەبەست

(٤٩) باسیل نیکیتین ؛ الکرد - ص٩٣-٩٤

لایەنی دەروونیی هەر تاکەکەسێکی ئەندامی ئێتنۆس نییە، بەڵکو لایەنی دەروونیی کۆی هەموو ئەندامان پێکەوە – کە ئەمەش جیاوازە لە تایبەتمەندیی هەر تاکێک بەتەنیا. کەواتە هەر ئێتنۆسە تارمایی سایکۆلۆگیایەکی تایبەتی بەسەرەوە دیارە، بۆیەش هەمیشە دەگوترێ عەقلیەتی کوردی یان زهنیەتی عەرەبی، مینتالیتێتی ئەمەریکی یا ئینگلیزی یان فەڕەنسی... هتد – چونکە ئێتنۆسان شێوازی بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوەش زۆر بەڕوونی لە هەڵوێست و چالاکی و چۆنیەتیی چارەکردنی کێشە و گرفتەکانیاندا رەنگ دەداتەوە؛ هەروەهاش سەبارەت بە لایەنی ئاکار و میزاجەوە کە هەر ئێتنۆسێک ئاکار و میزاجی خۆی هەیە، بۆ نموونە: ئەڵمان بە رێکوپێکی ناوی دەرکردووە، ئیسپان بە گەرموگوڕی، ئینگلیز بە ساردوسوڕی، ئیتالی بە مۆسیقا، هیندی بە سەما، ئێرلاندی بە کەللەرەقی(٥٠)، سویدی شەرمن(٥١)... بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە وەنەبێ ئەم سیفەت و لایەنانە تەنیا لای ئەو ئێتنۆسانە هەبن و ئەوانی تر لێیان بێ بەشن، بەڵکو ئەمانە زێتر و روونتر ئەم سیفەتانەیان پێوە دیارە و بۆیەش بۆیان بووە بە نیشانەی جیاکەرەوە، دەنا هەموو ئێتنۆسانی تریش هەمان ئەم سیفەتانەیان بەڕادەی جیاواز تێدا هەیە.

بۆیە، کەواتە، لە کاتی باسکردن، لێکۆڵینەوە یان مامەڵکردن لەگەڵ هەر ئێتنۆسێکدا دەبێ، بەشێوەیەکی تایبەتی، رەچاوی لایەنی سایکۆلۆگیای هاوبەشی ئەندامەکانی بکرێت – ئەمە دەبێتە پێوەرێکی گرنگ لە رادەی دوورکەوتنەوە یان نزیکبوونەوە لەم ئێتنۆسە.

(50) V.E.Kozlov; O Nekotorikh Metodologichiskikh Problemakh Izuchenya Etnichiskoy Psikhologi ; Sovetskaya Etnografya, 2/1983, 74-79

(51) Ake Daun ; Svensk Mentalitet ; Simrishamn (Sweden)1989, p.13

## ڕێبازەکانی دابەشکردنی میللەتان

ئێتنۆس (میللەت، نەتەوە) لەسەر نەخشەی ئێتنۆگرافیی جیهان زۆر و جۆراوجۆرن، لەبەر هەندێ خاڵی هاوبەش یان جیاکەرەوە لە نێوانیاندا پێویست دەکات پۆلین و دابەشبکرێن بەسەر گرووپە و کۆمەڵی جیاواز، ئەویش بەرێگەی چەند ڕێبازێگی ئێتنۆگرافی دەبێت کە هەریەکێک پێوەری تایبەتیی خۆی هەیە بۆ دابەشکردنی ئێتنۆسان- ڕێبازەکانیش ئەمانەن:

١- ڕێبازی جیۆگرافی

٢- ڕێبازی ئەنترۆپۆلۆگی

٣- ڕێبازی زمان

٤- ڕێبازی کۆمەڵایەتی - کولتووری

وەکو دیارە، پێوەری ڕێبازەکان لە ناوەکانیاندا دەسنیشانکراون. جا بابزانین هەر ڕێبازە و پێوەری خۆی بۆ پۆلینکردنی ئێتنۆسان چۆن بەکار دێنێ:

### ڕێبازی جیۆگرافی

پێوەری ئەم ڕێبازە بۆ پۆلینکردنی ئێتنۆسان هۆکاری جیۆگرافییە، ئەمیش لە دوو لایەنەوە - لە لایەک جیۆگرافیا بە مانای شوێن (جێگە)، واتە ئێتنۆسان لە کوێ دەژین، خاک و نشیمەنیان کەوتووەتە

چ ناوچەیەکی جیۆگرافی؛ بۆ نموونە، ئێتنۆسی کورد لە ناوچەیەکی جیۆگرافی - کولتووری بەرفراواندا دەژی بەناوی (خوارووی رۆژئاوای ئاسیا) یان (ئاسیای بەرایی). هەر لەم ناوچەیەدا، شانبەشانی کورد، چەندین ئێتنۆسی تر هەن کە هەموویان لەبەر هۆکاری جیۆگرافی، کە لە یەک ناوچەدا دەژین، بووین بە هاوسێی یەکتر و پێوەندییەکی مێژوویی و کولتووریی بەهێزیان لە نێواندا هەیە و کەواتە گەلێ خاڵی هاوبەش ئەم ئێتنۆسانە کۆ دەکاتەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئێتنۆگرافیا سەرزەمینی بەسەر چەندین ناوچەی جیۆگرافی - کولتووری دابەش کردووە کە لە هەر یەکێکیاندا کۆمەڵێک ئێتنۆس دەژین[٥٢]، وەکو:

- خوارووی رۆژئاوای ئاسیا: کورد، عەرەب، تورک، فارس، جوو، کلدۆئاشور، بلوج، ئازەر، تات، تالیش، پەشتو و گەلێ گرۆپەی ئێتنیکیی تر.
- رۆژئاوای ئاسیا: گورج، ئەرمەنی، ئازەری، چیچانی، ئۆسیتی، ئاڤاری، لەزگینی، ئینگوشی، چەرکەسی، لازی (ئەمانە ئێتنۆسانی ناوچەی قەفقاسیان)؛ هەروەها لە ناوچەکانی زنجیرەچیای ئوراڵ دا ئەم ئێتنۆسانە هەن: خانتی، مانسی، ڤێپس، نگانسان، سێلکوپی...
- خوارووی ئاسیا: هیند، بەنگال، پەنجابی، کشمیری، سیندی، سینگالی، تێلوهو، تامیل، مالایالی، تولو، کاننارا، بیهاری، هوجاراتی، ئەسسام (بۆتان)، گورکهی و کهاس (نیپال)... هتد
- خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا: تای، ڤێت، کخمێر، مالای، تاگالی،

(52) N.N .Chiboksarov,E.N .Chiboksarova;1985, Ibd,114-121

بالی، بیکۆلی، مالی، ئیلۆکی...

- ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: چینی (خان)، دونگان (خوئی)، تیبێتی، یابانی، ئاینی، کۆری...

- ناوەڕاستی ئاسیا: مەنگۆلی، کازاخ، ئوزبێک، تورکمان، قرگیز، تاجیک...

- باکووری ئاسیا: رووس، یاقوت، چوکچە، نێنتسی، ئێنتسی، کاریل، لاپار، ئەسکیمۆ، ئەلیئوت...

هەروەها ناوچە کولتوورییەکانی ئەورووپاش ئەمانەن:

- ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا: رووس، ئوکراینی، بێلەرووس، پۆڵۆنی، بولگاری، ڕۆمانی...

- باکووری ئەورووپا: رووس، لاتڤی، لیتۆڤی، ئیستۆنی، ڤین، لاپار، سویدی، نەرویجی، ئایسلاندی، دانمارکی...

- ناوەڕاستی ئەورووپا: چیک، سلۆڤاک، هەنگاری، کروات، نەمساوی، سویسری، لوکسمبۆرگی...

- خوارووی ئەورووپا: تورک، یۆنانی، سرب، ئەلبان، مەکدۆنی، ئیتالی، کۆرسیکی، ئیسپان..

- ڕۆژئاوای ئەورووپا: ئەڵمان، فەڕەنسی، هۆڵەندی، بەلجیکی، ئینگلیز، سکۆتلاندی، ئێرلاندی، وێلز، پورتوگالی، باسک، ئیسپان...

هەموو کیشوەرەکانی تریش، بەهەمان شێوە، بەسەر ناوچەی کولتووریی جۆراوجۆر دابەشکراون و ئێتنۆسەکانیان پۆلین کراون.

لەلایەکی تریشەوە، جیۆگرافیا هەروەها کەش و هەوا و شێوەی خاک و زەمینیش دەگرێتەوە - ئەمانەش هۆکاری جیۆگرافیی یەکجار

کاریگەرن؛ بۆیە مەرج نییە دوو ئێتنۆس هاوسێی یەک بن تا لێک بچن، بەڵکو تەنانەت ئەگەر زۆریش لێک دووربوون، بەڵام ئاووهەوا و خاکەکەیان وەکو یەک بوون ئەوا، بێگومان، ئەو دوو ئێتنۆسە خاڵی هاوبەشی زۆریان دەبێ. بۆ نموونە، ئێتنۆسانی شاخاوی – لە گەلێ لایەنی کولتووری و سایکۆلۆگی و تەنانەت جەستەییشەوە لێک دەچن، هەروەهاش ئێتنۆسانی دەشتایی، سەردەریا، ئیستیوائی، قوتبی...

## رێبازی ئەنترۆپۆلۆگی

ئەم رێبازە لە پۆلینکردنی ئێتنۆساندا پشت دەبەستێت بە فاکتەری ئەنترۆپۆلۆگی، واتە سیما مرۆییە – بایۆلۆگییەکانی ئەندامانی ئێتنۆس: رەنگی پێست، کەللەی سەر، دەموچاو، قژ، بەژن و بالاّ... لەم رووەوە زانستی ئەنترۆپۆلۆگیا، لەسەر بنچینەی رەنگی پێست، مرۆڤایەتیی دابەش کردووە بەسەر چەند رەگەزێک:(٥٣)

رەگەزی سپی (ئەوروپی)
رەگەزی رەش (زنجی)
رەگەزی زەرد (مەنگۆلی)
رەگەزی ئوسترالی

هەریەک لەم رەگەزانە تایبەتمەندیی بایۆلۆگیی خۆی هەیە کە دەبێ بە بەڵگەی خزمایەتیی گێنێتیکیی ئێتنۆسانی سەربە هەر رەگەزێک؛ یان هەرنەبێ هێمایە بۆ تێکەڵبوون و بەیەکەوەژیانی مێژوویی چەندین

---

(٥٣) سەبارەت بە ژمارەی رەگەزی ئەنترۆپۆلۆگی رای جۆراوجۆر هەن – هەیە دەیکا بە (٦)، یان (١١) رەگەز ؛ بڕوانە:
المير اسماعيل علي؛ السلالات البشرية. بيروت، ١٩٨٢، ص١٠١– ١٢١

ئێتنۆس و کارلێککردنی جەستەیی و کولتووریی نێوانیان؛ بێگومان هەر رەگەزێکیش بەسەر چەند لقی ئەنترۆپۆلۆگی دابەش دەبێت و جاری واش هەیە لقەکان کەل و پۆپیان لێدەبێتەوە.

لێرەدا چارەنووسی ئەنترۆپۆلۆگی ئێتنۆسی تورک لە تورکیا تا بڵێی سەرنج راکێشە؛ ئەم ئێتنۆسە بە رەچەڵەک سەر بە رەگەزی مەنگۆلییە و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە، مەڵبەندی رەگەزی مەنگۆلی، بەشێوەی گرووپە خێڵ بەرەو رۆژئاوا کۆچی کردووە و لە ماوەی چەندین سەدەدا لە ناوچەکانی ئاسیای بچووک گیرساوەتەوە و لەوێ پرۆسەکانی دروستبوونی ئێتنۆسی تورکی بەئەنجام گەیشتوون – بەڵام هەموو ئەو ماوەیە، کە بە دەیان سەدەیە، مێژوویەکی دووروودرێژی تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕی بایۆلۆگی و کولتووریی توخمەکانی ئەو ئێتنۆسە بووە لەگەڵ ئێتنۆسە رەسەنەکانی ئەم ناوچەیەدا کە بەجۆرێکی سەرەکی سەر بە رەگەزی سپی بوون؛ وەکو ئێتنۆسانی: کورد، ئەرمەن، یۆنانی، عەرەب، لاز، چەرکەس و گەلێکی تریش. لە ئەنجامدا، سیمای ئەنترۆپۆلۆگیی ئێتنۆسی تورکی، نزیکەی، بەتەواوی گوڕاوە و ئێستاکە ئەندامانی ئەم ئێتنۆسە بەجۆرێکی سەرەکی سەربە رەگەزی ئەورووپین. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە پێوەندییە ئەنترۆپۆلۆگییەکان تەنیا دەرئەنجامی بایۆلۆگییان لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو بەهەمان رادەش دەرئەنجامی کولتووری لەگەڵدا دەبێ، بۆیەش ئەم رێبازە و پۆلینکردنەکەی بۆ ئێتنۆسان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە ئێتنۆگرافیادا.

سەبارەت بە جێگەی ئێتنۆسی کورد لە پۆلینکردنی ئەنترۆپۆلۆگیدا، ئەوا سەربە رەگەزی سپی (ئەورووپی)یە؛ بەڵام یەکڕایی نییە سەبارەت بە لقە ئەنترۆپۆلۆگییەکەی – هەندێ لە زاناکان لەو باوەڕەدان کە کورد

سـەر بە لقی (ئەفغـانی)یە، لە هـەمـان كـات هـەیە كـورد دەباتەوە بۆ لقی (ئەرمـێنیـۆدی)، رای واش هـەیە گـوایە كـورد لـە لقی (ئاسـیـریـۆدی)یە، هـەرسـێ ئەم لقـەش سـەر بە رەگـەزی سـپـین[٥٤]. لە ڕاسـتـیـدا، كـورد لە ڕووی ئەنتـرۆپۆلۆگی و كـولتـووریـیـەوە لە هـەرسـێ ئـەم ئێـتـنۆسـانـەوە (ئەفـغان، ئەرمـەنی، ئاسـوری) نزیكە، بەڵام بەڕای ئێـمـە، رەنگبێ، زێـتر لە لقی ئاسیریۆدییەوە نزیک بێت.

## ڕێبازی زمان

زمـان، وەكـو گـوتمـان، پێـوەرێكی گـەلێ گرنگە بۆ دیـاركـردنی رادەی لێک نزیكیی ئێتنۆسـان؛ چونكە زمـان دیاردەیەكی كولتووریی كاریگەرە و خزمـایەتیی ئێتنۆسـان، بەتایبـەتیی، لە ڕووی زمانەوە دەردەكـەوێت و ئەو خـزمــایەتیـیــە، لە زۆربـەی حــاڵەت، دەبێــتــە بەڵگـەی رەچەڵـەكی هـاوبەشی ئێـتنۆسـان – لێـرەشـەوەیە گـرنگی و بایەخی ئەم رێبـازە بۆ ئێــتـنۆگــرافــیـا . بۆ ئەو بـەمــەبــســتــەش، واتـە دەرخــســتـنی رادەی (خـزمـایەتی)ی ئێتنۆسـان، ئێتنۆگرافیـا زمـانانـی سـەرزەمـینی بەسـەر چەند خـێـزانـەزمـانیک بـەشـێـوەتەوە و هـەرخـێـزانێک دەبێـتـە چەند گــرووپـەزمـــان و هـەر گــرووپـەیەكــیـش لە چەند زمـــانێک پێک دێت. خێزانەزمانەكانیش ئەمانەن:[٥٥]

١– خێزانەزمانی هیندۆئەورووپی

٢– = سامی

(54) K.K.Kurdoev ;_Kurdi_, v kn ._Narodi Predney Aziy_, Moskva,1957

(55) U.V.Bromley, G.E.Markov; 1982,Ibd, 16-17

٣- = قەفقاسی
٤- = ئەڵتای
٥- = ئوراڵ
٦- = چینی – تیبیتی
٧- = دراڤیدی
٨- = کۆنغۆ – کۆردوڤان (نیگرۆ- کۆردوڤان)
٩- = نیلۆ – سەحارا
١٠- = کۆیسانی
١١- = ئاڤسترۆ ئاسیا
١٢- = ئاڤسترۆنیزیا
١٣- = تای
١٤- = هیندییەسوورەکان
١٥- = پاپواس
١٦- - ئەسکیمۆ
١٧- = یابانی
١٨- = کۆری "

وەکو گوتمان، هەریەک لەم خێزانەزمانانە دەبن بە چەند گرووپەزمان کە هەریەک لەو گرووپانە چەند زمانێک لەخۆ دەگرێ؛ تەنیا دوو دوا خێزانەزمان نەبێ (یابانی و کۆری) کە هەریەکێکیان لە یەک تاکەزمان پێک دێ، واتە ئەم زمانانە بەتەنیان و هیچ خزمێکیان نییە.

بۆ زێتر روونکردنەوەی پۆلینکردنی زمانان، چەند خێزانەزمانێک لە ڕوانگەی ئەم ڕێبازەوە شرۆڤە دەکەین:

**خێزانەزمانی هیندۆئەورووپی:**

| گرووپەزمان | زمانەکان |
| --- | --- |
| ١- ئیرانی | کوردی، فارسی، بلوجی، پشتۆ، تاجیکی، ئوستینی، تالیش، تات، خەزاری |
| ٢- هیندی | هیندی، بەنگالی، سندی، کشمیری، پەنجابی، ماراجها، بەهاری، قەرەج ... |
| ٣- سلاڤی | رووسی، ئۆکراینی، بێلەرووسی، پۆلۆنی، بولگاری، سربی، کرواتی، مەکدۆنی، مۆنتی نیگرۆ، بۆسنی، چیکی، سلۆڤاکی، سلۆڤێنی ... |
| ٤- رۆمانی | رۆمانی، مۆلداڤی، ئیتالی، فەرەنسی، ئیسپانی، کۆرسیکی، پورتوگالی، کاتۆلۆنی ... |
| ٥- جەرمانی | ئەڵمانی، ئینگلیزی، سکۆتلاندی، هۆڵاندی، فلاماندی، فریز، لۆک، نەمساوی، سویدی، نەرویجی، دانیمارکی، ئایسلاندی، ئەلزاسی ... |
| ٦- باڵتیکی | لاتڤی، لیتۆڤی |
| ٧- کیلتی | ئێرلاندی، وێلزی، بریتۆنی، گال |
| ٨- یۆنانی | یۆنانی |
| ٩- ئەرمەنی | ئەرمەنی |
| ١٠- ئەلبانی | ئەلبانی |
| ١١- باسک | باسک |

**خێزانەزمانی سامی:**

| گرووپەزمان | زمانەکان |
|---|---|
| ١- سامی | عەرەبی، ئاسووری، عیبری، ئەمهاری، تیگرای، مالتی، تیگری |
| ٢- بەربەری | تەواریق، قەبیلە، شاوییە، ریفی، تامازیق، زەناگە ... |
| ٣- کوشی | گاللا، سۆمالی، سیدامۆ، بیجا، دەناقیل، عیراکو، ساهو |
| ٤- چادی | هاوسا، ماندارا، ئەنجاس، کوتوکو ... |

**خێزانەزمانی قەفقاسی:**

| گرووپەزمان | زمانەکان |
|---|---|
| کارتڤێل | گورجی (جۆرجی) |
| داغستانی | ئاڤاری، لەزگینی، لاکی، تاباسەرانی، روتوولی، ئاگوولی، تساهووری، چیچانی، ئینگووشی، ناخی |
| ئەدیگۆئەبخازی | ئەدیگی، ئەبخازی، کابەردینی، چەرکەسی، لازی، ئەبازینی |

**خێزانەزمانی ئەڵتای:**

| گرووپەزمان | زمانەکان |
|---|---|
| تیورکی | تورکی، کازاخی، ئوزبێکی، تورکمانی، قرگیزی، ئازەربایجانی، تەتەری، چوڤاشی، بەشکیری، یاقوتی، قەرەقەڵپاخ، کومیکی، |

| | |
|---|---|
| | ئویگووڕی، توڤینی، قەرەچایی، خەکاسی، بەڵکاری، ئەڵتایی، نۆگایی، شۆڕی، دۆڵگایی، کارایمی |
| مەنگۆلی | /مەنگۆلی، بوریاتی، کەڵمیکی، دونسیانی، توو(مەنگۆڕی)، توفالاری |
| تونگووسی –مەنشووری/ | تونگووسی، مەنشووری، ئێڤێنی، نانایی، ئوولی، ئوودێئی، ئۆڕۆیی، ئۆڕۆکی |

**خێزانەزمانی ئوراڵ:**

| گرووپەزمان | زمانەکان |
|---|---|
| فینی | فینی (فینلاندی)، مۆردڤا، ئیستۆنی، ماری، کۆمی، کارێلی، ڤێپسی، سەئامی (لاپاری)، ئودموردی. |
| ئویگۆری | هەنگاری (مەجەری)، خانتی، مانسی |
| سامۆدی | نێنسی، ئێنسی، سێلکوپی، نگانسانی |

بەم جۆرە هەموو خێزانەزمانەکان، بەهەمان شێوە، دابەش دەبن بەسەر چەند گرووپەزمان کە ئەمانیش هەریەکە کۆمەڵێک زمان لەخۆ دەگرێت، ئەو خێزانەزمانانە نەبن کە تەنیا لە یەک زمان پێک هاتوون وەکو خێزانەمانەکانی کۆری و یابانی. هەندێ خێزانەزمانیش هەن کە گرووپە زمانیان نییە و تەنیا لە چەند زمانێک پێک هاتوون. لێرەشدا هەوڵ دەدەین لە هەریەک لە خێزانەزمانەکانی تریش چەند زمانێک بژمێرین تەنیا بە مەبەستی ئاشنابوون(٥٦):

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو

| خێزانەزمان | زمانەکانی |
| --- | --- |
| – چینی – تیبیتی | / چینی، تیبیتی، ئیتسزوو، بای، خانی، لیسوو، ناسی تووتسزیا، |
| – دراڤیدی | / تیلوهوو، تامیل، مالایالی، کەنارا، توولو |
| – کۆنغۆ – کۆردوڤان | /نیگری، کۆنغۆ(بانتۆ)، کۆردوڤان، چامبا، باندا، کۆئالیب، تالودی |
| – کۆیسانی | / بووشمانی، سانداوی، هاتسایی، هۆتینتۆت ... |
| – نیلۆ –سەحارا | / سانگای، کانووری، تووبوو، مابا، فوور، کۆما، دینکا، نووبی، |
| – ئاڤسترۆئاسیا | / ڤێتنامی، کخمێری (کەمبۆدی)، مۆنی، سینۆی، میاویاو ... |
| – ئاڤسترۆنێزیا | / ئیندۆنیزی، فیلپینی، ئائێتا، مۆرۆ، مالایی، مالیزی، چامی ... |
| – تای | / بۆرمایی(کارێن، کایا، کاچینی،ناگا)، تایلاندی(شانی، سیامی، لاۆو، لی، کیون، فووان) |
| – پاپواس | / تیدۆری، تیرناتی، ماریندانیم، سینتانی، ئێکاری، تاپیرۆ، جابی (دەوڵەتی گڤینیای نوێ لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا) ... |
| – هیندیی سوور | / ئەتاپاسکی، ئالگۆنکینۆ، هۆکا– سیۆ، مایا– سۆکێ، چیبچا، ئاراڤاکس، کیچوو، تووپی– گوارانی، ئایمارا، چۆن، پوێلچێ، |

ئاراوکانی، زمانانی کاریبی ...

- ئەسکیمۆ / ئەلیئووتی، ئەسکیمۆ، چوکچا، کەریاک، ئیتێلمێنی ...

- یابانی / یابانی

- کۆری / کۆری

## ڕێبازی کۆمەڵایەتی - کولتووری:

ئەمەش ڕێبازێکی ترە بۆ پۆلین و دابەشکردنی ئێتنۆسان؛ بەڵام ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم ڕێبازە لە هەموو ئەوانی تر "ئێتنۆگرافیترە"، چونکە لە کارەکەیدا پشت دەبەستێت بە دوو توخمی ئێتنۆگرافی هەرەگرنگ کە ئەمانیش: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و بواری کولتوورە کە هەردووکیشیان، بەڕادەیەکی زۆر، لەسەر بنچینەی هۆکاری ئابووری دروست دەبن(٥٧).

مەبەست لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی سستەمە، واتە ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییەی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی ئێتنۆس بەڕێوەدەبات. لەم ڕووەشەوە، وەکو دەزانین، چەندین سستەمی کۆمەڵایەتیی هەبووین و ئێستاش هەن کە هەریەکە شەقڵ و سیمای تایبەتیی خۆی هەن؛ وەکو:

سستەمی خێڵەتی

سستەمی دەرەبەگایەتی

---

(٥٧) سەبارەت بە سستەمی کۆمەڵایەتی _ ئابووری، بەڕای ئێرنست گیلنەر، کۆمەڵگەی کشتوکاڵی هەمیشە فرەکولتوورە، بۆیە ئێتنۆسی نەتەوە تەنیا لە قۆناغی پیشەسازی دروست دەبێت. ایرنست غیلنر ؛ الامم و القومیة . ت. د. مجید الراضي، المدي، دمشق ١٩٩٩، ص٨٤ – ٨٥

سستەمی بۆرژوازی (سەرمایەداری)

سستەمی سۆشیالیستی

لە هەریەک لەم سستەمانەدا پێوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەت زاڵ و بەرقەرارە و کەواتە کولتووری تایبەتیش پیادەدەکرێ؛ بۆیە پسپۆرێک ئەگەر سستەمی کۆمەڵایەتیی ئێتنۆسێکی زانی، ئەوا گەلێ لایەنی تری ئەم ئێتنۆسەی بۆ ئاشکرادەبێ؛ یان ئەگەر دەرکەوت کە چەند ئێتنۆسێک سەربە هەمان سستەمی کۆمەڵایەتین، بێگومان ئەمانە دەبێ لەگەلێ رووەوە لێک بچن یان، هەرنەبێ، زۆر لێک نزیک بن.

سەبارەت بە لایەنی کولتووریش، ئەوا چەندین تیپی کولتووریی هەن کە لەسەر بنەمای چالاکیی ئابووری و رەوشی کۆمەڵایەتی دامەزراون و لە هەر تیپێکیاندا توخمی کولتووریی مادی و مەعنەویی تایبەتی دەور دەبینن. تیپە کولتوورییەکانیش ئەمانەن(٥٨):

کولتووری کۆکردنەوەی خۆراک

= راوکردنی ئاژەڵ

= راوەماسی

= ئاژەڵ بەخێوکردن

= کشتوکاڵی

= پیشەسازی

ئەمانە چالاکیی ئابووریی سەرەکی و هەرەباون لە ناو ئێتنۆساندا، ئەگەرچی ئێتنۆسی زۆریش هەن شێوازی تێکەڵاو لەم چالاکییانە پیادە دەکەن. بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەش، بێگومان، توخمەکانی

(58) N.N.Chiboksarov, E.A.Chiboksarova; 1985,Ibd,177

کولتووریی هەریەک لەم چالاکییانە جیاوازە لە ئەوانی ترەوە و نەوە یەک لە دوای یەکەکانی ئێتنۆسان، لە هەموو ماوەی مێژووی هەبوونی ئەم ئێتنۆسانەدا، دایان هێناون وەکو: ئامێرەکانی کارپێکردن، هۆیەکانی گواستنەوە، کەلوپەل و گەلێ شتی تریش؛ بەهەمان جۆر، توخمە کولتوورییە مەعنەوییەکانیش لێک جیاوازن – بیروباوەڕ، ڕێوڕەسم، جەژن و بۆنەکانی خەڵکی شوانکار، بێگومان، جیاوازن لە هی خەڵکی جووتیار و راوکەر و سەرمایەداری پیشەساز. جا لەم روانگەیەوەیە کە دەگوترێ میللەت، نەتەوە یان ئێتنۆسێک راوکەرە یان شوانکارە یان ماسیخۆرە(Extiofag) یان جووتیارە یاخۆ سەرمایەدار. جێگەی سەرنجە کە ئێتنۆسی کوردی، هەر لە کۆنەوە، هەردوو چالاکیی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵیی هەمیشە پێکەوە پیادەکردووە، ئەوەش بێگومان لەبەر تایبەتمەندیی جیۆگرافیای کوردستان – بۆیەش توخمە کولتوورییەکانی ئەم دوو بوارە (ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵی) لە ناو ئەم ئێتنۆسەدا دەور و بایەخی خۆیان هەیە.

بەم جۆرە، بەچەندین شێواز و بە پێوەری جیا ئێتنۆسان دابەش و پۆلین دەکرێن، ئەویش بەمەبەستی دەرخستنی رادەی نزیکی یان دووریی ئێتنۆسان لە یەکتریانەوە؛ ئەمەی دواییش، واتە دووری و نزیکیی ئێتنۆسان لە یەکترەوە ئاماژە و هێمایە، بگرە بەڵگەیە بۆ کۆنتاکت و پێوەندیی نێوان ئێتنۆسان لە بوار و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەکو: جیۆگرافی، مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی .

## مێژووی ئێتنیکی

ئێتنۆس، وەکو پێشتر زانیمان، بەرهەم و دەرئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووییە کە پێی دەگوترێت (مێژووی ئێتنیکی). ئەو مێژووەش، بێگومان، بریتییە لە رەوتێکی دوورودرێژ و ئاڵۆز کە تێیدا پێوەندی و ئالوگۆڕ و تێکەڵبوونی چەندین توخم و رەگەز و دیاردەی ئێتنیکیی جۆراوجۆر روو دەدەن[59] و لە ئەنجامیشیدا ئێتنۆس دروست دەبێ و، هەروەها، چەندین دیاردە و پرۆسەی ئێتنیکیی تریش دەگرێتەخۆ؛ بەگوتەیەکی تر، مێژووی ئێتنیکی ئەو رەوتە مێژووییەیە کە کرداری ئێتنیکی تێیدا بە ئەنجام دەگات، ئەنجامە سەرەکییەکەشی، وەکو گوتمان، دروستبوونی ئێتنۆسە (ئێتنۆگنێز Ethnogenesis)[60].

لە مێژووی ئێتنیکیدا دەتوانین، بەشێوەیەکی گشتی، دوو پرۆسەی بەیەکەوە گرێدراو دەسنیشان بکەین کە دەبن بە بنچینەی هەمیشەیی میکانیزمی پرۆسەی ئێتنیکی؛ یەکەمینیان هەڵوەشانەوە Segregation و دووەمیش یەکبوون - Integration ئەوەش واتە، لە حاڵەتی یەکەم، توخم و پێکهاتەکانی ئێتنۆسێک یان هەر گرووپەیەکی ئێتنیکی لێک دەترازێن و لێک جیا دەبنەوە و ئێتنۆسەکە هەڵدەوەشێتەوە، کەچی ئەم

---

(59) S.A.Arutunov ; Narody I Kuktury, Razvitey I Vzaymodeyctvye. Mockva,Nawka,1989, p.8

(60) V.P.Alekseev; Etnogenez.Moskva,1986,7

بەشە لێک جیابووەوانە، دواتر، یەک دەگرنەوە یان هەریەکێکیان لەگەڵ پێکهاتە ئێتنیکییەکانی تردا یەک دەگرنەوە و دەبن بە بەشێک لەوان یاخۆ بەمە دیاردە و پێکهاتەی ئێتنیکیی نوێ دروست دەکەن. کەواتە هەڵوەشانەوە و یەکبوون هەمیشە پێکەوە دەبن و تەواوکەری یەکترن و دەرئەنجامی هاوبەشیان دەبێ کە بریتییە لە گۆڕانی پێکهاتەی ئێتنیکی؛ ئەو دەرئەنجامەش، واتە گۆڕانی ئێتنیکی، بە دوو شێوە دەردەکەوێ:

- وەرچەرخانی ئێتنیکی -Ethnotransformation واتە ئەم وەرچەرخانە دەبێتە مایەی دروستبوونی ئێتنۆسێکی تازە و ئەندامەکانی خۆناسیی ئێتنیکیی نوێیان بۆ دروست دەبێ و چی تر ئینتیمایان نابێ بۆ رەچەڵەکی ئێتنیکیی پێشتریان.
- گەشەکردنی ئێتنیکی Ethnoevolution– لێرەشدا خۆناسیی ئێتنیکیی ئەندامانی ئێتنۆس وەکو خۆی دەمێنێ، کەچی گۆڕان و گەشەکردن لە بوارەکانی ئێتنۆ کولتووری و ئێتنۆلینگویستیدا روو دەدەن و دەبن بەمایەی پەڕینەوەی ئێتنۆس لە قۆناغێکی مێژوویییەوە بۆ یەکێکی تر[٦١].

ئەم دوو جۆرە گۆڕانە ئێتنیکییە، هەمیشە، وەکو دەرئەنجامی دوو پرۆسەی هەڵوەشانەوە و یەکبوون دەردەکەون. نموونەش بۆ ئەمە زۆرن: لە کۆندا مەکەدۆنییەکان بەشێکی سەرەکیی ئێتنۆسی یۆنانی بوون کە بە سەرکردایەتیی ئەسکەندەری مەکەدۆنی رووبەرێکی زۆر و بەرفراوانی جیهانی کۆنیان داگیرکرد، کەچی مەکەدۆنییەکانی ئێستا

(61) U.V.Bromley,C.I.Bruk,P.I.Puchkov;Etnichskiye protsesi v sovrimennom mire.Moskva,Nawuka,1987,12-13

ئێتنۆسێکی سەربەخۆ و زمانێکی سلاڤییان هەیە؛ ئازەربایجانەکان ئێتنۆسێکی ئێرانی بوون، بەڵام ئێستاکە ئەمان خاوەنی زمانێکی تیورکی و کولتوورێکی ئێرانین؛ بولگارەکان ئێتنۆسێکی سلاڤی و سەربە هیندۆئەوروپییەکانن، کەچی لە ئەنجامی پرۆسە و رووداوەکانی مێژووی ئێتنیکییان ناو (ئێتنۆنیم) ێکی تیورکییان بۆ ماوەتەوە – بولگار، تا سەدەی دەیەمی زایینیش، ناوی گرووپە خێڵێکی تیورکیی بوو کە ئەو ناوچەیەیان داگیرکردبوو[٦٢]؛ ئێتنۆنیمی (فەرەنسی) لە (فرانک)ی جەرمانییەوە هاتووە؛ تۆپۆنیمیکای (بریتانیا) لە ناوی ئێتنۆسی(بریتۆنی)یەوە هاتووە کە ئێستا لەو وڵاتە نەماوون، بەڵکو لە باکووری فەرەنسا وەکو کەمینەیەک دەژین[٦٣].

(٦٢) برومليه، بودولني؛ الاثنوس و التاريخ... ص٧٣

(٦٣) هەمان سەرچاوە، ل٧٠

# ئێتنۆگنێزی کورد

کورد یەکێکە لە ئێتنۆسە دێرینەکانی ناوچەی خوارووی رۆژئاوای ئاسیا، پرۆسەی ئێتنۆگنیز و سەرجەم دیاردە و رووداوەکانی مێژووی ئێتنیکیی هەر لەم شوێنەدا بەئەنجام گەیشتوون. وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، پرۆسەی دروستبوونی میللەتان (ئێتنۆگنێز) پرۆسەیەکی تا بڵێی درێژ و سەخت و ئاڵۆزە، بۆ چوونە ناو ئەم بابەتەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ رابردوویەکی گەلێ دوور، بۆ ئەو چەرخ و قۆناغە مێژوویییانەی تێیاندا تارمایی کۆنترین توخمەکانی ئێتنۆسی کوردی بەدی دەکرێن یان، بەگوتەیەکی تر، بۆ دۆزینەوەی ئاسەوار و پاشماوەکانی "باپیرەگەورە"ی کوردان – ئەمەش بێگومان کارێکی ئاسان نییە.

وەکو پێشەکییەکیش بۆ ئەم بابەتە، زۆر گرینگە ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هەرگیز ئێتنۆسێکی "خوێن پاک " لە ئارادا نییە، نەئێستا و نە لە رابردوودا ئێتنۆسێکی خوێن پاک نادۆزینەوە؛ لە ئێتنۆگنێزی هەر ئێتنۆسێکدا، دەکرێ ئاسەوار و جێپەنجەی چەندین توخم و رەگەزی جۆراوجۆر دەسنیشان بکرێن – کوردیش بەهەمان جۆر.

لە ئێتنۆگنێزدا هەمیشە سێ هۆکاری گرنگ دەور دەبینن، ئەمانیش: کات (ماوەی پرۆسەکە)، شوێن، توخم و رەگەزی جۆراوجۆر؛ بە کارلێککردنی ئەم سێ هۆکارە و رەنگە هی تریش، ئێتنۆسێک لە دایک

دەبێ و دەچێتە نێو ڕەوتی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە و ڕوخسار و قەبارە و چوارچێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێ.

سەبارەت بە ئێتنۆگنێزی کورد، بەپێی ئەو سەرچاوانەی تاکو ئێستا لە بەردەست دان دەتوانین مێژووی ئێتنیکیی ئەم ئێتنۆسە دابەش بکەین بۆ ئەو شوێن و کاتانەی کە تێیاندا یەکەمین توخم و ڕەگەزەکانی پێوەندیدار بەو ئێتنۆسەوە ژیاون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– ناوچەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس و میسۆپۆتامیای سەروو ساڵانی ٢٥٠٠ تا ١٠٠٠ پێش زاین

– ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران ساڵانی ٩٠٠ تا ٧٠٠ پ ز

– ناوچەی هەکاری ساڵی ٤٠٠ پ ز –

– ناوچەی کارکا (کەرکووک) ٢٠٠ ز –

– ناوچەکانی ڕۆژئاوا و خوارووی ڕۆژئاوای ئێران – لە چەرخی ساسانیدا

## زاگرۆس و میسۆپۆتامیا

ناوچەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس لە میسۆپۆتامیای سەروودا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٥٠٠ تا١٠٠٠ پێش زایندا نشیمەنەکانیان ئێتنۆسانی (میللەت و گرووپەخێڵی) وەکو گوتی، لولوویی و کاسی بوون. ئەمانە دەوری گرنگیان بینیووە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا؛ وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە، هەریەک لە ئێتنۆسانی گوتی و کاسی ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی سەرلەبەری میسۆپۆتامیایان کردووە؛ گوتییەکان لە دەوروبەری ساڵی ٢٢٠٠پ ز دەستیان گرت بەسەر دەوڵەتی (ئەکاد) و بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ حوکمڕانیی میسۆپۆتامیایان

کرد؛ کاسییەکان ساڵی ١٥١٨پ ز (بابل)یان گرت و سەدان ساڵ فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیایان کرد. لولوویەکانیش، لە بناری چیاکانی هەر لە دەریاچەی ورمێ وە تا دەگاتە سەرچاوەکانی زێی دیالا، خاوەن دەوڵەت و حوکمڕانیی خۆیان بووین و هەمیشە شەڕ و پێکدادانیان بووە لەگەڵ ئاشوورییاندا[٦٤]. بەم جۆرە فراوانبوون و تێکەڵبوونی ئەمانە لەگەڵ ئێتنۆسانی تری ناوچەکەدا جۆرەها قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان بڕیووە و دەوری سیاسی و کولتووریی باڵایان بینیووە و بووین بە توخمی کاریگەر لەسەر ئاستی هەموو میسۆپۆتامیادا.

## ماد و پارس

دوای ئەوەی ئەم سێ ئێتنۆسە بنەچانەی کورد، کە بە زمانانی ناوچەیی دەپەیڤین، تێکەڵ بە ئێتنۆسانی سامیی زمان بوون (ئەکادی، بابلی، ئاشووری) و هەنگاوی باشیان نا بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە ساڵی ٩٠٠ ی بەرلە زاینەوە شاڵاوی لەبن نەهاتووی خێڵ و گرووپەخێڵی زمان ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوای ئێران دەستی پێکرد؛ ئەم شاڵاوەی کۆچەران، وەکو دەردەکەوێ، پێک هاتبوو لە دوو بەشەوە، یان دوو گرووپ: مادای و پارسوا؛ مادەکان (مادای) لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و پارسەکانیش (پارسوا) لە ناوەڕاست و خوارووی ڕۆژئاوا نیشتەجێ بوون[٦٥].

(64) Vsemirnaya Istorya, I ,Akademya Nawuka SSSR,1956 ,str. 212-222, 299 - 303, 192-212

هەروەها – ئۆ. ڤیلچێڤسکی، نەژادی کورد _ ل٢٥



د. ڕەشاد میران (٦١)

گـــەورەترین دەوری ئـەمــانە لـەوەدا بوو کــە زمــان یـاخــۆ پـەیـڤــینی ئێرانییـان بۆ ئەم ناوچانە هێنا، دیارە پێشـتـر خـەڵکی ئـەم شـوێنانە، هـەروەکو گوتی و کاسی و لولوییەکان، بە زمانانی ناوچەیی دەپەیڤین؛ بەڵام بە هاتنی مـادای و پارسوا و لە مـاوەی چەند سـەدەیەکدازمـانانی ئـێــرانی لـە ئێــرانـی ڕۆژئاوادا نـەک هـەر چەســپین، بەڵکو بـەســـەر ناوچەکانی بانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیای سەرووشدا زاڵبوون.

لە نیـوەی یەکـەمی سـاڵی ٧٠٠پ ز دا یەکـەمین دەوڵەتی ئێـرانی لە ڕۆژئاوای ئێراندا دروستبوو بەناوی (مـیدیا) کە پایتەختەکەی شاری ئەکپاتان (هەمەدانی ئێستا) بوو.

ورده ورده زێدەبـوونی هـێــز و توانای ئـەم دەوڵەتـە ســـەنگ و دەور و بایەخی سیاسـی و جەنگی و، بێگومان، کولتـووریی زۆری بۆ ڕەخساند و دوای لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشووری بەهاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی بابل دا سنوورەکـانـی دەوڵەتی مـیـدیا زۆر فـراوانـبـوون بەمـەشـەوە دەور و کــاریگەریی لـە ناوچەکـەدا گـەیشت بە لووتکە. مـیـدیا وەکـو دەوڵەت ماوەی ١٥٠ سـاڵ لە ئارادا مایەوە تا ئەو کاتەی پارسواکان دەستیان بەســەردا گرت و دەوڵەتی ئەخـمینیـیـان دامـەزراند و مـیـدیاش بوو بە یەکێک لە ناوچەکانی – ئەگەرچی تا گەلێ درەنگیش بایەخی تایبەتیی خۆی هـەرمایەوە.

پێوەندیی بنەچەیی مادەکان بە ئێتنۆسی کوردەوە، بەتایبەتی، لە دوو ڕووەوەیە؛ یەکەمیان شـوێنی نیشتەجێبوونیان، ئێرانی ڕۆژئاوا و مـیسـۆپۆتامـیـای سـەروو، کـە دەکاتـە کـوردسـتـانی ئێسـتـا، دووەمـیش زمـانی ئێـرانیی هـاوبەشـیـان – واتە هـەردوو ئێـتنۆس (مـاد و کـورد)

---

(65) Ibd; 524-564,551

خاوەن زمانی ئێرانین. ئەم دوو خاڵە هاوبەشەی هەردوو ئێتنۆس لە ئێتنۆگنێزدا بایەخێکی میتۆدیی گرنگیان هەیە.[٦٦]

## کاردوخ و هەکاری

لە قۆناغی دواتری ئێتنۆگنێزی کورددا، توخمێکی تری مێژووی ئێتنیکیی کورد لە ناوچەی هەکاری دەردەکەوێ کە ئەویش ئێتنۆسی (کاردوخ) بوو. ساڵی ٤٠١پ ز کاتێک سەرکردەی سوپای یۆنانی (کسینۆفۆن) بە ١٠٠٠٠ سەربازەوە لە بابل بەرەو یۆنان هەڵدەکشێ ناچار دەبێ بە هەکاری تێپەڕبێ و لەوێ رووبەڕووی کاردوخەکان بێتەوە کە، وەکو خۆی لە کتێبەکەیدا (ئاناباسیس) دەگێڕێتەوە، خەڵکێکی شاخاوی جەنگاوەر بووین و لە ماوەی ئەو (٧) رۆژەی لە ناو خاکی ئەواندا بووین کاردوخەکان زیانێکی زۆریان لێ داون و ناچاربووین بە پەلەپەل خۆیان بگەیەننە ناو سنوورەکانی ئەرمێنیا لە باکوور. کسینۆفۆن ئەو ماوەیە رۆژانە سەرنجەکانی خۆی تۆمار دەکات و بۆیەش لە کتێبەکەیدا زۆر بە راشکاوی باسی کاردوخەکان دەکات؛ کسینۆفۆن وەسفی گوندەکانیان دەکات، هەروەها جلوبەرگیان، چەک و شێوازی شەڕکردنیان... بەمەشەوە ئەم کتێبە بووە بە سەرچاوەیەکی مەیدانیی دانسقە دەربارەی کاردوخەکان.

لێرەدا ئەوەی بابەخێکی ئێتنیکیی هەبێت، دوو خاڵی گرنگن؛ یەکەمیان شوێنی ژیانی کاردوخان، واتە هەکاری کە تاکو ئێستاش هەر ناوچەیەکە لە کوردستان و نشیمەنەکانیشی کوردن؛ دووەمیان

---

(٦٦) سەبارەت بە پێوەندیی نێوان کورد و ماد بڕوانە: مینورسکی ڤ. ف. ؛ الاكراد احفاد الميديين. ترجمه د. كمال مظهر، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد ١، الجزء ١، بغداد ١٩٧٣ ؛ باسيل نيكيتين _ الكرد... ص٣٨-٤١.

ناوەکەیان، ئێتنۆنیمی (کاردوخ) – وەکو لە کتێبی ئاناباسیس دەردەکەوێ، کسینۆفۆن پێش ئەوەی بچێتە هەکاری لە خەڵکی بیستووە کە میللەتێکی جەنگاوەر بەناوی کاردوخ لەوێ دەژین، ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە ئەمە ناوی دەرەکییانە – ئێگزۆئێتنۆنیم، چونکە کسینۆفۆن هەرگیز بۆی نەلواوە گفتوگۆی هێمنانەیان لەگەڵدا بکات تا بزانێت ئەمان خۆیان چ ناوێک بەخۆیان دەڵێن[٦٧]. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شیکردنەوەی ئەم ناوە (کاردوخ)، وەکو پسپۆران سەلماندوویانە، دەردەکەوێت کە ناوەکە لە بنەڕەتدا (کاردو)ە نەک (کاردوخ) – پاشگری (خ) نیشانەی کۆیە لە زمانی ئەرمەنی دا؛ دیارە ئەم ناوە یەکەم جار لە دەم ئەرمەنیانەوە بیستراوە و بۆیەش پاشگرەکە بووە بە بەشێک لە ناوەکە. جا لێرەدا نزیکیی هەردوو ناوی (کاردو) و (کورد) پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات. کەواتە لەم قۆناغەی ئێتنۆگنێزدا، ئەوەش خاڵێکی میتۆدیی هەرەگرنگە، رووبەڕووی تارمایی ئێتنۆنیمی ئێتنۆسی کورد دەبینەوە. ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە لە زمانانی ئێرانیدا، زمانی کوردی و بێگومان زمانی کاردوخانیش یەکێکن لەوان، پیتەکانی (ا) و (و) بەئاسانی جێگەی یەکدی دەگرنەوە، ئەوا بۆچوونەکەمان بەهێزتر دەکات؛ رەنگە ئەوساکەش ناوی خۆیی (ئیندۆئێتنۆنیم) ئەمانە (کورد) بووبێ بەڵام دەرفەتی ئەوە نەبووە لە خۆیانەوە ببیستین.[٦٨]

---

(٦٧) ئۆ. ڤیلچێڤسکی؛ نەژادی کورد – ل١٢٠-١٣٤ ؛ باسیل نیکیتین – الکرد... ل٣٣-٣٨

(٦٨) د. رەشاد میران ؛ کورد و هەکاری و کەرکووک.سەنتەری برایەتی ٢٠٠١/٢٠، هەولێر، ل٣٩-٤٩

## کاردۆ و کەرکووک

دوای چەند سەد ساڵێک، لە ناوچەکەدا، دووبارە ڕووبەڕووی ئێتنۆنیمی (کاردو) دەبینەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک و لە چەرخی ئەشکانیدا، دەوروبەری ساڵانی ١٣٨–١٤٨ زاینی. لە دەسنووسێکی سریانیدا دەربارەی مێژووی هەولێر (ئادیابینا) مێژوونووس مەشیحا زخا[٦٩] هاتووە کە لە ناوچە چیاییەکانی (کاردۆ) گەلێک بەسەرکردایەتی یەکێک بەناوی (کیزۆ) لەدژی دەوڵەتی پارفیا ڕاپەڕینی بەرپاکردووە. ڤۆلۆگیش – شای پارفیا لە کتیسۆفۆن (پایتەختی دەوڵەتی پارفیا) داوای لە فەرمانڕەوای ئادیابینا کردووە بە سوپاکەیەوە یارمەتیی بدات بۆ لەناوبردنی ئەم ڕاپەڕینە؛ وەکو لەم سەرچاوەیەدا دەردەکەوێ ڕاپەڕیوەکان ئەم لەشکرکێشییە تێک دەشکێنن، بەڵام ئەمە بۆ ئێمە گرنگ نییە؛ گرنگ لێرەدا ناوی (کاردۆ)یە کە ناوی ئێتنۆسێکی ئێرانییە لە ناوچەی کەرکووکدا و هەمان ئەو ناوەیە کە پێش چەند سەدەیەک کسینۆفۆن لە هەکاری باسی کردووە – ئەمەش، بەپێی سەرچاوەکان، بەڕوونی ئەوە دەگەینێ کە هەر لە هەکارییەوە تا دەگاتە ناوچە چیاییەکانی کەرکووک، ئەو ناوچەچیاییەش(ئۆ. ڤیلچێڤسکی) بە چیای حەمرینی

---

(٦٩) مشیحا زخا ؛ کرونولوجیا اربیل. ترجمة و تعلیق: عزیز عبدالاحد نباتي .ط١، منشورات ئاراس، أربیل٢٠٠١ ص١٢٥–١٢٧. لە دەقەکەدا هاتووە کە " گەلێکی لاسار هێرشی کردووەتە سەر چیاکانی قردۆ... "، وەرگێڕی دەسنووس(قردۆ) بە بۆتانی کوردستانی تورکیا دەزانی – بڕوانە پەراوێزی (٩) ل١٢٦ – لە کاتێکدا ڤیلچێڤسکی، بەلێکدانەوەیەکی ڕاشکاوانە، ئەم ڕووداوە دەباتەوە بۆ چیاکانی حەمرین _ بڕوانە: ئۆ. ڤیلچێڤسکی / هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨–٢١٢

دەزانێ[٧٠]، لە هەموو ئەو پانتاییەدا کاردۆکان دەژیان، واتە نیشتمانی ئێتنۆسی کاردۆ بووە و ئێستاکەش خاکی ئێتنیکیی ئێتنۆسی کوردە؛ کەواتە، بە لە بەرچاوگرتنی چەند مەرجێکی ئێتنیکیی گرنگی وەکو: ناو، زمان و خاک – مافی تەواوی ئەوەمان دەبێ (کاردۆ) و (کورد) بە یەک ئێتنۆس لە قەڵەم بدەین. نەهەر ئەوە، ئەگەر بۆچوونی سەرنج ڕاکێشی (ئۆ. ڤیلچێڤسکی)یش بخەینە پاڵ ئەو مەرجانەوە سەبارەت بەوەی کە پاشگری (ۆ) لە ناوی سەرکردەی ڕاپەڕیوەکان (کیزۆ) تایبەتمەندییەکی زمانی کوردییە بۆ ناوی کەسی و، بەڕای ئەو، کەواتە لەو ساکەوە زمانی کوردی بەهەموو تایبەتمەندییەکانیەوە زمانێکی تەواو کامڵ بووە[٧١]– ئەوا گریمانەی یەکبوونی هەردوو ئەم ئێتنۆسانە گەلێ بەهێزتر دەبێ.

لێرەدا تەنیا جیاوازییەکی کەم لە نێوان ئێتنۆنیمی ئەم "دوو ئێتنۆسەدا" بەدی دەکرێ – کاردۆ و کورد؛ وەکو گوتیشمان، لە زمانانی ئێرانیدا، کە زمانی کوردی یەکێکە لەوان، پیتەکانی (ا) و (و) و (ۆ) و هەروەها (ی) لە یەک نزیکن و جێگەی یەکتر دەگرنەوە و ئەو دیاردەیە ئێستاش لە دیالێکت و زارەکانی زمانی کوردیدا هەیە.

## کرد - کورد

لە قۆناغی دواتر، واتە لە ڕۆژگاری ساسانیدا کە لە سەدەی دووەمی زاینییەوە دەست پێ دەکات، ئەم جیاوازییە بچووکەش لە ئێتنۆنیمدا نامێنێ. ئەوەش لە سەرچاوەیەکی مێژوویی دانسقەدا دەردەکەوێ کە

---

(٧٠) ئۆ. ڤیلچێڤسکی ؛ هەمان سەرچاوە

(٧١) ئۆ. ڤیلچێڤسکی ؛ هەمان سەرچاوە، ل٢١٨

بە زمانی پەهلەوی نووسراوە دەربارەی ژیان و سەربردەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی ئەردەشێری پاپکان بەناوی (کارنامەی ئەردەشێری پاپکان). لەم سەرچاوەیەدا هاتووە گوایە ئەردەشێر بە منداڵی لەلای کوردان ژیاوە و لە ناو ئەواندا گەورەبووە؛ دواتریش کە بووە بە سەرکردەیەکی گەورە شەڕی لەگەڵ (مادیک شای کردان)دا کردووە[٧٢]. لێرەدا ناوی کورد بە زمانی پەهلەوی بەکۆ هاتووە (کردان) کە تاکەکەی دەبێتە (کرد)، ئەمەش بێگومان هەمان وشەی (کورد)ە کە ئێستاکە وەکو ئێتنۆنیم بۆ ئەم ئێتنۆسە بەکاردێ.

ئەمە هەمووی پاڵپشت بە سەرچاوەی نووسراو و باوەڕپێکراو، ئەگینا تۆژەر دەتوانێ جۆرەها گریمان دابڕێژێ؛ هەروەها دەبێ ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە وەنەبێ هەبوونی کورد رێک لە کاتی پەیدابوونی ئەم سەرچاوانەدا بووبێ، بێگومان سەدان ساڵ پێش ئەم سەرچاوانە ئەم ئێتنۆسە یان بەلای کەمەوە توخمە سەرەکییەکانی لە ئارادا بووین.

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوەی لە سەرەوەدا گوترا، دەتوانین بڵێین کە بەپێی سەرچاوەکان سەرەتای پرۆسەی ئێتنۆگنێزی ئێتنۆسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ساڵ پ. ز. و تێیدا چەندین رەگەزی زاگرۆسی، میسۆپۆتامی، ئێرانی و هی تر دەوریان بینیووە و لە ٣٠٠ ساڵ پ. ز-

---

(72) "Kitab Karnamai Ardasheri Papkan" Prevod na Ruski Yazik _ U. M. Chunakova . Moskva,1987,st.72

کەچی لە وەرگێڕانی دەقی ئەم "کارنامە "یە بۆ سەر زمانی کوردی ئەم ناوە بەم شێوەیە هاتووە: "کوردان شای ماد" . بڕوانە: کارنامەی ئەردەشێری بابەکان ؛ وەرگێڕان و لەسەر نووسینی شاسوار خ. هەرشەمی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٤٨

ەوە دەتوانین، بەهۆی لە ئارادابوونی مەرج و ماکی ئێتنیکیی پێویست، باسی کورد بکەین وەکو ئێتنۆسێکی کامڵ و تەواو دروستبوو کە ئەوساکە ناوی دەرەکیی کاردۆخ بووە و ناوی خۆییشی رەنگە (کورد) بووبێ. لە چەرخ و رۆژگاری ساسانیشەوە هەردوو ناوەکان – ئیندۆئێتنۆنیم و ئێگزۆئێتنۆنیم – دەبن بە یەک و بەشێوەی (کرد) واتە کورد لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ و تاکو ئێستاش بەم شێوەیە هەر بەردەوامە.

بەڵام ئێتنۆگنێز پرۆسەیەکی بەردەوامە، چونکە دیاردە و کردارەکانی هەڵوەشانەوە و لێکترازان، یەکبوون و کامڵبوون، هەروەها فراوانبوون و بچووکبوونەوە لە ناو ئێتنۆسان هەمیشە روو دەدەن، بەمەشەوە قەبارە و روخسار و ناوەرۆکیان دەگۆڕێن؛ بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، ئێتنۆسی کورد بە مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ گۆڕانکاری تێپەڕیوە و لەوساکەوە، واتە لە رۆژگاری ساسانییەوە، دەتوانین چەندین پرۆسە و رووداو و دیاردەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئێتنیکیی ئەم ئێتنۆسە، بەپێی سەرچاوەکان، دەستنیشان بکەین.

## ئێتنۆسی کورد لە سەردەمی ئیسلامدا

وەکو پێشتر بۆمان دەرکەوت، لەسەر ئەو رووبەرەی دەکەوتە نێوان هەکاری و کەرکووک کوردەکان دەژیان کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە (کاردۆ) و لە هەندێکی تریش بە (کرد) ناویان هاتووە؛ بەڵام دواتر، واتە لە سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی کەمتر و پچڕپچڕ ئاماژەیان بۆ دەکرێ. بۆ نموونە، لە سەردەمی پێغەمبەردا هەر ئەوەندە دەزانین کە سەحابەیەک هەبووە بەناوی (کابان الکردی) – ئەمە یەکەمین ئاماژەیە بۆ کوردێک لە سەرەتای چەرخی ئیسلامیدا[٧٣]؛ بەڵام لە کاتی شاڵاوی داگیرکردنەکانی ئیسلامی ئیتر ناوی کورد و ناوچە و شارەکانیان لە سەرچاوەکاندا دەبینرێن. دواتریش، لە سەردەمی خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبیتالیب دا، کوردەکانی هەندێ ناوچە وادیارە باجی خەراجیان نەداوە لەمەشدا خەلیفە عەلی لە نامەیەکدا هەڕەشە لە والییەکەی خۆی دەکات و هانی دەدات کە جارێکی تر درێغی نەکات لە کارەکەیدا[٧٤]؛ هەر لەو کاتیشدا بەشێک لە کورد بەشداری دەکەن لە بزووتنەوەی (خەواریج) کە سەری هەڵدا دژی هەردوو خەلیفە – عەلی و معاویە. سەرچاوەکان رۆڵی کوردیان لە

(٧٣) د. رەشاد میران؛ رەوشی ئاینی... ل٤٣

(٧٤) طه حسين؛ أسلاميات (الفتنة الكبري، علي و بنوه). دار الاداب – بيروت ط١ ١٩٦٧، ص٩٥٠–٩٥١

رووداوە مێژووییەکانی سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا تۆمارکردووە، وەکو: بزووتنەوەی ئیسماعیلی، راپەڕینی خەواریج، یاخیبوونی موختاری سەقەفی(٦٨٧)، سەرهەڵدانەکانی سەردەمی حەجاج (٦٤٩–٧١٤)[٧٥] شۆڕشی زنجییەکان ٨٦٨ –٨٨٣، شۆڕشی خوڕەمی٨١٧–٨٣٨. بەتایبەتیش دەوری کورد لە شۆڕشی بابەکی خوڕەمیدا بەڕوونی ئاماژەی پێ دراوە و گوایە ناوچەی چیاکان (اقلیم الجبال) مەڵبەندێکی سەرەکیی ئەم شۆڕشە بووە. ئەمە جگە لەوەی کە جێپەنجەی کورد دیارە لە رووخانی دەوڵەتی ئەمەوی (دوا خەلیفەی ئەمەوی مەڕوانی دووەم دایکی کورد بووە) و دامەزرانی دەوڵەتی عەباسی بە هەوڵ و یارمەتیی ئەبو موسلیمی خوڕاسانی کە ئەویش هەر کورد بووە.[٧٦]

بەڵام ئەوەی سیمایەکی ئێتنیکیی دیاری هەبوو، بزووتنەوەکەی میر جەعفەری کوردی (داسنی) بوو کە ساڵی ٨٣٨ هەموو ناوچەکانی مووسڵ و ئازەربایجان و ئەرمێنیای گرتبوو و خەلیفە موعتەسەم بیللا ناچار پەنای برد بۆ سەر لەشکری تورکان (ئایتاخ) تا ئەم ناوچانە بگرێتەوە[٧٧]. لە ڕاستیدا، ئەم بزووتنەوەیەی میر جەعفەر نیشانەی وردەوردە زێدەبوونی دەور و سەنگی ئێتنیکیی کورد بوو لە ناوچەکەدا و ئێتر لەوساکەوە دەکرێ باس لە رۆڵ و بایەخ و کاریگەریی ئێتنۆسی کورد بکرێ لە هەموو بوارەکانەوە – ئێتنیکی، سیاسی، کولتووری...

---

(٧٥) أبي عبدالرحمان جمال؛ سيرة الحجاج بن يوسف الثقفي، ما له وما عليه. بيروت٢٠٠٤، ص١١٠

(٧٦) د. رەشاد میران ؛ رەوشی ئاینی و نەتەوەیی، ل٤٧–٥١

(٧٧) هەمان سەرچاوە

وەکو چۆن ئەمە دەردەکەوێ لە دەور و کاریگەریی کورد لە بزووتنەوەی خەواریجەکاندا، چونکە سەرچاوەکان ئاماژەی تایبەتییان هەیە بۆ (محەمەد کوڕی خورزادی شارەزووری) کە ساڵی ٩٠٦ ناوچەکانی حەدیسە، تکریت، سنجار و نەسیبینی لە ژێر دەست بووە؛ ئەبو رەبیعی شارەزووری ماوەیەکی باش هێزەکانی عەباسی لە ناوچەکەی خۆیدا نیگەران کردووە[٧٨].

---

(٧٨) هەمان سەرچاوە.

## میرنشینی - یەکەمین کیانی ئێتنیکیی کورد

وەکو دەرئەنجامێکی ئەم پێشکەوتنەش، لە سەدەی دەیەمەوە دروستبوونی کیانی ئێتنیکیی کوردی بەشێوەی میرنشینی دەستی پێکرد کە گەلێک لەو میرنشینانە جگە لەوەی نیشانەکانی سەربەخۆییان هەبووە (دەرکردنی پارەی تایبەت بە خۆیان و خوێندنەوەی خوتبە لە مزگەوتەکان بەناوی میر)، هەروەها دەوری بالاًیان هەبووە لەلایەنی سیاسی و عەسکەری و کولتوورییەوە لەسەر ئاستی هەموو ناوچەکەدا، لەمانەش وەکو دەوڵەت و میرنشینانی: دۆستەکی (مەروانی) لە جزیرە و دیاربەکر ٩٨٢-١٠٨٦ کە، مێژوونووس و ئاسەوارناس، عەبدورەقیب یوسف رەوایانە بە دەوڵەت ناوی دەبا(٧٩)، رەوادی لە تەورێز ١٠٢٩-١٠٣٥، شوانکارە لە فارس ١٠٣٠- ١٣٥٥، ئەردەلان لە کوردستانی خوارووی رۆژهەلاًت ١١٦٨-١٨٦٨ کە پایتەختی شاری (سنە) بوو و لۆنگریکی رۆژهەلاًتناس، لەبەر دەور و هێز و توانای، ئەردەلان لە ماوەی دوو سەدەدا (دوازدە و چواردە) بە ئیمپراتۆریا ناودەبا(٨٠) ... ئینجا تارمایی ئێتنیکیی کوردی بەسەر دەوڵەتی ئەیوبییەوە(١١٣٨-١١٩٣) و دواتریش دەوری میرنشینانی وەکو بابان، سۆران، بۆتان، هەکاری و... کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە

(٧٩) عبدالرقيب يوسف؛ الدولة الدوستكية في كردستان الوسطي. الجزء الاول، بغداد ١٩٧٢

(80) Longrigg S. H.; Four Centuries of Modern Iraq. Oxf. 1925 p. 6.

ئارادا مانەوە – هەموو ئەم کیانە سیاسی – ئێتنیکی – کولتوورییانە بێگومان بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی – ئێتنیکیی ئاسایی بووین بۆیەش کردار و دیاردەی ئێتنیکییان لەگەڵدا بووە لە پتەوبوون و یەکبوون و فراوانبوونی خاکی ئێتنیکیی کورد؛ وەکو پسپۆڕان سەرنجیان داوە لە سەدەی نۆزدەوە میرنشینە کوردییەکان بەرەو یەکبوون دەچوون، ئەوەش مەترسییەکی گەورەی داهێنا بۆ هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بۆیەش ئەم دوو دەوڵەتە ناکۆکی و دوژمنداریی نێوان خۆیانیان وەلانا و پێکەوە بەرەنگاری پرۆسەی یەکبوونی کورد بوونەوە و میرنشینەکانیان یەک لە دوای یەک لەناوبرد.[٨١]

کەچی ئێتنۆسی کورد لە رەوتی پێشکەوتنی خۆی نەکەوت، بگرە بەردەوامبوو لە هەنگاونان بەرەو گەشەکردن و پەرەبەخۆدان، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوازی گونجاوتر و سەردەمانەتر – گرنگیدان بە لایەنی خوێندەواری و هوشیاری و رۆشنبیری: نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی کە تا ئەوساکە کوردی تەنیا زمانی شیعر بوو؛ بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی سەرانسەری بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠؛ دەرکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە قاهیرە لەلایەن مقداد بەدرخانەوە ساڵی١٨٩٨؛[٨٢] دروستبوونی حزبی سیاسیی نەتەوەیی.. هەموو ئەمانەش هێماگەلێک بوون بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ئێتنیکیی هەرەگرنگ، ئەویش گەلاڵەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بوو.

---

(٨١) ی. ئی. ڤاسیلیەڤا ؛ کوردستانی خوارووی رۆژهەلات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و بابان).
وەرگێڕانی لە رووسییەوە _ رەشاد میران، هەولێر ١٩٩٧، ل٢٨٣–٢٨٤
(٨٢) بندکت أندرسن؛ منابع الوعي القومي، هەمان سەرچاوە، ص٢٥–٣٣.

# هوشیاریی نەتەوەیی کورد

شـایانی سـەرنجـدانە کـە لە رابردوودا ئێـتنۆسی کـورد بەرێگەی خۆناسـیی ئێتنیکیی ئەندامـەکانیـیەوە بوون و بەردەوامبـوونی خۆی سـەلماندبوو، بەڵام دواتر، واتە لە کـۆتاییی سـەدەی نۆزدەمـەوە، بە هوشـیـاریی نەتەوەییـیەوە بەرەو ئامـانجـەکانی هەنگاوی ناوە، وەکـو ئاشکراشـە هوشیاری هەمیشـە ئاستێکی فیکری و مـەعریفیی دەبێ. لەم روانگەیەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی کورد لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە بەخۆیەوە بینی، لە هـەمان کاتدا، بوو بە هۆکـارێک بۆ بەرزبوونەوەی ئاسـتی فیکری و مـەعریفیی ئەندامـانی، هەرنەبێ، ئێلیت و هەڵبژاردەی ئەم ئێتنۆسە، ئەم ئاستە مەعریفییەش بەشێوەی هوشیاریی نەتەوەیی خۆی نواند.

کـەواتە، هـوشـیـاریی نەتەوەیی وەنەبێ تەنیـا دەربڕینی هـەسـتی ئینتیـمـا بێ بۆ ئێـتنۆس، بەڵکو ئەم هـوشـیـارییـە بنـچـینە و بنەمـای مـەعـریفیی خۆی هـەیە و لە حـاڵەتی نەتەوەییـشـدا ئەو مـەعـریفـەیە، بێگومـان، دەبێ دەربارەی بوار و لایەنەکـانی نـەتەوەیی بێت، وەکـو: مێژوو، خـاک، زمـان، کولتـوور... بۆیەش هـوشـیـارییـەکە (مـەعریفەکە) نەتەوەییـیانە دەبێت... نەهەر ئەوە، بگرە مـەعریفـەش بۆ ئەم رۆژگارە دەبێ مـەعریفـەی زانستی بێت بۆیەش دەبینین کە، وەکو پێـشـتریش ئاماژەمـان بۆ کرد، لە سـەرەتای سەدەی بیسـتـەمـەوە کار و بەرهـەمی زانسـتی دەربارەی بوارەکـانی مـێژوو، زمـان، کـولتـوور... بە زمـانی

کوردی لەسەر دەستی کەڵە زانایانی کورد: محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی و ئەوانی تر بەئەنجام هاتن.

چالاکی و رووداوە سیاسییەکانیش، لە بەرەوپێشبردنی هوشیاریی نەتەوەیی کورددا، بێگومان دەوریان کەم نەبوو؛ جگە لە راپەڕینە نەتەوەییە سەرانسەرییەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری ساڵی ١٨٨١، هەروەها بزووتنەوەی شێخ مەحموودی حەفید لە کوردستانی باشوور و بەرەنگاریکردنی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی، دامەزراندنی فەرمانڕەوایی سەربەخۆ ساڵی ١٩١٩ و راگەیاندنی خۆی وەکو مەلیکی کوردستان، شەڕ و پێکدادانەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزدا و لە ئەنجامدا داننان بە زمانی کوردی وەکو زمانی فێرکردن و رۆشنبیری؛ دوای ئەویش، یان هاوتەریب لەگەڵ ئەودا، بزووتنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی و براکەی مستەفا بارزانی و ئینجا پێکهێنانی کۆمەڵە و حزبی سیاسیی نەتەوەیی – هەموو ئەمانە ئاستی هوشیاریی نەتەوەییان بەڕادەیەک بەرزکردەوە کە لەگەڵ کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەم لە کوردستانی رۆژهەلات ساڵی ١٩٤٦ کۆماری مەهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد راگەیەنرا کە ماوەی نزیکەی ساڵێک بەردەوامبوو.

دامەزرانی کۆماری مەهاباد لە کوردستانی ئێران، رووداوێکی سیاسی– نەتەوەیی گەورەبوو لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، چونکە ئامانجی هەرەگرنگی ئەم نەتەوەیەی بەدی هێنا، کە ئەویش پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی سیاسی بوو، بۆیەش رەنگدانەوەی ئاستێکی بەرزی هوشیاریی نەتەوەیی و، لەهەمان کات، لێهاتوویی سیاسیی کورد بوو لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی توانی سوود لە هەلومەرجێکی

سیاسیی دیاریکراو وەربگرێ. بەڵام پەرەسەندنی رەوتی رووداوەکانی دواتر، پاشاگەردانیی لە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی هوشیاریی نەتەوەیی تۆمارکرد؛ ئەگەرچی ئەوساکەش نیشانەکانی بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە هەر لەئارادا مانەوە.

هوشیاریی نەتەوەیی، وەکو پێناسەمان کرد، بەرزترین ئاستی ئینتیمایە بۆ ئێتنۆس؛ ئەو ئاستە بەرزەش ئیرادەی پێکەوەژیان و یەکێتیەکی پتەوی ئەندامانی ئێتنۆس دەرەخسێنێ. بەڵام رووداوی لەناوچوونی کۆماری مەهاباد، هەروەکو رووداوەکانی پێش و پاش ئەویش، نە ئەو ئیرادەیە و نە ئەو یەکێتیە پتەوەی کوردی سەلماند – ئەگەرچی دواتر تروسکایی ئەم ئیرادەیە بەردەوام بەدی دەکرا، بەڵام هەندێ جار گەش و زوو زووش خامۆش دەبۆوە.

پرۆسەی ئێتنیکیی کورد، وەکو دەردەکەوێ، بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز بەرێوەچووە و هۆکاری جۆراوجۆر کاریان تیاکردووە بەرادەیەک کە ئیرادەی پێکەوەژیانی کوردیان تائەوپەری کزکردووە؛ ئەوەش شانبەشانی دابەشبوونی سیاسیی ئێتنۆسی کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا مەترسیی هەرەگەورەیە لەبەردەم بەئەنجام گەیشتنی پرۆسەی ئێتنیکیدا کە ئەویش دروستبوونی نەتەوەیە – واتە ئاستی هەرەبەرزی ئێتنۆس. هەرچەندە، وەکو بەدیدەکرێ، ئاستێکی شیاوی هوشیاریی نەتەوەیی و، هەروەها، مەعریفیی ئەندامانی ئەم ئێتنۆسە لە ئارادایە و هەستی پێدەکرێ، دەتوانین بریاربدەین کە پرۆسەی بە نەتەوەییبوونی کورد لە رەوتی خۆی نەکەوتووە، بەڵام لە هەمان کات پێوەستبوون بە کۆمەڵبوون و رێکخراوەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر (خێزان، بنەماڵە، خێڵ، ئاین و مەزهەب...) لە کۆمەڵگای کوردیدا بەگشتی هێشتا ئامادەگیی بەرچاوی هەیە؛ هەر لەسەر ئەو

بنچینەیەش ئێرنست گیلنەری پسپۆر لەم بوارەدا کوردی پۆلینکردووە لە ناو ئەو ئێتنۆسانەی (لە ناوەوە خێڵەکی و لە دەرەوە نەتەوە)[٨٣]، هەر ئەو بارەش، واتە دەور و کاریگەریی خێڵ و بنەماڵە، وای کردووە کوردناسێکی وەکو مارتن ڤان بروینسن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە کوردستانی باشوور، بە راستڕەو نەک چەپڕەو لە قەڵەم بدات – "هەرچەندە بنکە جەماوەرییەکەشی لە جووتیاران پێک هاتبوو و ئەمانە داخوازیی چینایەتییان هەبوو، بەم بۆنەیەوەش دەبوایە شۆڕشگێڕی چەپڕەو بوونایە "[٨٤].

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئارادابوونی فاکتی "نەتەوە "لای ئێتنۆسی کورد رەوتەکە بەرەو کامڵبوونی نەتەوەیی دەبات – واتە بەرەو دەوڵەت؛ ئەوەش لە رەوتە سیاسییەکەوە دەردەکەوێت کە ئەگەرچی ئامانجی "دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی " لە بزووتنەوە نەتەوەییە سیاسییەکانی کورددا، جارێ، بزرە و لەجیاتیی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم بەرزکراونەتەوە، بەڵام ئاراستەکە دیارە و بەرەو دەوڵەتی نەتەوەییە؛ بەم بۆنەیەشەوە تۆژەرێکی بەرزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج دەبلیو بوش دەڵێ: ئیمڕۆ ئۆتۆنۆمی، بەڵام سبەینێ دەوڵەتی سەربەخۆ – ئێمە هەموومان ئەوە دەزانین[٨٥].

---

(٨٣) ایرنست غیلنر؛ الامم و القومیة، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٠

(٨٤) مارتن فان بروینسن؛ الأغا و الشیخ و الدولة، البني الاجتماعیة و السیاسیة لکردستان ١. ترجمة: امجد حسین، معهد الدراسات الاستراتیجیة، بغداد– اربیل _ بیروت ٢٠٠٧، ص٢٢–٢٣

(٨٥) نادر ئینتیسار؛ ئێتنۆنەتەوایەتی کوردی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە – عەتا قەرەداخی، سلێمانی٢٠٠٣، ل٢٠٧

# نەتەوە و دەوڵەت

لە سەرەتای پێناسەکردنمان بۆ ئێتنۆسی نەتەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە نەتەوە " Nation پێشکەوتووترین شێوەی ئێتنۆسە"، چونکە مەعریفە و هوشیاری لەسەر بنچینەی کولتوورێکی هاوبەش و ئاست بەرزدا یەکێتییەکی پتەو دروست دەکات، ئەم پێکهاتەیەش پێویستی بە ئامێرێک دەبێت بۆ پاراستنی، کە ئەو ئامێرەش، خۆی لە یەکێتییەکی سیاسیدا دەنوێنێ - واتە دەوڵەت. کەواتە دەوڵەت، لێرەدا، مافێکی نەتەوەیی سروشتیی ئێتنۆسی نەتەوەیە و ئەندامەکانی هەمیشە بە ئامانجێکی نەتەوەیی "ستراتیجی"ی دادەنێن و خەباتی بۆ دەکەن - " ئایدیای دەوڵەت جێگەیەکی گرنگی گرتووە لە ناو خۆناسی و هوشیاریی نەتەوەییدا"[٨٦]؛ لەم روانگەیەوە بەقسەی ئێرنست گیلنەر "تەنیا لەسەر بنچینەی یەکبوونی ئیرادەی پێکەوەژیان و کولتوور و یەکیەتیی سیاسی دەکرێ پێناسەی نەتەوە بکرێ "[٨٧]. نە هەر ئەوە، دەوڵەت تەنیا هەر پارێزەری کولتوور نییە، بەڵکو دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڕای هەمان پسپۆر لە کارێکی تریدا، هەروەها پارێزەری ئابوورییە تازە و لاوازەکەشیەتی[٨٨].

---

(86) S.T.Kaltakhchyan; Marksistsko-Leninskaya Teorya Natsy I Sovrimennost .Moskva,1983,217

(٨٧) ایرنست جیلنر؛ ماهي الامة. دار الساقي، ص٣٧ هەمان سەرچاوە

(٨٨) ایرنست جیلنر؛ المجتمع الصناعي و مستقبل القومیة عموما. دار الساقي ص٦٣ هەمان سەرچاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت خۆی هەرگیز مەرجێکی حەتمی نییە بۆ هەبوونی نەتەوە؛[٨٩] نموونەی نەتەوەی زۆرمان لەبەردەست دایە کە بەو ئامانجە نەگەیشتوون یان لەدەستیان داوە – نەتەوەی پۆلۆنی ماوەی چەندین سەدە، تا کۆتاییی جەنگی جیهانیی یەکەم، ئینجا دووبارە بووەوە بە خاوەن دەوڵەت؛ سکۆتلاندییەکان لە ساڵی ١٧٠٢ وە دەوڵەتی خۆیان لەدەست دا و بوون بە بەشێک لە بریتانیا؛ نەتەوەی باسک لە ئیسپانیا، کۆرسیکی لە فەڕەنسا، سیسیلی لە ئیتالیا، کیوبیک لە کەنەدا... هتد تاکو ئێستاش لەپێناو سەربەخۆییدا خەبات دەکەن[٩٠].

جگە لەوەش، لە مێژوودا دەوڵەتی نەتەوەیی هەمیشە یەکڕەنگ نەبووە و تەواوی مەرجە نەتەوەیییەکانی لەخۆ نەگرتوون. ساڵی ١٧٨٩ تەنیا نیوەی دانیشتوانی فەڕەنسا بە زمانی فەڕەنسی قسەیان کردووە، لەمانەش تەنیا ١٣٪ فەرەنسیی پاراویان زانیووە، خەڵکەکەی تر سەربە دیالێکت و شێوەزاری جۆراوجۆر بووین[٩١]. کاتێک ئیتالیا ساڵی ١٨٦٠ بوو بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو تەنیا ٢،٥٪ لە دانیشتوانەکەی لە ژیانی رۆژانەیاندا زمانی ئیتالییان بەکار بردووە، بگرە هەندێ لە سەرکردە نەتەوەیییە هەرەناودارەکانی زمانی "نەتەوەیی "خۆیان نەزانیووە[٩٢]. دەوڵەتی عیراق، کە لە سەرەتای

(89) S.T.Kaltakhchyan .Ibd

(٩٠) ڤ. ڤ. ڤینۆگرادوۆڤ؛ مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەکردنی. د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ لە رووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. بەغدا ١٩٩١، ل٢٩-٣٠

(٩١) المجتمع العراقي...، ٢٠٠٦، ص٢٤١

(٩٢) هەمان سەرچاوە

سەدەی بیستەم دروستبوو، دانیشتوانەکەی نە یەک نەتەوە و نە یەک کۆمەڵەی سیاسی بوو؛ نەهەر ئەوە، بەڵکو بە قسەی حنا بطاطو تەنانەت عەرەبەکان خۆیان، کە زۆربەی دانیشتوانی عیراق بوون، پێکهاتبوون لە چەندین کۆمەڵگای جیاواز و دوور لە یەکتر - ئەگەرچی هەندێ سیمای هاوبەشیان هەبوو[٩٣]. بێگومان نموونەی تریش زۆرن، بەڵام هەموو ئەمانە رێگەمان دەدەن بڵێین: ئەگەر نەتەوە دەوڵەت دروست نەکات، ئەوا پێچەوانەکەی لە هەموو حاڵەتێک روو نادات - واتە دەوڵەت نەتەوە بەرهەم ناهێنێ؛ هەروەها ئەوەش کە دەوڵەت هەمیشە ناتوانێ باری یەکرەنگی لە ناو سنوورەکانی خۆیدا بخوڵقێنێ و سیما نەتەوەیی و ئێتنیکییە جیاوازەکان رەش بکاتەوە - " کولتوور لە دەوڵەتێکدا مەرج نییە نەتەوەیی بێت، دەوڵەتیش مەرجێکی پێویست نییە بۆ مانەوەی کولتووری تایبەت ".[٩٤]

بێگومان دەوڵەتی نەتەوەیی " ئابووریی نەتەوەیی " فەراهەم دەکات و ئەوەش دەوری باڵای دەبێ لە پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی، بەڵام نەتەوە پێش ئەوە بە گەڵاڵەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی و "لە هەلومەرجی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیی... "دا دروست دەبێ[٩٥]. کەچی لە رۆژگاری ئێستادا شتێک نەماوە بەناوی " ئابووریی نەتەوەیی"؛ وەکو ئێریک هۆبز باوم دەڵێ: بەهۆی شۆڕشی تەکنۆلۆگییەوە لە بوارەکانی گواستنەوە و پێوەندیکردندا، هەروەها ماوەیەکی دوورودرێژی گواستنەوەی ئازادانەی هۆکارەکانی

(٩٣) عبدالحليم الرهيمي؛ القومية والمجتمع. القومية مرض العصر... ص١٦٥

(٩٤) تودوروف ؛ نحن و الاخرون - النظرة الفرنسية للتنوع البشري. ترجمة: د. ربي حمود، المدي، دمشق ١٩٩٨ ص٢٠٣

(٩٥) ڤ. ڤ. ڤینۆگرادوۆڤ . هەمان سەرچاوە.

بەرهەمـهێنان لەسـەر رووبەرێکی بەرفـراوانی رووی زەویدا کۆمـەڵە و یەکـێتـیی گـەورەی دەوڵـەتە نەتەوەییـیـەکـان وەکو کـۆمـەڵـەی ئابووریی ئەوروپـی و گـەنجـینەی پارەی نێـودەوڵـەتی (صندوق النقد الدولي) لە سـسـتـەمی جـیـهـانیدا جێگەی ئابووریی نەتەوەییـیان گـرتووەتەوە... بەشی زۆری سـسـتـەمی پرۆسـە ئابـوورییـە جـیـهـانیـیـەکـان لە هەر کـۆنـتـرۆڵکردنێک بەدەرن – وەکـو بازاڕی دۆلاری ئەوروپی... تەنانەت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لە کـۆتاییی هەشـتـاکـانەوە دانی ناوە بەوەی کە وازی هێناوە لە بەشـێکی زۆری کۆنتـرۆڵی ئابووریی خۆی بۆ وەبەرهـێنەرانی بێگانـە... کـە دەتـوانن ئابـوورییـەکـە ببـوژێننەوە یان سـسـتی بکەن. هەرچی دەوڵەتانی بچووک و مـامناوەندییەکـانن، ئەوا هەرگیز بەڕادەی جاران سەربەخۆ نەماوون.[٩٦]

مرۆڤایەتی لە رەوتی مێژووی دوورودرێژیدا بەچەندین شێوە خۆی رێکخستووە و قۆناغ بە قۆناغ رێکخستنەکانی خۆیی گۆڕیوون: هەر لە شـاری دەوڵەتەوە تـا ئیمـپراتۆریا و، دواتریش، دەوڵەتی مـەرکـەزی کە وردەوردە وەرچەرخـا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و ئینجـا دەوڵەتی کۆلۆنیـالی – هەرهـەمـووشـیـان کـیـانی فـرەیی بوون و زۆربەی هـەرە زۆریان دەردەسـەریی "داواکـاریی کـەمـەنەتەوەیی "یان هەبوو؛ ئەوەش چونکە هەمـوو ئەو جـۆرە دەزگـایانەی دەسـەلات، واتـە دەوڵەت، نەیانتـوانی بەهای هـاوولاتیـبـوون، وەکو پێـویست، لە ناو سنوورەکـانی خـۆیاندا پراکتیک و بچەسپێنن – چونکە وەکو دەردەکەوێت: ئینتیمای ئێتنیکی و ناسنامەی نەتەوەییی خەڵک هەمیشـە بەهێزترە لە ئینتیمای مەدەنی،

---

(٩٦) اريك هوبز باوم؛ النزعـة القـومـيـة أواخـر القرن العشـرين. القـومـيـة مـرض العصر... ص٥٢-٥٣

واتە هاوولاتیبوون؛ یان بەقسەی ڤۆلتێر "... مرۆڤ هەمیشە مولْكی خۆیی خۆشتر دەوێ لە مولْكی گەورەی خۆی[٩٧]"، ئەمەش ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەكات سەبارەت بەوەی كە " ئەگەر سەدەی بیستەم سەدەی لەناوچوونی ئیمپراتۆریاكان بوو (عوسمانی، نەمساوی، جەرمانی، رووسی...) و هەروەها هەڵوەشانەوەی كیانە فرەنەتەوەییەكان (یەكێتیی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤیا، چیكۆسلۆڤاكیا...) – ئەوا سەدەی بیست و یەک سەدەی لەناوچوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێ... چونكە ئەم دەوڵەتانە جاران نەتەوەكانیان دەتواندنەوە، بەڵام ئێستاكە قڕیان دەكەن...(ئەم سەدەیە) سەدەی كەمایەتییەكان دەبێ، چونكە جیهانگەرایی (عولمە) لە پەراوێزیدا نەتەوە و گرووپی كۆمەلایەتیی وا دەهێلێتەوە كە تا دێ زێتر و زێتر تایبەتمەندییەكانی خۆیان جەخت دەكەنەوە و ناسنامەی خۆیان دەسەلمێنن ".[٩٨]

نەتەوە، ئەگەرچی سروشتی و خۆڕسكە، بەلام هەرگیز جاویدان و تاهەتایێ نییە؛ هەروەكو چۆن دەوڵەتیش كە شێوازێكی رێكخستنی كۆمەلایەتی و داهێنانی دەستی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بمێنێ، چی تر نابێ تاقە دەزگای دەسەلات بێ و بۆ ئەوەی دەوڵەتی هەمووان بێ نابێ كەسیان دابڕێ لە زاتی خۆیان، لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان، مۆركە ئێتنیكییەكانی هەمووان لەخۆبگرێ – ئەوەش رەنگە پێویستی بە داهێنانی شێوازی رێكخستنێكی جۆری تازە بێ كە شیاوی سەدەی بیست و یەک بێت.

---

(٩٧) تودوروف؛ نحن و الاخرون... ص٢٠٤

(٩٨) جوزيف ياكوب؛ مابعد الاقليات بديل عن تكاثر الدول. ترجمة حسين عمر، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء – بيروت، ٢٠٠٤ ص١٨-١٩

## کۆتایی

هەموو ئەوەی لە سەرەوەدا گوترا، جەختکردنەوە بوو لەسەر بایەخی تەوەری سەرەکیی باسەکەمان کە ئەویش جیاوازیی کۆمەڵبوونەکانی مرۆڤایەتییە لەسەر بنەمای مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکان – چونکە کۆمەڵبوونەکانی مرۆڤایەتی، لە زۆربەی حاڵەتەکان و بەگوێرەی ئاستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان، وەکو یەک یان لەیەک نزیکن، بۆیەش پێوەری جیاوازیی نێوانیان لایەنی ئێتنیکی، واتە نەتەوەیی، دەبێ. بواری ئێتنیکیش وەنەبێ بەتەنیا و دووربێ لە بوار و لایەنەکانی ترەوە، بەڵکو خۆی، واتە لایەنی ئێتنیکی، زادە و بەرهەمی دیاردە و هۆکارەکانی مێژوویی، جیۆگرافی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و گەلێکی ترە، دواتریش لەگەڵ ئەوان، پێکەوە، کاریگەریی دەبێ لەسەر کۆمەڵبوونە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتییەوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش زانستی ئێتنۆگرافیا سەری هەڵدا– واتە زانستێک دەربارەی میللەتان لە ڕووی پێناسەکردن، دەسنیشانکردنی مەرج و ماکە ئێتنیکییەکانیان، رەوتی مێژوویی دروستبوونیان، هەروەها دەربارەی هەموو دیاردە و توخم و پرۆسەیەکی نەتەوەیی کە کاریگەری و جێپەنجەیان بەسەر میللەت و نەتەوەکانەوە هەبێ. زانستێکی لەم جۆرە، کە لە وڵاتانی پەرەسەندوودا بەڕادەیەکی زۆر پێشکەوتووە، گرینگی و بایەخی گەورەی هەیە، چونکە کێشەی

نەتەوەیی، هێشتاش، رووبەرێکی بەرفراوانی رووی زەویی تەنیووە؛ مەسەلەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، خاکی نەتەوەیی، کولتوور و دەوڵەتی نەتەوەیی... ئێستاش هەر لە مەسەلە ئەکتوێل و هەنووکەییەکان دەژمێردرێن و لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بایەخی سەرەکییان هەیە؛ چ جای پێویستیی نەتەوەیەکی وەکو کورد بۆ ئەم زانستە... زێدەڕۆیی نابێ بڵێین نەتەوەی کورد، لەبەر ئاڵۆزیی کێشە نەتەوەییەکەی، زێتر لە هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینە پێویستی بە زانستی ئێتنۆگۆافیا هەیە – ئەویش بەمەبەستی:

- ناسینی خۆ و مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانی، زانینی بایەخ و ماف و ئەرکەکانی خۆ؛
- ناسینی بەها نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خۆ، ناسین و بەرزڕاگرتنی یەک بەیەکی توخمەکانی کولتووری نەتەوەیی؛
- تیگەیشتن لە رەوشی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێستاکەی خۆ؛
- ناسینی ئێتنۆسانی تر، نزیک و دوور، بەشێوەیەکی زانستییانە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن، مامەڵەکردن و دانانی هەڵوێستی راست بەرامبەریان.

**دەرئەنجامە هەرەگرنگی ئەم باسەمان:**

- هوشیاریی نەتەوەیی کە لەسەر بنەمای ئاستێکی شیاوی مەعریفە دەربارەی مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانی ئێتنۆس دروست دەبێ، دەبێتە بنچینە بۆ گەیشتن بە ئاستی ئێتنۆسی نەتەوە؛
- نەتەوە لە رەوتی گەشەکردنیدا ئاراستە سروشتییەکەی بەرەو دەوڵەتی نەتەوەییە؛

- ئینتیمای ئێتنیکی هەمیشە بەهێزترە لە هەستی هاووڵاتیبوون؛
- مێژوو و زانیاریی ئێتنۆگرافی و رەوتی رووداوەکانی سەردەم ئەوە دەسەلمێنن کە سەدەی بیست و یەک سەدەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەبێ.
- گرنگیی ئێتنۆگرافیا، بەتایبەتی، لەوەدایە کە زانستێکی پراکتیکییە، دەکرێ لە بوارەکانی ژیانی واقیعیدا بەکاربێ و دەرئەنجامی بابەتییانە وەدەست بێنێ؛

**سەبارەت بە رەوشی ئێتنیکیی کورد:**

- کورد لە سەرەتای چەرخی زاینییەوە خاوەن مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانە؛
- هەلومەرجی سروشتی و جیۆ- سیاسیی کوردستان، لە رۆژگاری ئێستادا، ئێتنۆسی کوردی پارچەپارچە کردووە و پێوەندی و کۆنتاکتی نێوانیانی سنووردار کردووە؛
- ئێتنۆسی کورد ئەگەرچی کیانێکی سیاسیی یەکگرتووی نییە، بەڵام یەکێتییەکی روحی و مەعنەویی هەیە کە خۆی لە هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامانی ئەو ئێتنۆسەدا دەنوێنێ؛
- کورد لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە چالاکیی سیاسیی سەردەمانەی نواندووە و زێتر لە سەدەیەکە خاوەن بزاڤی سیاسی - نەتەوەییە؛
- لە رەوتی ئەم بزاڤەیدا پرۆسەی وەرچەرخانی کورد بۆ ئێتنۆسی نەتەوە دەستی پێ کردووە؛
- ناوەرۆک و ئامانجی سەرەکیی بزاڤی سیاسی- نەتەوەیی کورد دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیییە.

# سەرچاوە

## بە زمانی کوردی

١- د. زەرێ یوسوپۆڤا؛ شێوەی سلێمانی زمانی کوردی؛ وەرگێرانی لە زمانی رووسییەوە: د. کوردستان موکریانی. لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥،
٢- تۆفیق وەهبی؛ موناقەشە و رەدی ئەو فیکرانەی لەبابەت مەنشەئی شەیتانپەرستی یەزیدییەکانەوە. گەلاوێژ ژمارە (١) بەغدا ١٩٤١
٣- تۆفیق وەهبی؛ لەناوچوونی مادەکان کردارەکی دین بوو. گەلاوێژ، ژمارە (٨)، بەغدا،١٩٤١
٤- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی؛ نەژادی کورد - رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد. رەشاد میران لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی. چاپی ٢، هەولێر٢٠٠٠،
٥- عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی؛ محمدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، بەرگی هەشتەم، بەغدا- ١٩٨١،
٦- عبدالرزاق بیمار؛ پەخشانی کوردی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - زنجیرەی (٣١٤)، بغداد ١٩٩٨،
٧- د. رەشاد میران؛ رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا. چاپی ٢، کوردستان٢٠٠٠، کتێبی سەنتەری برایەتی
٨- د. رەشاد میران؛ دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتیدا. گۆڤاری (زانکۆ) ژمارەی تایبەت بە کۆنگرەی سێیەمی زانستیی زانکۆی سەلاحەدین ساڵی ١٩٩٧، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨
٩- د. رەشاد میران؛ کورد و هەکاری و کەرکووک.سەنتەری برایەتی ٢٠٠١/٢٠، هەولێر

١٠- کارنامەی ئەردەشێری بابەکان؛ وەرگێڕان و لەسەر نووسینی شاسوار خ. هەرشەمی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠،
١١- ی. ئی. ڤاسیلیەڤا؛ کوردستانی خوارووی رۆژهەلات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و بابان). وەرگێرانی لە رووسییەوە – رەشاد میران، هەولێر ١٩٩٧
١٢- ڤ. ڤ. ڤینۆگرادوۆڤ؛ مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەکردنی. د. عیزەدین مستەفا رەسوولّ لە رووسییەوە وەریگێراوەتە سەر کوردی. بەغدا ١٩٩١
١٣- نادر ئینتیسار؛ ئێتنۆنەتەوایەتی کوردی. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە – عەتا قەرەداخی، سلێمانی٢٠٠٣
١٤- پرۆفیسۆر د. لیژەک ژیگیل؛ کۆمەلّی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی. کتێبی سەنتەری برایەتی، هەولێر ١٩٩٩
١٥- ژاکلینا سوورینەڤنا موسەیلیان؛ هەندێ بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبکارەڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی. لە کتێبی: چەند وتارێکی کوردناسی. ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسسەوە کردوونی بە کوردی، پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون. سلێمانی (بنکەی ژین) ٢٠٠٨

## بە زمانی عەرەبی

١٦- باسيل نيكيتين؛ الكرد – دراسة سوسيولوجية و تاريخية. ترجمة الدكتور نوري طالباني. ط٣، أربيل٢٠٠٤
١٧- زبير بلال اسماعيل؛ تاريخ اللغة الكردية. بغداد ١٩٧٧
١٨- طه حسين؛ أسلاميات (الفتنة الكبري، علي و بنوه). دار الاداب – بيروت گ١ ،١٩٦٧
١٩- أبي عبدالرحمان جمال؛ سيرة الحجاج بن يوسف الثقفي، ما له وما عليه. بيروت ٢٠٠٤
٢٠- فريدريك انجلز؛ أصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة. ترجمة الدكتور فواد أيوب، بلا مكان الطبع و التاريخ

٢١- بروملیه، بودولني؛ الاثنوس و التأريخ، ترجمة طارق معصراني، موسكو دار التقدم، ١٩٨٨

٢٢- الدكتور عزالدين مصطفى رسول؛ احمدي خاني ١٦٥٠-١٧٠٧، شاعرا و مفكرا، فيلسوفا و متصوفا. بغداد١٩٧٩

٢٣- الدكتور جمال رشيد احمد؛ دراسات كردية في بلاد سوبارتو؛ بغداد ١٩٨٤

٢٤- د. مصطفى جواد؛ جاوان القبيلة الكردية المنسية و مشاهير الجاوانيين. بغداد ١٩٧٣،

٢٥- المير اسماعيل علي؛ السلالات البشرية. بيروت، ١٩٨٢،

٢٦-. ايرنست غيلنر؛ الامم و القومية. ت. د. مجيد الراضي، المدى، دمشق ١٩٩٩

٢٧ - عبدالرقيب يوسف؛ الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. الجزئ الاول، بغداد ١٩٧٢

٢٨- جان كوبان؛ المسح الاثنولوجي الميداني. ترجمة: جهيدة لاوند. معهد الدراسات الاستراتيجية -العراق ٢٠٠٧

٢٩- القومية مرض العصر أم خلاصه؟ أعده للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي ١٩٩٥

٣٠- المجتمع العراقي - حفريات سوسيولوجية في الاثنيات و الطوائف و الطبقات؛ مجموعة المؤلفين، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد ٢٠٠٦

٣١- مارتن فان بروينسن؛ الأغا و الشيخ و الدولة، البنى الاجتماعية و السياسية لكردستان ١. ترجمة: امجد حسين، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد- اربيل - بيروت ٢٠٠٧

٣٢- تودوروف؛ نحن و الاخرون - النظرة الفرنسية للتنوع البشري. ترجمة: د. ربى حمود، المدى، دمشق١٩٩٨

٣٣- جوزيف ياكوب؛ مابعد الاقليات بديل عن تكاثر الدول. ترجمة حسين عمر، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء - بيروت، ٢٠٠٤

٣٤- مشيحا زخا؛ كرونولوجيا اربيل. ترجمة و تعليق: عزيز عبدالاحد نباتي .ط١، منشورات ئاراس، أربيل٢٠٠١

### به زمانی رووسی


35- U.V.Bromley, G.E.Markov; Etnografya, Moskva , 1982.

36- S.A.Tokarev; Istorya Zarobejhnoy Etnografi ,Moskva,1978.

37- U.V.Bromley, G.E.Markov; Etnografya , Moskva , 1982.

38- M.V.Krukov,E.Zelnov;Svod Etnografichiskikh Ponyatey I Terminov; Moskva,Nawuka1988.

39- U.V.Bromley; Ocherki Teori Etnosa; Moskva, Nawka,1983

40- Z.A.Yusupova ;Kurdski Dialekt Avramani .Moskva,Vostochnaya Literatura RAN,2000

41- F .R .Its; Vvedenye V Etnografyu ,Leningrad1974,

42- U.V.Bromley; Sovremenniye Problemi Etnografi, Moskva(Nawuka),1981.

43- A.E .Pershits, D.Trayde ; Svod Etnografichiskikh Ponyatey I Terminov ; Moskva .Nawuka,1986,

44-V.E.Kozlov ; Problema Etnichiskovo Samosoznanya ; Sovetskaya Etnografya, 2/1974.

45- N.N.Chiboksarov, E.A.Chiboksarova; Narodi, Rasi, Kulturi; Moskva, Nawka,1985.

46- Marr,N.Ya.; Esho o Slove –Chelebi– (K Voprose o Kulturnom Znachenye Kurdiskoy Narodnosti V Istori Peredney Aziy) .V kn:. Zapiski Vostochnovo Otdela Empiratorskovo Russkovo Arkeologichiskovo Obshestva .T.xx,SPB,1912.

47- V.P.Berkov; Yazikovoe Polojenye v Narvegi ;V kn–. Isledovanya v Yazikoznanye e Etnografye- Yazik E Etnos .Leningrad, Nawka, 1983.

48- S .A.Arutunov ; Etnichiskye Protsesy I Yazik– ..Rasy I Narodi– ,15/1985,Nawka,Moskva,1986

49- Vsemirnaya Istorya ; .III .Moskva, 1957.

50- S.A.Artanovski ;Hekotori Problemi Teori Kulturi .Leningrad,1977.

51-V.E.Kozlov; O Nekotorikh Metodologichiskikh Problemakh Izuchenya Etnichiskoy Psikhologi ; Sovetskaya Etnografya, 2/1983.

52- K.K.Kurdoev ;–Kurdi–, v kn– .Narodi Predney Aziy–, Moskva,1957
53- S.A.Arutunov ; Narody I Kuktury, Razvitey I Vzaymodeyctvye. Mockva,Nawka,1989.
54- U.V.Bromley,C.I.Bruk,P.I.Puchkov;Etnichskiye protsesi v sovrimennom mire.Moskva,Nawuka,1987
55- V.P.Alekseev; Etnogenez.Moskva,1986
56- Vsemirnaya Istorya,□',Akademya Nawuka SSSR,1956,
57- Kitab Karnamai Ardasheri Papkan" Prevod na Ruski Yazik – U.M.Chunakova .Moskva,1987.
58- S.T.Kaltakhchyan; Marksistsko-Leninskaya Teorya Natsy I Sovrimennost .Moskva,1983
59- E.A.Smirnova,K.P.Ayubi; Istoriko-Dyaloktologichiskovo Gramatika Kurdiskovo Yazika .Sankt-Peterburg(Nauka)1999.
60- Bayazidi,Mala Mahmud; Nravy e Obychay Kurdov .Perev.,Premech., Preloj :.M.b .Rudenko .M , ١٩٦٣.

**بەزمانی ئینگلیزی**

61- Driver G.R.; The name –Kurd– and its philological connexions. JRAS,1923,ch III
62- Longrigg S.H.; Four Centuries of Modern Iraq .Oxf ٥ ١٩٢ .
63- Wahby,Taufiq .The Remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan, ankd its
Traces in Yazidism .The Yazidis are not Deavil Worshippers .London, 1962
64 - Kurdish Artifacts from the Nationag Museum of Georgia; Dimitri Pirbari, Lamara Pashaeva, Eldar Nadiradze.Tblisi- Moskva 2007
65-Hanny H.H.;The Kurdish Womans Life .Kobenhaven,1961
66- Dr.Jamal Rashid Ahmad; The Historical Roots of the National Name of the Kurds .Kurdistan Academic Press .Erbil,2006
67- Ake Daun ; Svensk Mentalitet ; Simrishamn (Sweden)1989

# پێڕست


پێشەکی ..... 5
ئێتنۆگرافیا – گرنگی و دەور و بایەخی ..... 7
چەمک و زاراوەکانی زانستی ئێتنۆگرافیا: ..... 12
– ئێتنۆس ..... 12
– کولتوور ..... 13
– مەرج و مۆری ئێتنیکی ..... 13
– پرۆسەی ئێتنیکی ..... 14
– پرۆسەی مێژوویی ..... 14
– گرووپەی ئێتنیکی ..... 14
– ئێتنۆسێنتریزم ..... 15
– میللەت ..... 15
– نەتەوە ..... 16
– خۆناسیی ئێتنیکی ..... 16
– هوشیاریی نەتەوەیی ..... 17
– دایکسالاری ..... 18
– باوکسالاری ..... 18
– ئێگزۆگامیا ..... 18
– ئیندۆگامیا ..... 19
کورتەیەکی مێژووی دروستبوون و گەشەکردنی ئێتنۆگرافیا ..... 20
بنەما فیکری و هزرییەکانی ئێتنۆگرافیا ..... 24
– ڕێبازی گەشەکردن ..... 24
– ڕێبازی بڵاوبوونەوە ..... 27
– ڕێبازی وەزیفی ..... 29
– ڕێبازی مارکسی ..... 30
– ڕێبازی بنیاتگەری ..... 32

سەرچاوەکانی ئێتنۆگرافیا و میتۆدی کارکردنی 35
کورد و ئێتنۆگرافیا 38
ئێتنۆس و کۆمەڵگا 45
– ناوی ئێتنیکی (ئێتنۆنیم) 46
– زمانی هاوبەش 51
– خاکی هاوبەش 55
– مێژووی هاوبەش 57
– کولتووری هاوبەش 58
– سایکۆلۆجیای هاوبەش 60
ڕێبازەکانی دابەشکردنی میللەتان 62
– ڕێبازی جیۆگرافی 62
– ڕێبازی ئەنترۆپۆلۆگی 65
– ڕێبازی زمان 67
– ڕێبازی کۆمەڵایەتی – کولتووری 73
مێژووی ئێتنیکی 76
ئێتنۆگنێزی کورد 79
– ئێتنۆسانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیا 80
– ماد و پارس 81
– کاردۆخ و هەکاری 83
– کاردۆ و کەرکووک 85
– کرد – کورد 86
ئێتنۆسی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا 89
میرنشینی – یەکەمین کیانی ئێتنیکی – سیاسیی کورد 92
هوشیاریی نەتەوەیی کورد 94
نەتەوە و دەوڵەت 98
کۆتایی 103